# هەنگاو بە هەنگاو

# بەرگی چوارەم

Second Step, grade 4

Third edition
www.cfchildren.org

هەنگاو بە هەنگاو - بەرگی چوارەم

Second Step, grade 4

Third edition

©2002 Committee for Children, USA

www.cfchildren.org

تەرجەمەکردنی کۆمەک 2005 www.komak.nu

مشتومالّدانی زمان و ڕێنووس: مامۆستایانی فێرگەی برادۆست:
ئاسۆ عومەر خدر و عەبدولّا عەبدولڕەحمان عەبدولّا

# بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

**دەربارەی بەشی یەکەم**

مەبەستی ئەم بەشە گەشەدانە بە توانای هاوسۆزی لای منداڵ. هاوسۆزی ڕیشاڵێکی سەرەکییە لە گەشەپێدانی ڕەفتاری چاکی و توانای چارەی کێشەی نێوان خەڵکدا. ئەو منداڵەی هەست دەرک دەکات مەیلی دڕیی کەمترە، باشتر جێی خۆی لە نێو خەڵکدا دەکاتەوە و توانای گشتیی چاکیی باشترە. منداڵێک توانای هاوسۆزیی بەرز بێت ئەم خاڵانەی پێ دەکرێت:

1- **دیاریکردنی هەست.** ئەمیان بریتییە لە:

- ناسینەوە و ناوهێنانی هەستی خۆ لە ڕێی سەرنجدانە سەرەداوی فیزیکی و دۆخەکی.
- ناسینەوە و ناوهێنانی هەستی بەرانبەر لە ڕێی سەرنجدانە سەرەداوی فیزیکی، زارەکی و دۆخەکی.
- جوداکردنەوەی هەستەکان لە یەکتر.

2- **وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر.** واتە: خۆ-خستنە-جێی-بەرانبەر. ئەمیان بریتییە لە:

- پەیبردن بەوەی دەشێت مرۆڤی جیاواز بۆچوون و هەستی جودایان هەبێت دەربارەی هەمان دۆخ.
- بتوانێت ڕوانگە و دیدی کەسی بەرانبەر دەرک بکات.

3- **وەڵامدانەوەی بەسۆزانەی بەرانبەر.** ئەمیان بریتییە لە:

پێشاندانی هاوخەمی و پەرۆشی.

## خاڵی سەرەکی

### چەمکی زمانەکی

لەم بەشەی یەکەمدا ئەو چەمکانە دێنە بەرباس کە پەیوەستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و وردن. زۆربەی وانەکان لەسەر بنەمای چەمکی زارەکیی وەها هەڵنراون کە یاریدەر بن بۆ دەربڕینی ئاڵۆزیی هەست.

### دیاریکردنی هەست

دیاریکردنی هەست، هەم لای خۆ و هەم لای بەرانبەر، بنەمای هاسۆزییە و کارئاسانی بۆ بەشەکانی داهاتوو دەکات. بەبێ پەیبردن بە هەستی بەرانبەر، هیچ هاندانێک لە ئارادا نابێت، نە بۆ چارەی کێشەی چڤاکی و نە بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی. سەرەداوی زارەکی، فیزیکی و دۆخەکی یارمەتیی منداڵ دەدەن هەست دیاری بکەن. لەم بەشەدا بابەتەکان پێک دێن لە سەرنجدانە نێو لەشی خۆ، سەرنجدانە وێکچووەکان و جوداوازییەکان، گەیاندنی هەستەکان، دەرککردنی هەستەکان و دەربڕینی پەرۆشی.

### وانەکانی بەشی یەکەم

1- **وانەی یەکەم:** دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی – سەرنجێکی گشتیی هونەرەکانی هاوسۆزی، بۆ نموونە: دیاریکردنی هەست، گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر و پەرۆشی.

2- **وانەی دووهەم:** خواستی مرۆڤ و هەستی ناکۆک – پەیبردن بەوەی خەڵک هەستی ناکۆک و خواستی جودایان هەیە و دەشێت بەدەم کاتەوە بگۆڕێن.

3- **وانەی سێهەم:** دیاریکردنی هەستی بەرانبەر– بەکارهێنانی نیشانەگەلی فیزیکی و زارەکی بۆ دیاریکردنی هەستی بەرانبەر.

4- **وانەی چوارەم:** وێکچوون و جوداوازی – پەیبردن بەوەی دەشێت خەڵک بەرانبەر هەمان دیاردە هەستی جودایان هەبێت.

5- **وانەی پێنجەم:** دەرککردن – تێگەیشتن لەوەی چۆن و بۆچی خەڵک دەرکیان بۆ هەمان بابەت جودایە.

6- **وانەی شەشەم:** مەبەست – وریابە، مەبەستی نەیارانە مەخە ڕوو.

7- **وانەی هەفتەم:** دەربڕینی پەرۆشی – پەرۆشیی خۆت پێشان بدە.

کاتێک وانەکان ئامادە دەکەیت، کات تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تاکوو بتوانیت دۆخەکان لەگەڵ ئەزموونی فێرخواز ساز بکەیت. گەر پێویست دەکات باسەکانی ڕۆڵوازیی نێو کارتەکان کۆپی بکە بۆ ئەوەی فێرخواز بەکاریان بهێنن.

**چەمکی زمانەکی**

دانوستاندن دەربارەی هەستەکان ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پێشخستنی هاوسۆزی و تواناکانی دیکەی پێویست بۆ چارەی کێشە (کتێبی Spivack and Shure، چاپی 1974). چەمکی زمانەکیی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە هەر وانەیەکی بەرنامەکەدا دەستنیشان کراون. دەشێت بەشیک لە وشەکان نوێ نەبن، بەڵام دوور نییە واتای تازەیان هەبێت. چەمکی زمانەکیی سەرەکی بریتین لە:

- پەیوەستەی «وێکچوو - جودا» یارمەتیی منداڵ دەدات هەست و خواستی بەرانبەر دەرک بکات.
- پەیوەستەی «ئێستا - پاشان»، «پێش - پاش» و «بەشێک – هەموو» یارمەتی منداڵ دەدەن سروشتی گۆڕانکاریی سۆز دەرک بکەن. هەلومەرج، ڕسکان و زانینی زیاتر دەبنە هۆکاری گۆڕینی هەست و خواست.

- پەیوەستەی «بۆچی – لەبەر ئەوە» دەکەینە هاندەرێک بۆ بیرکردنەوەی ئەنجامبەندانە. تێگەیشتنی «هۆ و ئەنجام» مەرجە بۆ بڕیاری دروست.
- وردبوونەوە لە دەرک و دیدی بەرانبەر دەبێتە ڕاهێنان بەرەو وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر.
- منداڵ گەر بزانێت بەرانبەر بێمەبەست، نەک مەبەستکرد، ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ کردووە، کەمتر مەیلی دڕیی دەبێت.
- دەربڕینی پەرۆشی توانایەکی گرنگی دانوستانە.

## لیستەی چەمکەکانی بەشی یەکەم

ڕووداوی بێمەبەست، داوای لێبوردن، بۆیە، نیشانە، ناکۆکی، پەشێو، جودا، ناکام، سۆز، دەربڕینی پەرۆشی، دەربڕینی ڕوخسار، بەمەبست، بازدان بۆ دەرهاویشتە، ئێستا – پاشان، ڕوانگەگرتن، بۆچوون، خواست، توانج، ڕێسا، وێکچوو – جودا، وێکچوون، دۆخ، بەشێک – هەموو، سەرسوڕماو، بێمەبەست.

### سەرچاوە

Spivack, G., and Shure, M. B. (1974). *Social Adjustment of Young Children: A Cognitive Approach to Real-Life Problems.* San Francisco: Jossey-Bass.

## گواستنەوەی زانیار

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار کە لە سێ بەش پێکهاتووە لە **ڕێنامەی مامۆستا**دا بەکاربهێنە بۆ یارمەتیدانی فێرخواز لە گشتاندنی تواناگەلی هاوسۆزیدا.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ».** لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتیی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، لێی بپرسە:

- **لە چ بارێکدا بۆچوونی جودامان دەبێت؟** (کاتێک باس لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ دەکەین).
- **کەی دەشێت پەرۆشی دەرببڕن؟** (کاتێک هاوڕێیەک لە نمرەکانی خۆی دڵشکاوە).
- **لە چ بارێکدا هەستی ناکۆکمان لە لا دروست دەبێت؟** (کاتێک ڕزگارت دەبێت لەوەی ناچار بیت هۆنراوەکەت بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە، بەڵام دڵشکاویشیت لەوەی تۆ خەڵات نەکرایت، ئەوانەی خوێندیانەوە خەڵات کران).

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** لە ماوەی ڕۆژەکەدا، زۆر دەرفەتی سروشتی دێنە پێش بۆ بەهێزکردنی ڕەفتار. ئەمانەی خوارەوە نموونەن لە هاندانی فێرخوازانە بۆ بەکارهێنانی تواناگەلی هاوسۆزی:

- بە بۆچوونی تۆ لەوەند هەست بە چی دەکات؟ بە چیدا دەزانیت لەوەند تووڕەیە؟ مۆڕە دەکات و قۆڵی لەیەک ئاڵاندووە. (دیاریکردنی هەست).
- ژینۆ هەستی بە خەمباری دەکرد. پاشان تۆ بانگت کردە یارییەکەوە. دەبێت ئێستا هەستی چۆن بێت؟ (هەستگۆڕین).
- دانا، بە بۆچوونی تۆ بارام بۆچی بزەی دێت؟ (هۆ و ئەنجام).

**«یادی ئەمڕۆ».** داوا لە فێرخوازان بکە باس لەو دۆخانە بکەن کە هونەری دیاریکراویان تێدا بەکارهێناوە:

- کێ هەستی بە سەرسوڕمان کردووە؟ بۆچی هەستت بە سەرسوڕمان کرد؟
- کێ هەستی بە خۆشی کردووە لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا، دەست هەڵبڕێت.
- کێ لە کۆبوونەوەکی ئەمڕۆدا هەستی هاتە گۆڕین، دەست هەڵبڕێت.

- کێ ئەمڕۆ، کاتی کۆبوونەوەکە و کاتی فراڤین (ژەمی نیوەڕۆ) هەمان هەستی هەبووە، دەست هەڵبڕێت.

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتیی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**تێبینی دەربارەی گەشەسەندن**

**پێناسە و بابەتی گرنگ**

هاوسۆزی لە منداڵدا بریتییە لە چەندین توانای پەیوەندیداری وەک ناسینەوەی هەستی خۆ و هەستی بەرانبەر، تێگەیشتنی هۆکارەکانی هەست و هەروەها وەڵامدانەوەی هەستی بەرانبەر بە شێوەیەکی کارامە. بەهای فەرهەنگی کار دەکەنە سەر چۆنێتیی دەربڕینی هاوسۆزی، لەبەر ئەوە دەشێت گەشەی تواناگەلی هاوسۆزی لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێک جودا بێت.

سەرەتای خوێندنی دواسالانی پلەی بەرایی منداڵ دەتوانێت:

- هەست دیاری بکات.
- هۆکارەکانی هەست تێبگات.
- ڕوانگەی بەرانبەر بگرێت.

لە ماوەی دواسالانی پلەی بەرایی:

- منداڵ ئاشنای هەستی ناسکی وەک نیگەرانی و هەستی تێکەڵ دەبن.
- منداڵ بەر لە لۆمە باشتر مەبەستی بەرانبەر ڕەچاو دەگرێت.
- منداڵ هەیە تواناگەلی هاوسۆزیی لە لا کز دەبێتەوە.

## گرنگیی ئەم بەشە

کزیی ئاستی هاوسۆزی دەبێتە مایەی زیادبوونی دڕیی فیزیکی، ناتەبایی، لاوازیی لە خوێندندا و بەگشتی لاوازیی گەشەکردنی جڤاکی و هەستەکی. ئەم لاوازییە تەمەنی هەرزەکاریش دەگرێتەوە.

## چالاکیی دیکە

ئەم خاڵانە پێشنیازن بۆ تێکبەستنی بابەتەکانی بەشی یەکەم و بابەتی دیکە:

1. «گەڕیانەلیست» بۆ هەست ساز بکە و پۆلەکە هان بدە تا ڕستەی زیادی بخەنە سەر، بۆ نموونە تۆ بنووسە «من هەست بە شەرمەزاری دەکەم کاتێک ...».
ئەوجا داوا لە فێرخوازان بکە ڕستەکە تەواو بکەن. (زمان و هونەر).
[«گەڕیانەلیست» running list لیستەیەکە دەگەڕێت لە نێو پۆلدا].

2. داوا لە فێرخوازان بکە ژمارەی ئەو جارانە تۆمار بکەن کە ئەندامانی خێزان یاخود هاوڕێکان هەستێکی دیاریکراو لە ماوەی هەفتەیەکدا پێشان دەدەن. ئەنجامەکان بە هێڵکاری پێشان بدە. (ماتەماتیک، هونەر)

3. کتێبێک دەربارەی فریوی نیگاکاری optical illusion پەیدا بکە. وێنەی هەمەجۆر و لێکدانەوەی فێرخوازان بەکاربهێنە بۆ پێشاندانی گۆڕانی ڕوانگە. (زانست، هونەر)

4. داوا لە فێرخوازان بکە گەمەی «وشەوازی» بکەن. بە جوتێک فێرخوازی دڵخواز دەست پێ بکە. وشەیەکی هەست، وەک «سەرسوڕمان»، بە گوێی فێرخوازێکیاندا بچرپێنە. داوا لەو فێرخوازە بکە نیشانە و سەرەداو پێشان بدات، فێرخوازی بەرانبەر هەوڵ دەدات وشەکە هەڵبێنێت. بۆ نموونە دەشێت فێرخوازەکە بڵێت، «ساکاویت، لەوە دەچێت سەرت سووڕمابێت». (هونەرگەلی زمانەکی، بیری ورد)

5. بابەتێک هەڵبژێرە بۆ فێرخوازان گفتوگۆی لەسەر بکەن. داوایان لێ بکە لایەنێک بگرن و بەڵگە بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنە ساز بکەن. پاشان داوایان لێ بکە لایەن بگۆڕن. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان، بیری ورد)

6. ئەم چالاکییە فێرخوازان هان دەدات وێکچوون و جوداوازی دیاری بکەن. سەرەتا، داوا لە فێرخوازان بکە وەڵامی ئەم دەستەواژانە بدەنەوە. پاشان، داوایان لێ بکە ئەنجامەکانی پۆلەکە بە ڕێژە دەرببڕن (بۆ نموونە، 8/24 یاخود 1/3 ی فێرخوازان بەستەنی- یان پێ خۆشترە لە نەستەلە)

- ئەوەی بەستەنی لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارەوە. ئەوەی نەستەلەی لە لا خۆشە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.
- ئەوەی وانەی ماتەماتیکی لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارە. ئەوەی وانەی زمانی لە لا خۆشترە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.
- ئەوەی گەمەی نێو بەفری لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارە. ئەوەی گەمەی نێو ئاوی لە لا خۆشترە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.

**7.** پارچەی گەورەی پەڕەی وێنەکێشان دابەش بکە و داوا لە فێرخوازان بکە پەڕەکە دوو جار بە نیوەیی بنوشتێننەوە تاکوو چوار بەش دروست دەکەن. کارتێکی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»، کە هەست دەنوێنێت، پێشانی فێرخوازان بدە. داوایان لێ بکە ئەو هەستە، بە شێوەکاری - واتە بە هێل و ڕەنگ - بکێشن. نابێت وێنەیەکی وەک وێنەی کارتەکە بکێشنەوە. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ وێنە کارتەکانی دیکە دووبارە بکەوە هەتا فێرخوازان هەر چوار بەشی پەڕەکە پڕ دەکەنەوە. نابێت هیچ لە هێڵکارییەکان نیشانە بکرێت. پاشان داوا لە فێرخوازان بکە وێنەکان لەگەڵ هاوبەشێکدا بگۆڕنەوە و هەوڵ بدەن بزانن هەر وێنەیەک وێنای کامە هەست دەکات. دەتوانیت پەرە بەم چالاکییە بدەیت و کاری هونەریی ناودار، کە وێنای هەستی جودا دەکات، پێشان بدەیت و داوا لە فێرخوازان بکەیت ناوی هەستەکان بدۆزنەوە. (هونەر).

**8.** کلیپێکی کورت هەڵبژێرە، کەسایەتییەکی تێدا بێت هەستی بەهێز پێشان بدات. چەندین جار کلیپەکە پێشان بدە. داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی هەستی ئەکتەرەکە، نیشانەکانی هەستەکە و باردودۆخ بنووسن. (هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

**9.** بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەریی بارودۆخ لەسەر دیدی خەڵک، داوا لە فێرخوازان بکە لە چەند نووسراوێک ورد ببنەوە کە لە ڕوانگەی جوداوە باس لە ڕووداوێکی تایبەتی مێژوو دەکەن. (زمان، لێکۆڵینەوەی جڤاکی، بیری ورد)

**10.** ئەم ڕاهێنانە بۆ دەرخستنی توانای سەرنجدانە. سەبەتەیەک پرتەقاڵ بهێنە نێو پۆل. پرتەقاڵەکان بەسەر بازنەیەکی 10-12 فێرخوازدا دابەش بکە. پاش ئەوەی هەر فێرخوازێک «ئاشنای» پرتەقاڵەکەی خۆی بوو، پرتەقاڵەکان بخەوە نێو سەبەتەکە. ئەم جارە دانە دانە پرتەقاڵەکان بگێڕە بە نێویاندا. ئەوەی

پرتەقاڵەکەی خۆی ناسیەوە گلی بداتەوە، هەتا هەموویان پرتەقاڵی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوجا بپرسە:

- چۆن پرتەقاڵەکەت ناسیەوە؟
- ئایا پاش وردبوونە لە پرتەقاڵەکە مامەڵەت بەرانبەری گۆڕا؟ (سروشتناسی، بیری ورد)

**11.** داوا لە فێرخوازان بکە وێنەی هەستراگەیەن لە گۆڤار و ڕۆژنامە دەربکەن (بۆ نموونە، پڵنگێک دەنەڕێنێت «تورەیە»). فێرخواز وێنەکە دووکەرت بکات و خۆی وێنەی کەرتەکەی دیکەی بکێشێتەوە. (هونەر)

**12.** لە کتێبی وانەی جڤاتناسی باسێک دیاری بکە فێرخوازان لێی ورد ببنەوە و بیکەنە ڕۆڵوازی. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، دراما)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### وانەی یەکەم: دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی

## چەمک

- گفتوگۆی نێو گرووپ پێویستی بە ڕێسایە.
- دەشێت خەڵکی جودا، بەرانبەر هەمان بابەت، هەستی جودایان هەبێت.
- هەست هەتا سەر یەک جۆر نییە، دێتە گۆڕێن.

چەمکی زمانەکی: ڕێسا، توانج، وێکچوو - جودا، هەست.

## ئامانج

فێرخوازان دەبێت:

- ڕێساگەلی ڕەفتاری نێو پۆل داڕێژن.
- تێبگەن لەوەی خەڵک هەیە بەرانبەر هەمان دۆخ هەستی جودایان هەیە.
- هۆی گۆڕانی هەست بەرانبەر دۆخێکی تایبەت دەرک بکەن.

## پێداویستی

- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- نامەیەک بۆماڵەوە، ژمارە 1، دەروازەیەک ڕووەو «هەنگاو بە هەنگاو»: دەربارەی ڕێبەستن لە توندوتیژی.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە بە دانانی ڕێسا دەست پێدەکات. پاشان باس لە هاوسۆزی دەکرێت، کە بناخەی بەرنامەکەیە. منداڵان لە جوداوازیی هەست و چۆنێتی گۆڕانی هەست ورد

دەبنەوە. جار هەیە دڵتەنگی دەبێتە هۆکاری کێشەی گەورە و دەگاتە هاندانی خۆکوشتن لای هەرزەکاران.

پرسیاری ڕێنوێن ئامادە کراون بۆ «بیرۆکەبارانە» ی ڕێساکان. بۆ ئەوەی فێرخواز پتر هۆگری ڕێساکان ببن ڕێگەیان بدە خۆیان گەشە بە ڕێساکان بدەن. ئەگەر زووتر ڕێسای نێو پۆلتان دیاری کردووە، لەم دەرفەتەدا هەڵیان سەنگێنە.

هانی منداڵان بدە گۆڕانی هەستەکانی خۆیان بناسێنن. منداڵ لە هەستەکانی خۆی دەدوێت و ئەمەش دەبێتە دەرفەتێک بۆ بنیاتنانی ڕێز لەخۆگرتن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمساڵ بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی فێربین چۆن باشتر جێگەی خۆمان لە نێو خەڵکدا بکەینەوە. باس لە هەستی خۆمان و هەستی بەرانبەر، لە چۆنێتیی چارەی کێشە لەگەڵ خەڵکی و هەروەها لە جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکەین. وەرن بۆ هەڵسوکەوتی خۆمان لە ماوەی وانەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»دا چەند ڕێسایەک دارێژین. بەدەم کارەوە

ڕێساکان لەسەر لاپەڕەی پۆستەر بنووسە. ڕێساگەلی پێشنیازکراو بریتین لە: یەک یەک قسە دەکەین، ڕێزی قسەی بەرانبەر دەگرین، کاتێک بەرانبەر قسە دەکات بە وردی سەرنجی دەدەینێ. چالاکانە گوێ لە گفتۆگۆ دەگرین.

مرۆڤی ڕێزدار پەنا بۆ پلار و توانج و ڕووشکێنی نابات.

1- توانجگرتن چییە؟ (شتێکە دەیڵێیت بۆ ئەوەی وا لە کەسێکی دیکە بکەیت هەست بە دڵتەنگی بکات) توانجگرتن بەسۆیە، بۆیە نابێت بەکار بێت.

گوێگرتنی چالاکانە بۆ یەکتر و دڵنیابوون لەوەی تووشی ڕووشکێنی نابین دەبنە هاندەری گفتوگۆی سەرکەوتوو. با کەمێک دەربارەی هەست بدوێین.

**2**- وشەیەکی دیکە بەرانبەر بە «هەست» چییە؟ (سۆز)

**3**- بۆچی گرنگە لە سۆز یاخود هەستی خۆ و هی بەرانبەریش تێبگەین؟ (بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی یەکتر بدەین. بۆ ئەوەی بتوانین باشتر جێگەی خۆمان بکەینەوە).

فۆتۆی «تیرەجەلوو» پێشان بدە. («تیرەجەلوو» Roller coaster: قەتارێکە وەک تیر تیژڕۆیە، لەسەر ئاسنەڕێ هەوراز و نشێو دەکات. خەڵکی بۆ خۆشیی لە شاری یاری سواری دەبن. جەلوو = قەتار)



4- ئەم فۆتۆیە چیمان پیشان دەدات؟ (تیرەجەلوو) کێ پێی خۆشە باسی هەستی خۆی بکات دەربارەی سواربوونی تیرەجەلوو. ڕێ بە چەند فێرخوازێک بدە.

5- ئایا هیچ کەس هەستی جودای هەیە دەربارەی سواربوونی تیرەجەلوو؟ چۆن هەستت جودایە؟

بەشێکتان هەستی وێکچووی بەرانبەر تیرەجەلوو هەیە، بەشێکیشتان هەستی جودایە. خەڵکی جودا بەرانبەر هەمان دیاردە هەستی جودایان هەیە.

6- ئەگەر هاوڕێکەت هەستی بەرانبەر سواربوونی تیرەجەلوو جودا بێ لە هەستی تۆ، ئایا هێشتا هەر هاوڕێی تۆیە یان نا؟ (بەڵێ) بۆچی؟ (هەستی جودا نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دۆستایەتی).

7- جار هەبووە هەستی تۆ و هەستی هەڤاڵەکەت بەرانبەر هەمان بابەت جودا بووبێت؟

ئێستا هەوڵ بدەن وەبیر خۆتانی بهێننەوە، بەر لە سەرەتای زارۆخانە هەستتان دەربارەی تیرەجەلوو چۆن بووە. هەروەها بیر لە چۆنێتی هەستتان بکەنەوە دەربارەی تیرەجەلوو ئێستا کە فێرخوازی ئەم پۆلەن.

8- کێ هەستی دەربارەی تیرەجەلوو گۆڕاوە، دەست هەڵبرێت. کێ پێی خۆشە بۆمان باس بکات چۆن هەستی گۆڕاوە؟

هەستی مرۆڤ هەردەم لە گۆڕاندایە. دوور نییە ئەمڕۆ ماسیت لا خۆش نەبێ، بەڵام دە ساڵێکی دیکە لای تۆ ببێتە خۆشترین خواردن.

9- بۆچی هەست دەگۆڕێن؟ (گەورە دەبیت. باشتر لە شتەکان دەگەیت). باسێکی ئەزموونێکی تایبەتیی خۆت دەربارەی چۆنێتی گۆڕانی هەست بکە.

10- کێ دەتوانێت باسی بکات چۆن زووتر لە بابەتێک ترساوە یان پێی خەمبار بووە، پاشان هەستی گۆڕاوە، بەو بابەتە دڵگەرم یان سەرسام بووە؟ (تەنیا مانەوە لە ماڵەوە. گویێزانەوە). چی بووە هۆی گۆڕانی هەستت؟ (پاش ئەوەی ڕووی دا، دەرکم کرد کە ئەوەندە خراپ نەبووە).

جار هەیە کاتی نائارمی، ترس و تەنهایی پێمان وایە ئەو هەستانە هەمیشەیین، بەڵام پاشان بە تێپەڕبوونی کات هەستمان دەگۆڕێت.

## چالاکی

وەرن بەیەکەوە کارێک بکەین. من باس لە دۆخی جودا دەکەم. بۆ هەر دۆخێک، سێ فێرخوازی جودا پێم دەڵێن زووتر هەستیان بەرانبەر ئەو دۆخە چۆن بووە و ئێستا هەستیان چۆنە. ئەگەر نەشگۆڕاوە هەر باسی بکەن.

پێشانی فێرخوازانی بدە. **چوون بۆ ئاهەنگ ... کاتێک گەنجتر بووم، بەرانبەر چوونە ئاهەنگ، هەستم بە ترس دەکرد. ئێستا هەست بە دڵگەرمی دەکەم.** دەشێت ئەم دەستەواژانەی خوارەوە لەسەر پەڕەی پۆستەر یاخود تەختەڕەشەکە بنووسیتەوە:
«کاتێک گەنجتر بووم، بەرانبەر ......... هەستم بە ......... دەکرد، ئێستا بەرانبەر ......... هەست بە ......... دەکەم».

یەکێک لەم دۆخانەی خوارەوە هەڵبژێرە (یاخود لێ بگەڕێ فێرخوازان بیر لە دۆخی خۆیان بکەنەوە): **گرتنی مار. چوونە خێوەتکردن. بینینی جاڵجاڵۆکە. مەلەوانی. بینینی منداڵی نوێ. گوێزانەوە بۆ ماڵی نوێ. سەوزەخۆری.**

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ کۆمەڵێک ڕێسامان دانا تا کاتی گفتوگۆی نێو گرووپ بەکاریان بهێنین. ڕێساکان لە شوێنی بەرچاودا هەڵواسراون. هەروەها فێربووین هەست یاخود سۆز بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت. دەشێت ئێستا هەستێکم هەبێت و دواتر هەستێکی دیکە. هەروەها فێریش بووین کە مەرج نییە هەموو کەس دەربارەی هەمان بابەت لە هەمان کاتدا هەمان هەستیان هەبێت.

**بۆ ماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1، دەروازەیەک ڕووەو «هەنگاو بە هەنگاو»: دەربارەی ڕێبەستن لە توندوتیژی.

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک فێرخواز پەیڕەوەی ڕێسایەک دەکات دەستخۆشی لێ بکە و بە ڕوونیش ئاگاداری بکە هۆی پەسنەکەت چی بوو.

سەرنج بدە گۆڕانی ڕووەو هەستی یاخود هەڵوێستی پێگەیشتووتر لای فێرخواز و دەستخۆشیی لێ بکە. بۆ نموونە، «شەونم، پێشتر هەستت بە شەرم دەکرد و لە کاتی گفتۆگۆکاندا قسەت نەدەکرد. پاش ئەوەی ئێمەت ناسی، متمانەت زیاتر بوو، ئێستا هەمیشە بەشداری گفتوگۆکان دەکەیت. ئافەرین».

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی دووهەم: خواستی مرۆڤ و هەستی ناکۆک

## چەمک

خەڵک خواستی جودایان هەیە و خواستەکانیش بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن. دوور نییە خەڵک هەستی ناکۆکیان دەربارەی هەمان بابەت هەبێت.

**چەمکی زمانەکی:** خواست، ناکۆک، لەبەر ئەوەی...، هەندێک – هەموو، ئێستا – پاشان.

## ئامانج

فێرخوازان:

- پەی بەرن بەوەی خەڵک خواستی جودایان هەیە.
- بتوانن گۆڕانی خواستی مرۆڤ ڕوون بکەنەوە.
- بتوانن دوو هەستی ناکۆک دیاری بکەن.
- بتوانن هۆکاری گونجاو بۆ هەستی ناکۆک دیاری بکەن.

## پێداویستی

- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 2، بەشی یەکەمی ئەم بەرگە.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

لە کێشەی نێوان خەڵکدا زۆر جار، یەک هەست نا، چەند هەستێک پەیدا دەبن. منداڵی تەمەن 9 - 11 ساڵان، دەزانن کە دەشێت مرۆڤ هاوکات دوو هەستی

جودای لە لا دروست بێت، بۆ نموونە: «بەم گواستنەوەیە دڵتەنگم، شادیشم چونکە لە خزمانەوە نزیک دەبمەوە».

جار هەیە منداڵ خواستی کەسانی دیکە بە هەڵە لێک دەدەنەوە و بە کەسەکیی وەردەگرن (واتە: وەهای لێک دەدەنەوە کە دژ بە کەسی خۆیانە): «دیارە منی خۆش ناوێت بۆیە نایەوێت یاری تۆپانێم لەگەڵ بکات». وەبیر فێرخوازانی بهێنەوە کە خەڵک خواستی جودایان هەیە و دوور نییە بەدەم کاتەوە خواستەکان بێنە گۆڕین. وەبیریان بهێنەوە، بۆ دەرککردنی بەرانبەر، هەتا دەتوانن سەرنج بدەنە نیشانەکانی بەرانبەر و زانیاریی لێ وەربگرن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باسی خواست دەکەین. خواست ئەوە بابەتەیە کەسێک هەڵی دەبژێرێت یاخود پێی خۆشترە بیکات. بۆ نموونە، دەشێت خواستت مەلەوانی بێت تا وازیکردن لە نێو بەفردا. هەروەها باس لەوەش دەکەین کە دەشێت مرۆڤ لە یەک کاتدا دوو هەستی جودای هەبێت و فێر دەبین دیاری بکەین.

فۆتۆکە پێشان بدە. ئەمە «ژاڵە» یە و لە نزیک باشترین هاوڕێی خۆی دەژیت، کە ناوی «کۆچەر» ە. کۆچەر خەریکە لەگەڵ خوشکە گەورەکەی خۆی بچنە سینەما و ژاڵە پەیدا دەبێت. هەڵبەت ژاڵە چاوەڕێیە کۆچەر داوای لێ بکات لەگەڵی بێت بۆ سینەما. بەڵام کۆچەر دەیەوێت بە تەنیا لەگەڵ خوشکەکەیدا بڕوات. کۆچەر نیگەرانە لەوەی ئازاری هەستی ژاڵە دەدات گەر لەگەڵیاندا نەبێت. بەڵام پێیخۆشە تەنها لەگەڵ خوشکەکەی بچێتە دەرەوە.

- گەر بەشداری نەکەن، ژاڵە هەست بە چی دەکات؟ (دڵشکاو، ناکام).
- ئایا دەشێت کۆچەر لە یەک کاتدا زیاتر لە هەستێکی هەبێت؟ (بەڵێ)
- بە بۆچوونی تۆ دوو هەستە هاوکاتەکەی **کۆچەر** چین؟ (دڵگەرم و نیگەران)



کۆچەر هەستی ناکۆکی هەیە. ناکۆک بە واتای جودا یاخود پێچەوانەی یەک دێت. کۆچەر دڵگەرمە بەوەی لەگەڵ خوشکەکەی خۆیدا دەچێتە دەرەوە، بەڵام هەست بە نیگەرانیش دەکات، نەکا ژاڵە هەستی بڕووشێت.

کۆچەر بەرانبەر هەستی ناکۆک چی بکات باشە؟ (باسی هەستی خۆی بۆ خێزانەکەی ڕوون بکاتەوە. باسی هەستی خۆی بۆ ژاڵە بکات).

بە بۆچوونی تۆ بۆچی کۆچەر نایەوێت ژاڵەشیان لەگەڵ بێت بۆ سینەما؟ (کۆچەر دەیەوێت لەگەڵ خوشکەکەی خۆیدا تەنیا بێت). ئایا بە بۆچوونی تۆ کۆچەر پێی خۆشە کات لەگەڵ ژاڵە بەسەربەرێت؟ (بەڵێ، ئەوان باشترین هاوڕێی یەکترن).

کۆچەر پێی خۆشە بەشێکی کاتەکە لەگەڵ ژاڵە بێت، نەک هەموو کاتەکە. ئەمڕۆ، کۆچەر خواستی وایە بەتەنیا لەگەڵ خوشکەکەی خۆی بچێتە سینەما. هەر لەبەر

ئەوەی کۆچەر نایەوێت ئەمجارە ژاڵەی تێدا بێت، مانای ئەوە نییە کۆچەر، ژاڵەی خۆش ناوێت.

کۆچەر دەتوانێت چی بڵێت یاخود چی بکات تا ژاڵە ئاگادار بکات پەرۆشی ژاڵەیە؟ (ڕوونی بکاتەوە بۆچی دەیەوێت کات لەگەڵ خوشکەکەی خۆی بەسەربەرێت. پاشان کاتێک دیاری بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ژاڵە بێت).

کۆچەر ژاڵە ئاگادار دەکات لەوەی پێی خۆشە ئێستا بەتەنیا بێت لەگەڵ خوشکەکەی خۆی، بەڵام دواتر پێی خۆشە کات لەگەڵ ژاڵە بەسەربەرێت.

## چالاکی/ ڕۆڵوازی

### چالاکی

من چەند بابەتێک دیاری دەکەم، ئێوەش هەر یەک بە دڵی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت و ڕوو بکاتە گۆشەیەکی دیاریکراوی ژوورەکە.

- گریمان ئەم خواردنانە دانراون: هەمبەرگری نایاب، گەنمەشامی، زەڵاتەی میوەی تازە و کێکی نەستەلەدار. تۆش بۆت هەیە تەنها یەک جۆر هەڵبژێریت، کامە هەڵدەبژێرێت؟ با بزانین کێ شتی وێکچووی هەڵبژاردووە.
- گریمان بۆی هەیە بۆ یەک ڕۆژ خۆت بکەیت بە یەکێک لەمانە: هەڵۆ، ماسی دۆلفین، شێر یاخود ورچ، کامیان هەڵدەبژێریت؟ پرسیار لە چەند فێرخوازێک بکە بۆچی ئەوەیان هەڵبژاردووە.
- گریمان ئەمڕۆ لە فێرگە بۆت هەیە یەک لەم کارانە هەڵبژێریت: داتاکاری (کار لەسەر کۆمپیوتەر)، خوێندنەوە، نووسینی چیرۆک یاخود ئەزموونێکی سروشتناسی، کامیان هەڵدەبژێریت؟

## ڕۆڵوازی

وەرن دەیکەینە ڕۆڵوازی. تۆ ڕۆڵێک دەنوێنیت و پۆلەکە هەوڵ دەدەن هەڵی بێنن.

پێشانی فێرخوازانی بدە. هەردوو هەستی سەرسامبوون و نیگەرانی پێشان بدە کاتێک دەڵێیت: «بانگ کراوم بۆ خلیسکێنەی سەر ئاو، بەڵام دەرەوە خەریکە سارد ببێت». داوا لە فێرخوازان بکە ناوی هەستە دژیەکەکان بنێن.

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر.

- بانگکراویت بۆ شەومانەوە لە ماڵی هاوڕێیەک، بەڵام ئەوسا ناتوانیت لەگەڵ خێزانەکەی خۆتتدا بچیتە سینەما. (دڵگەرم / ناکام)
- لە سەرەدایت بۆ سواربوونی تیرەجەلوو. (دڵگەرم/ ترساو)
- بۆت ئاشکرا دەبێت کە ئەو مامۆستایەت بۆ دەستنیشان کراوە کە دەتویست، بەڵام باشترین هاوڕێت لە پۆلێکی دیکە دەبێت (دڵخۆش/ ناکام)
- بۆت ئاشکرا دەبێت کە بۆت هەیە بەشداری شانۆگەرییەک بیت، بەڵام هاوڕێکەت بۆی نییە. (دڵخۆش/خەمبار)

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لەوە کرد کە جار هەیە خەڵکی خواستی جودایان لە یەکتر هەیە. باسی ئەوەشمان کرد کە خواستەکانیش دەگۆڕێن. فێریش بووین کە دەشێت کەسێک هەستی لە یەک کاتدا هەستی ناکۆکی هەبێت بەرانبەر یەک بابەت. پەیبردن بەوەی

خەڵکی خواست جودا و هەستی ناکۆکیان دەبێت یارمەتیمان دەدات باشتر هەم خۆمان و هەم یەکتر دەرک بکەین.

**بۆماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە2، بەشی یەکەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک چەند هەڵبژاردەیەک بۆ فێرخوازان دیاری دەکەیت هەوڵ بدە وشەی «خواست» بۆ «هەڵبژاردن» و وشەی «خواستە» بۆ «هەڵبژاردە» بەکاربهێنە. چەمکی زمانەکی «ئێستا – پاشان» و «بەشێک – هەموو» بەکاربهێنە کاتێک جەخت دەکەیتە سەر خواستی تایبەتی: «دانا ئێستا نایەوێت بەشدار بێت، بەڵام دەشێت پاشان بەشداری بکات». «ئاراز پێی خۆشە بەشێکی کاتەکە، نەک هەموو کاتەکە، بەتەنیا بێت».

فێرخوازان هان بدە ناوی هەموو هەستەکانیان بنێن، دان بنێن بە هەستی ناکۆکدا و هۆکاری هەموو هەستێکی جودا دیاری بکەن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی سێهەم: دیاریکردنی هەستی بەرانبەر

## چەمک

هاوسۆزی پێویستی بە دیاریکردنی هەستی بەرانبەرە ئەمەش بە سەرنجدانە نیشانەگەلی زارەکی، فیزیکی و دۆخەکی پەیدا دەبێت.

**چەمکی زمانەکی:** نیشانە، سۆز، دەربڕینی ڕوخسار، دۆخ، سەرسام، ناکام، پەشێو.

## ئامانج

فێرخوازان دەتوانن:

- لە ڕێی سەرنجدانە نیشانەی فیزیکی و زارەکیی هەستەکان، دیارییان بکەن.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ناسینەوەی هەستی بەرانبەر توانایەکی بنگەیی هاوسۆزییە. بە سەرنجدانە نیشانەگەلی زارەکی، فیزیکی و دۆخەکی، منداڵ فێری ناسینەوەی هەستی بەرانبەر دەبن. لەم تەمەنەدا، منداڵ بە شێوەیەکی ئاسایی فێری ناسینەوەی شەش هەستی بنگەیی و وشەکانی ئەو هەستانە دەبن: «شاد»، «دڵتەنگ»، «تووڕە»، «ترساو»، «پەست» و سەرسام».

کاتێک فێرخواز وەسفی هەستی کەسێک دەکات، ناوێکیان بۆ هەستەکە بدەیە، بۆ نموونە «پەشێو»، و هانیشیان بدە ناوەکە بەکاربهێنن. ئاگادار بە لەوەی شێوازی دەربڕینی هەست لەم فەرهەنگ بۆ ئەو فەرهەنگ و تەنانەت لەم مرۆڤ بۆ ئەو مرۆڤەوە جودایە. لەگەڵ فێرخوازان باس لەم جوداوازییانە بکەن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ زیاتر دەربارەی هەست یاخود «سۆز» دەدوێین. دەرککردنی چۆنێتی هەستی بەرانبەر یارمەتیت دەدات باشتر جێگەی خۆت بکەیتەوە و باشتر کێشە چارەسەر بکەیت. فۆتۆی منداڵتان لە سێ دۆخی جودادا پێشان دەدەم. خۆتان وا بنوێن کە لێکۆڵەرن و بە دوای نیشانەگەلێکدا دەگەڕێن کە پێتان دەڵێت هەر منداڵە چۆن هەست دەکات. لە دەربڕینی ڕوخساریان، دەربڕینی لەشیان و دۆخەکە بڕوانن.

فۆتۆیی «دیانا» پێشان بدە. ئەمە «دیانا» یە.



1. به بۆچوونی تۆ «دایانا» هەست بە چی دەکات؟ (سەرسام).
2. چۆن دەزانیت سەرسامە؟ نیشانەکانی ڕوخساری چین؟ (دەمی کراوەیە. برۆکانی بەرزبوونەتەوە. چاوەکانی زەقن).

**3.** لەم فۆتۆیەدا نیشانەی دیکەش هەن سەرسامیی دیانا پێشان دەدەن، وەک چی؟ (دۆخەکە - دیانا خەریکی کردنەوەی دیارییە)

**4.** سەرسامبوون چ مانایەک دەبەخشێت؟ (ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو سەرسامی لای مرۆڤ دروست دەکات).

**5.** کێ هەستی بە سەرسامی کردووە، بۆمان باس بکات؟ چەندین فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە.

بەدەم یادکردنەوەی ئەو هەستی سەرسامییە، هەموو لەش و دەنگت بەکاربهێنە تا هەستی سەرسامی پێشانی هاوسێکەت بدەیت.

**6.** چ نیشانەیەکی لەش و دەنگی هەڤاڵەکەت سەرسامی پێشان دا؟ (شان بەرز بۆتەوە. دەست بۆ سەرەوەن. چاو کراوە و زەقن).

فۆتۆی ڕێبوار پێشان بدە.

ئەمە «ڕێبوار» ە. ڕێبوار تازە زانی ئەو بەشەی شانۆگەرییەکەی نەدراوەتێ کە چاوەڕێی بوو.



**7.** به بۆچوونی تۆ «ڕێبوار» هەست بە چی دەکات؟ (ناکام).

**8.** بەچیدا دەزانیت ناکامە؟ نیشانەکان چین؟ (دەمی بۆ خوارەوەیە. لەشی بە لایەکدا کەوتووە. لە زەوییەکە دەڕوانێت).

**9.** ناکامبوون چ مانایەک دەبەخشێت؟ (هیوات بە باسێکە و بۆت ساز نابێت، پێی خەمبار دەبیت).

**10.** بیر لە کاتێک بکەنەوە کە هەستتان بە نائومێدی کردووە. دەستت هەڵبڕە ئەگەر پێت خۆشە بۆ پۆلەکەی باس بکەیت. (چەندین فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە).

بەدەم یادکردنەوەی هەستی ناکامی، هەموو لەش و دەنگت بەکاربهێنە تا هەستی ناکامی پێشانی هاوسێت بدەیت.

**11.** چ نیشانەیەکی لەش و دەنگی هەڤاڵەکەت ناکامی پێشان دا؟

فۆتۆی «چنار و ڕێبین» پێشان بدە.



ئەمە «چنار» ە و ئەمەش «ڕێبین». چنار دەیەوێت ڕێبین لەگەڵی بێت بۆ فرۆشگە، بەڵام دایکوبابی ڕێبین پێیان گوتوە ئەم دوانیوەڕۆیە دەبێت لەماڵەوە بێت. ڕێبین دەیەوێت دڵی هاوڕێکەی ڕازی بکات، بەڵام نایەوێت دایکوبابی تووڕە بکات.

**12.** بە بۆچوونی تۆ ڕێبین هەست بە چی دەکات؟ (پەشێوە).

**13.** بە چیدا دەزانیت ڕێبین پەشێوە، نیشانەکانی ڕوخساری چین؟ (کەمێک مۆنە، دەستی بە چەناگەیەوە گرتووە).

**14.** چ نیشانەیەکی دیکەی ئەم فۆتۆیە پەشێویی ڕێبین پێشانی دەدات؟ (دۆخەکە - دەیەوێت دڵی هاوڕێکەی ڕازی بکات، بەڵام نایەوێت لەگەڵ دایکوبابی کێشەی بۆ دروست ببێت).

**15.** پەشێوی چییە؟ (دڵەڕاوکێ، شپرزە)

**16.** کێ پێی خۆشە باسی بەسەرهاتێکی پەشێویی خۆی بکات؟ ڕێ بە چەند فێرخوازێک بدە باسی بکەن.

بەدەم یادکردنەوەی هەستی پەشێوی، هەموو لەش و دەنگت بەکاربهێنە تا هەستی پەشێوی پێشانی هاوسێت بدەیت.

**17.** چ نیشانەیەکی لەش و دەنگی هەڤاڵەکەت پەشێوی پێشان دا؟

## ڕۆڵوازی

وەرن دەیکەینە ڕۆڵوازی. لە یەک کاتدا، هەستێک بە گوێی دوو فێرخوازدا دەچرپێنم. دوو فێرخوازەکە دۆخێک ساز دەکەن و هەستەکەی تێیدا دەنوێنن. ئەوانی دیکە هەوڵ دەدەن هەستەکە هەڵبێنن. دوو خولەکتان هەیە تا خۆتان ئامادە بکەن.

گەر فێرخواز لە وشەیەک دڵنیا نەبوو، هانی بدە فەرهەنگ بەکاربهێنێت.

پێشانی فێرخوازانی بدە. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە تا یارمەتیت بدات لە بینینی ڕۆڵی دۆخێک کە وێنای هەستی شەرمەزاری دەکات. ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. ڕێنوێنی بچرپێنە بە گوێی فێرخوازدا.

## ڕۆڵوازی:

- دڵگەرمی
- دڵخۆشی
- شڵەژان
- تووڕەیی
- خەمباری
- ترس
- غیرەکردن
- کینە
- پەسنکردن
- ئارامکردنەوە
- شەرمکردن

## ئەنجامگیری

لەم وانەیەدا، بۆ دەرککردنی هەستی بەرانبەر، سەرنجمان دایە نیشانە و سەرەداوی ڕوخسار، لەش، دەنگ و هەروەها بارودۆخیش.

## گواستنەوەی زانیار

هەموو هەفتەیەک چەند وشەیەکی سەربە هەست دیاری بکە. کاتێک لە کێشەیەکدا نێوبژی دەکەیت، فێرخوازان هان بدە ناو لە هەستەکانیان بنێن و هۆکاری ئەو هەستانەیان ڕوون بکەنەوە.

**«یادی ڕۆژ»** داوا لە فێرخوازان بکە باسی بکەن چۆن سەرنجیان داوەتە نیشانەکانی ڕوخساری بەرانبەر و لە هەستەکانی گەیشتوون.

## چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخوازان بکە فۆتۆی وەهای خەڵک لە ڕۆژنامان دەربێنن کە هەستی تایبەت پیشان بدەن. داوایان لێ بکە یەک برگە بنووسن دەربارەی هەستی مرۆڤی نێو فۆتۆ و هەروەها نیشانەکانی ئەو هەستە ئاشکرا دەکەن. دەشتوانن چیرۆکێکی تەواو دەربارەی فۆتۆکە ساز بکەن و لەمیاندا نیشانەی دۆخەکەش جێی ببێتەوە.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی چوارەم: وێکچوون و جوداوازی

**چەمک**

ناسینەوەی وێکچوون و جوداوازیی نێوان هەستی خەڵکی پێشمەرجێکە بۆ وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر.

**چەمکی زمانەکی:** وێکچوون، جوداوازی.

**ئامانج**

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- ناونانی وێکچوون و جوداوازیی فیزیکی و هەستەکی نێوان دوو کەس.
- ئاشنابوون بەوەی خەڵکی جیاواز بەرانبەر هەمان دیاردە هەستی جودایان هەبێت.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

ناسینەوەی وێکچوون و جوداوازیی نێوان هەستەکانی خۆ و هەستەکانی بەرانبەر و هەروەها خواستەکانی خۆ و بەرانبەر، پێویستیەکی گرنگە بۆ گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر. گرنگە منداڵ فێر بێت مەودایەک لە خواستەکانی خۆی دوور بکەوێتەوە و بە چاوی بەرانبەر نیگا بکات.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ باس لە وێکچوون و جوداوازیی خەڵک دەکەین. «وێکچوون» ئەوەیە خەڵکی شێوازی وەک یەک بگرنە بەر. دیسان دەشێت دوو کەسی وێکچووش جیاوازبن، بۆ نموونە بەرانبەر هەمان بابەت هەستیان جیاواز بێت.

فۆتۆی «لاوکۆ»، «بەمۆ» و «چۆمان» پیشان بدە.



ئەمە «لاوکۆ» یە، ئەمەش «بەمۆ» و ئەمەش «چۆمان». لاوکۆ و بەمۆ هاوسێن و باشترین هاوڕێی یەکترن. هەمیشە پێیان خۆش بووە بابەتی وێکچوو ئەنجام بدەن - وەک وەرزش و ڕاوەماسی. چۆمان لەم گەڕەکەدا تازەیە، هاوتەمەنی ئەمانە، بەڵام ڕەفتاری منداڵی گەورەتر دەکات و پێی خۆشە لەگەڵ منداڵانی گەورەتردا کات بەسەربەرێت. بەمۆ پێی وایە چۆمان زیرەکە. لاوکۆ لەم هەستەی بەمۆ ناگات.

1. به بۆچوونی تۆ «بەمۆ» هەست بە چی دەکات؟ (دڵگەرمە) بە چیدا دەزانیت؟ (زەردەخەنە دەکات و قسە بۆ چۆمان دەکات).
2. بۆچی «بەمۆ» بەو شێوەی هەست دەکات؟ (چۆمانی پێ زیرەکە).
3. بە بۆچوونی تۆ «لاوکۆ» هەست بە چی دەکات؟ (خەمبار. تووڕە) بە چیدا دەزانیت؟ (مۆڕە دەکات. تەماشای بەردەمی دەکات. قۆڵەکانی داخستوون).

4. به بۆچوونی تۆ بۆچی «لاوکۆ» بەو شێوەیە هەست دەکات؟ (لەوانەیە بترسێت هاوڕێیەتیی بەمۆی لە دەست بچێت).
5. «بەمۆ» و «لاوکۆ» لە چیدا وەک یەکن، ویکچوون؟ (هاوتەمەنن. ئارەزوویان بابەتی ویکچووە). ئەدی چۆن جودان؟ (بەمۆ، چۆمانی پێ زیرەکە، بەڵام لاوکۆ پێی وا نییە. بەمۆ لای وایە خۆ بە گەورەتر پیشاندان کارێکی خۆشە، بەڵام لاوکۆ لای وا نییە).
6. مرۆڤ با لە چەندین ڕووەوە لە یەک بچن هێشتا دەشێت هەستی جودایان هەبێت دەربارەی هەندێک بابەت. ناکرێ چاوەڕێ بین هاوڕێکانمان هەردەم هەمان بۆچوونی ئێمەیان هەبێت. بەرانبەر چۆمان، بەمۆ و لاوکۆ هەستیان جیاوازە. هەر کەسەی بە جۆرێک تایبەت و جودایە.
7. تۆ لە چیدا لەگەڵ خوشک یاخود برا یاخود هەڤاڵێکت وەک یەکن؟ لە چیدا جودان؟ نابێت فێرخوازان ناوی دیاریکراو بەکاربهێنن.
8. مرۆڤ گەر لەگەڵ بەرانبەردا ویکچوو بێت هەست بە شادی و هاوکۆیی دەکات. جوداوازیی هەندێک جار مرۆڤ خەمگین دەکات. جاریش هەیە جوداوازی وەها لە مرۆڤ دەکات هەست بە تایبەتیبوون و نەوازەیی بکات.
9. لاوکۆ چی بکات باشە بۆ ئەوەی بەرانبەر ئەو دۆخە هەستی باشتر بێت؟ (هەستی خۆی بۆ بەمۆ ڕوون بکاتەوە. هەوڵ بدات چۆمان باشتر بناسێت. هەڤاڵی دیکە پەیدا بکات).
10. بەمۆ چی بکات باشە بۆ ئەوەی لاوکۆ هەستی باشتر بێت؟ (لاوکۆ دڵنیا بکات لەوەی دۆستایەتییان بەردەوامە. وریا بێت لەوەی لاوکۆ پەراوێز نەکەوێت).

لاوکۆ بە نیشانەی فیزیکی پێشانی دەدات کە دڵتەنگە و بەمۆ دەبێت ئەو نیشانەگەلە بخوێنێتەوە و پەرۆشی لاوکۆ بێت. دۆستایەتیی دروست ئەوەیە پەرۆشی دۆستەکەت بیت، بە تایبەتی کاتی تەنگانە.

## ڕۆڵوازی

وەرن دەیکەینە ڕۆڵوازی. دوو فێرخواز پشت لە یەک ڕاوەستن. من باس لە دۆخێک دەکەم. گریمان ئەو دۆخە لە ئێوە ڕووی داوە. بە ڕوخسار هەستی خۆتان پیشان بدەن. کە داوام کرد، ئاوڕ بدەنەوە و ڕوخسارتان پیشانی یەکدی بدەن. ئەوسا دەبینن ئایە هەستی بەرانبەر وەک هەستی خۆتە یان جودایە. (یەکەمجار، ڕوونی دەکەمەوە. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە).

پیشانی فێرخوازانی بدە. پشتاوپشت لەگەڵ فێرخوازەکە بوەستە و بڵێ: بانگ کراویت بۆ کۆنسێرتی کۆچڕین (گۆرانیی بە کۆمەڵ). هەردووکتان ڕوو بکەنە پۆلەکە و ڕوخساری خۆتان پیشان بدەن.

لەم لیستەیەی خوارەوە نموونە هەڵبژێرە لەگەڵ بەسەرهاتی فێرخوازاندا یەک بگرێتەوە و لایان ئاشنا بێت. گەر خۆشتان نموونەی لەبارترتان لا هەیە، باشتر.

- نۆبەی تۆیە بچیتە ژێر ڕێژنەیەکی توندی بارانەوە.
- نەنکت سۆسی (شلەی) تەماتەی کردووە بە بابۆڵەکەتدا.
- خاڵت/ مامت تازە سەگێکی گەورەی بۆ کڕیوی.
- نۆبەی تۆیە ڕۆڵێک لە بەردەم پۆلدا وازی بکەیت.
- هاوڕێیەک مارێکی دەستەمۆ ڕادەستی تۆ دەکات.
- دەبێت خۆت بگۆڕیت بۆ ئاهەنگێکی هاوسەری.
- سێتێکی کەرەستەی کیمیا بە دیاری هاتووە بۆت.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێربووین کە خەڵکی وێکچوون و جوداوازییان هەیە. هەروەها زانیشمان کە تەنانەت نزیکتری دوو هاوڕێیش دەشێت هەستی جودایان دەربارەی هەمان دۆخ لە لا پەیدا ببێت.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک نێوبژیی لە کێشەی فێرخوازاندا دەکەیت، ڕوونی بکەوە کە هەست «دروست» و «نادروست» ی بۆ نییە. دیاردەیەکەی خۆڕسکە مرۆڤ هەستی جودای هەبێت.

**یادی ڕۆژ:** پرسیار لە پۆلەکە بکە، «کێ هەستی لە هەستی دۆستانی جودا بووە؟ کێ هەستی وەک هەستی دۆستانی بووە؟»

**چالاکیی دیکە:** داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی ڕووداوێکی مێژوویی تایبەت بنووسن، بەڵام لە ڕوانگەی چەند کەسێکی جودای بەشداربووی ڕووداوەکە. بۆ نموونە، کەشتییەکەی «کۆلۆمبوس» لە کەنارێکی جیهانی نوێ (ئەمەریکا) لەنگەر دەگرێت و بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی دانیشتووانی دێرینی وەڵاتەکە دەبن. دەبێت هەستی ئەندامانی تیپی کەشتییەکە چۆن بووبێت؟ وێکچوو یان جیاواز؟

داوا لە فێرخوازان بکە بابەتێک هەڵبژێرن مایەی هەستی جیاواز بێت لای ئەندامانی خێزانەکەی خۆیان. داوایان لێ بکە هەستی ئەندامانی هاوخێزان و هۆکاری ئەو هەستە بنووسنەوە.
داوا لە فێرخوازان بکە بابەتێک هەڵبژێرن مایەی هەستی جیاواز بێت لای خودی فێرخواز و هەڤاڵانی خۆی. هەستی هەردوو لا چۆن بووە؟ چۆن پێک هاتن؟

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی پێنجەم: دەرککردن

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

توانای دەرککردنی خەڵک، شوێن و بارودۆخ لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێک جیاوازە.

ئەزموون، پێداویستی و هەستی مرۆڤ کار دەکەنە سەر دەرکی ئەو کەسە لە دونیای دەوروبەر.

**چەمکی زمانەکی:** دەرک، دید، خواست.

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- ئاشنابوون بەوەی خەڵک دەرکی جودایان هەیە.
- دۆزینەوەی چارەسەری وەها کە دیدی هەردوو لا ڕەچاو بگرێت.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی چوارەم لە بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».
- ئامێری لێدانی ڤیدیۆ و تەلەڤیزیۆن.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

دەشێت تواناگەلی ڕوانگەگرتن گەشەی پێ بدرێت لە ڕێگەی هەوڵەکانی ناسینەوە و تێگەیشتن لەوەی خەڵک چۆن لە دۆخ حاڵی دەبن. دەرکی مرۆڤ گرێدراوی ئەزموون، پێداویستی، هەست و بەهاکانی خۆیەتی.

جار هەیە مرۆڤ «نەسەلمێن» ـە، توانای نییە دیدی بەرانبەر بسەلمێنێت. دنەی فێرخوازان بدە، کاتی چارەی کێشە، پێداویستی و بەهای بەرانبەر ڕەچاو بگرن.

ڤیدیۆکلیپەکە پێشان بدە و پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باس لەوە دەکەین چۆن و بۆچی دەرکی مرۆڤ بۆ بارودۆخ جیاوازە. دەرککردن بە مانای تێگەیشتن و بینین دێت. هەروەها ئاماژەشە بە دید و بڕوای کەسێک دەربارەی ڕووداوێکی تایبەت و لەوانەیە لەگەڵ دیدی کەسێکی دیکە جیاواز بێت.

وەرن تەماشای ڤیدیۆیەک بکەین دەربارەی دوو کوڕ، «ئاکۆ» و «ڕێدار». سەرنج بدەن، پاش گەڕانەوەیان بۆ ژووری خۆیان، دەرکی ئاکۆ و ڕێدار بۆ هەمان ڕووداو چۆنە.

ڤیدیۆ کلیپەکە پیشان بدە، پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ. فۆتۆکە پیشان بدە.

**1**- ئاکۆ چۆن لە ڕووداوەکە دەگات؟ (کاتێکی خۆشی بەسەربردووە. گوێ بە ڕێکوپێکی نادات).

**2**- ڕێدار چۆن لە ڕووداوەکە دەگات؟ (ڕێکوپێکی لە لا خۆشە. لای باش نییە ئاکۆ ژوورەکەی وەها بەسەر یەکدا داوە).



ئاکۆ و ڕێدار بۆچوونی جودایان هەیە دەربارەی ئەو کاتەی پێکەوە بوون. ئاکۆ کاتێکی خۆشی بەسەربردووە، بەڵام ڕێدار تەواو خۆشیی لێ نەدیوە.

3- ئایا ڕووی داوە تۆیش وەک ئاکۆ هەست بکەیت؟ داوا لە فێرخوازان بکە ئەزموونی خۆیان باس بکەن.

4- ئایا ڕووی داوە تۆیش وەک ڕێدار هەست بکەیت؟ داوا لە فێرخوازان بکە ئەزموونی خۆیان باس بکەن

هەموو کەسێک «خواست» ی هەیە، ئارەزووی لەم یان لەو بابەتە زیاترە. ڕێدار پێی خۆشە ژوورەکەی ڕێکوپێک بێت نەک شێواو.

5- خواستەکانی ئاکۆ چین؟ (بە دڵی خۆی گەمان بکات بێ گوێدانە ئەو بێسەروبەرییەی دروستی دەکات).

6- ئایا ئەو ڕاستییەی کە ئاکۆ و ڕێدار هەمان شەو بە دوو جۆری جیاواز دەبینن دەبێتە هۆکارێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی دۆستایەتییان؟ (نەخێر) بۆچی؟ (دەکرێت خەڵک دەرکی جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەشدا دۆست بن).

7- کوڕەکان بڕیار دەدەن، جاری داهاتوو لە ماڵی ئاکۆ شەو بەرنەسەر. لەسەر کام شێوازانە ڕێک بکەون باشە بۆ ئەوەی هەم پێداویستی هەردووکیان دابین بکات و هەم شادیهێن بێت بۆ هەردوو لا؟ (سازشکردن لەسەر وەلانانی هەندێک بابەت. سەلماندنی ڕێساگەلی ڕێکوپێکی ماڵەکەی وازی لێ دەکەن).

8- ڕووی داوە تۆ و هەڤاڵەکەت دەرکی جوداتان لە ڕووداوێک هەبووبێت؟ کێ پێی خۆشە بۆمان باس بکات؟

## ڕۆڵوازی

لەم گەمەی ڕۆڵوازییەدا، هەر یەکێکتان خواستەکەی خۆی بۆ هاوبەشەکەی ڕوون دەکاتەوە. پێویست ناکات لەسەر چارەسەر ڕێک بکەون. ئەوەیان لە وانەیەکی دیکەدا پیادە دەکەین. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە تا یارمەتیت بدات مۆدێلەکە ساز بکەیت).

پێشانی فێرخوازانی بدە. بە فێرخوازەکە بڵێ: «وەرە لە پشوودا باسکە (باسکێتبۆڵ) بکەین». فێرخواز: «من بێزار بووم لە وازیی باسکە. پێم خۆشە وازیی فوتبۆڵێن بکەم». بڵێ: «هەفتەی داهاتوو یاریمان هەیە و من دەبێت تەمرین بکەم». فێرخواز: «دوێنێ باسکەمان کرد. دەمەوێت شتێکی نوێ بکەم».

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر.

- گوێ لە موزیک دەگریت، بەڵام خوشکەکەت پێی وایە دەنگەکەی هێجگار بەرزە.
- ژوورەکەی خۆتت پاک کردۆتەوە و لە کارەکەی خۆت ڕازیت، بەڵام دایکت پێی وایە ماویەتی.
- دەتەوێت وازی بە تۆپی باسکە تازەکەی براکەت بکەیت، بەڵام ئەو نایەوێت تۆپەکەت بداتێ.
- دەتەوێت لەگەڵ گرووپێکی هاوڕێ فراڤین بخۆیت، بەڵام هاوڕێی هەرە نزیکت دەیەوێت تەنها هەردووکتان بن.
- لەگەڵ هەڤاڵێک دەچنە باخی گیانەوەران. تۆ دەتەوێت سەرەتا بچنە سەیری مار، ئەو دەیەوێت زەرافە ببینیت.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لەوە کرد چۆن خەڵک دەرکی جودایان بۆ هەمان بابەت هەیە. هەروەها باسی ئەوەشمان کرد کە هەموو مرۆڤێک خواستی هەیە و خواستیش بەندە بە ئەزموون و هەستی ئەو مرۆڤە خۆیەوە.

## گواستنەوەی زانیار

وشەگەلی «دەرک / دەرککردن» و «خواست / هەڵبژاردە» بەکاربهێنە کاتێک نێوانگیری کێشەی نێوان خەڵک دەکەیت. بەردەوام بە لە پێناسەکردنی ئەم چەمکانە هەتا فێرخوازان بە تەواوی ماناکانیان وەردەگرن و توانایان دەبێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە گفتوگۆدا بەکاریان بهێنن.

**خەیاڵی ڕۆژ:** داوا لە فێرخواز بکە بیر لە بارودۆخێک بکاتەوە کە دەشێت دەرکی خۆی جیاواز بێت لە دەرکی هەڤاڵان.

## چالاکیی دیکە

1- چیرۆکی میللی «فیل و نابینایان»ی هیندستان بخوێنەوە. ئەگەر لە کتێبخانەی فێرگەی خۆتان پەیدا نەبێت، لە ئینتەرنێتدا چەندین شێوازی هەیە. مرۆڤە نابیناکان، دەست لە بەشی جۆراوجۆری فیلەکە دەدەن بەوەش بۆچوونی جودایان لە لا دروست دەبێت. داوا لە فێرخوازان بکە گفتوگۆ دەربارەی ئەم باسە ساز بکەن.

2- داوا لە فێرخوازان بکە بیر لە کێشەیەک بکەنەوە کە بەو نزیکانە لەگەڵ کەسێک هەیان بووە. داوایان لێ بکە بە نووسین ڕوونی بکەنەوە چۆن دەرکی خۆیان و دەرکی مرۆڤی بەرانبەر دەربارەی کێشەکە جودا بووە و چییان کردووە بۆ چارەی کێشەکە؟

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی شەشەم: مەبەست

**چەمک**

گەر منداڵ کەسی بەرانبەر بە نەیار بزانێت، هەڵوێستی جڤاکیی لەباری وەک هاوسۆزی جێی تەنگ دەبێت.

منداڵ گەر لێکدانەوەی بێلایەنی بۆ مەبەستی بەرانبەر هەبێت دەتوانێت هەڵوێستی جڤاکیی گونجاو هەڵبژێرێت.

**چەمکی زمانەکی:** ڕووداو، مەبەستکرد، بێمەبەست، بازدان بۆ دەرهاویشتە، داوای لێبوردن.

**ئامانج**

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- دۆزینەوەی هۆکاری بێلایەن بۆ ڕەفتارەکانی بەرانبەر.
- دۆزینەوەی هۆکاری باز نەدان بۆ دەرهاویشتە.
- داوای لێبوردن لە ڕەفتاری بێمەبەست.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

گرنگە منداڵ مەبەستی کەسی بەرانبەر، تەنانەت لە بارودۆخی ناخۆشیشدا، بە شێوازێکی بێلایەن یاخود ئایەتی (پۆزەتیڤ) لێک بداتەوە. منداڵی شەڕانی تەنانەت ڕەفتاری بێزارکارانەش بە ڕەفتاری نەیارانە لێک دەدەنەوە. لەم تەمەنەدا، منداڵ ئەم لێکدانەوەیە دەکاتە بنەمای چەندوچۆنی لۆمەی بەرانبەر. ئەم لێکدانەوەیە دەبێتە هۆی وەڵامی دۆستانە یان نەیارانەی منداڵ.

فێرخوازان هان بدە سنگفرەوان بن و بێلایەنانە ڕووداو لێک بدەنەوە. کاتێک منداڵ لێکدانەوەی نایەتی (نێگەتیف)ـی وەک «ڕەفتارەکە مەبەستکردە» دەخاتە ڕوو، تۆ مەیکە مشتومڕ. لەبری مشتومڕ لێی پرسە: «دەبێت هۆکاری دیکەی نەبێت؟ هۆکاری وەک چی؟» هانی بدە، بەر لە بڕیاردان، زانیاریی زیاتر پەیدا بکات.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باس لە جوداوازیی نێوان ڕووداوی بێمەبەست و ڕەفتاری مەبەستکرد دەکەین. ڕووداو مەبەستکرد نییە. جار هەیە ڕەفتارەکە مەبەستکردە بەڵام ئەنجامەکانی ئەو ڕەفتارە ڕووداوی ڕێکەوت و نامەبەستن. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بڕیاری پەلە نەدەین و خێرا باز نەدەین بۆ ئەنجامەکان.



فۆتۆکە پیشان بدە و ئاماژە بە «کاژاو» بدە. ئەمە کاژاوە. پاش پشوو دیتە ژوور و دەبینیت چەند پارچە چەسپیکی گاڵتەئامیز لە میزەکەی دراوە. کاژاو پیی وایە کەسیک هەوڵ دەدات گاڵتەی پی بکات.

1- ئایە کاژاو هەست بە چی دەکات؟ (تووڕە، شەرمەزار). بە چیدا دەزانیت وایە؟ (شیوەی دەمی هیڵیکی ڕیکە. دەستی لەسەر کەمەریتی).

2- ئایا کاژاو زانیاریی تەواوی هەیە تا بزانیت ئەگەر کەسیک گاڵتەی پی دەکات؟ (نەخیر).

کاژاو ئامادەیە لۆمەی کەسیک بکات چونکە پیی وایە گاڵتەی پیدەکات. بەڵام وەها چاکە وچانیک بگریت، بیر بکاتەوە و پیشکات باز بۆ دەرهاویشتەکان نەدات. گەر مرۆڤ زانیاریی تەواوی نەبیت ناتوانیت هەر لە خۆوە بڕیار لەسەر مەبەستی بەرانبەر بدات. دەشیت ڕەفتاری مرۆڤ هۆکاری هەمەجۆری هەبیت.

3- بە بۆچوونی تۆ هۆکاری ئەم چەسپانەی سەرمیزەکەی کاژاو چین؟ (دەشیت کەسیک لای وابوویت کاژاو ئەم کارەی لا خۆشە).

4- کاژاو دەبیت چی بزانیت بۆ ئەوەی ئەم باسە یەکلا بکاتەوە؟ (کی ئەو چەسپانەی لە میزەکەی داوە. بۆچی وەهای کردووە).

5- ئەگەر کاژاو یەکلای نەکاتەوە، چی دەبیت؟ (لەوانەیە پەستی بەری نەدا).

6- کاژاو زانیاریی تەواوی نییە تا بە دڵنیاییەوە بزانێت کە کەسێک هەوڵی داوە گاڵتەی پێ بکات. ڕاستە کاژاو تووڕەیە، بەڵام دەبێت خۆی ئارام بکاتەوە. پاشان دەتوانێت ڕووداوەکە یەکلا بکاتەوە. کاژاو چۆنی یەکلا بکاتەوە؟ (لە خەڵکی بپرسێت کێ لە نزیکی مێزەکەیەوە دادەنیشێت).

لە فۆتۆکەدا ئاماژە بە «سەرتیپ» بکە. سەرتیپ باشترین هاوڕێی کاژاوە. ئەو چەسپەکانی لە مێزەکەی کاژاو داوە. مەبەستی ئەوە بوو کاژاو بێنێتە پێکەنین، نەک گاڵتەی پێ بکات. ئێستا دەبینێت کاژاو پەستە.

7- بە بۆچوونی تۆ سەرتیپ هەست بە چی دەکات؟ (شەرمەزار، سەرسوڕماو). بۆچی؟ (چاوەڕیی ئەم بەرتەکە نەبوو).

سەرتیپ مەبەستی نەبوو هەستی کاژاو بڕووشێنێت. چەند چەسپێکی دا لە مێزەکەی و ئەمەش دەرهاویشتەی بێمەبەستی لێ کەوەتەوە: کاژاو پەست بوو.

8- دەیسا سەرتیپ چی بکات باشە؟ چۆن مەبەستی خۆی بۆ کاژاو ڕوون بکاتەوە؟ (دەکرێت بڵێت چەسپەکانی بۆ خۆشیی کاژاو لە مێزەکە دا. دەکرێت داوای لێبوردن بکات و مێزەکەی کاژاو لە چەسپەکان پاک بکاتەوە).

9- ئەی کاژاو چی بکات باشە؟ (لێبوردنەکەی سەرتیپ بسەلمێنێت. هەستی خۆی بۆ سەرتیپ ڕوون بکاتەوە).

داوا لە دوو فێرخوازی دڵخواز بکە جێی کاژاو و سەرتیپ بگرن. داوا لە جێگری کاژاو بکە داوای زانیاریی زیاتر بکات و داوا لە جێگری سەرتیپ بکە مەبەستی خۆی ڕوون بکاتەوە و داوای لێبوردن بکات.

10- ڕووی داوە بێمەبەست کێشەت بۆ کەسێکی دیکە ساز کردبێت؟ چۆن چارەسەرت کردووە؟

**چالاکی / ڕۆڵوازی**

**چالاکی**

جار هەیە دەبینە هۆی ڕووداوی ناخۆش. دەبێت فێربین ڕوونی بکەینەوە گەر ڕووداوەکە ڕێکەوت بووە یاخود مەبەستکرد. لە هەر یەکێک لەم دۆخانەی خوارەوەدا ڕوونی بکەنەوە چۆن ڕووداوەکە ڕێکەوت بووە. گریمان کەسێک:

- تۆپێکی هەڵدا و کوڕێک ویستی بیگرێتەوە، بەر پەنجەی کەوت و ژانی کرد.
- شتێکی دەربارەی کچێک گوتوە و هەستی کچە ڕووشا.
- کتێبێکی خوازراوی نەگێڕاوەتەوە.

**ڕۆڵوازی**

داوا لە فێرخوازان بکە ئەو دۆخانەی سەرەوە، یان دۆخی دیکە، بکەنە ڕۆڵوازی. ئەم جارە، فێرخوازان داوای زانیاریی زیاتر دەربارەی مەبەستی ڕووداو دەکەن، پاشان ڕوونی دەکەنەوە و، گەر پێویست بوو، داوای لێبوردن دەکەن. لە پێشاندانی یەکێک لە ڕۆلەکاندا هاوکارییان بکە.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لە مەبەست کرد. هەتا لە بەرانبەر نەپرسیت و نەیدوێنیت نازانیت دروست مەبەستی ڕەفتارەکەی چییە. کاتێک کەسێک دەبێتە هۆی جۆرێک لە ئازار و زیان، تۆ پێش هەر کارێکی دیکە بیر لە هەموو شیمانەکانی ڕووداوەکە بکەوە. زانیاریی تەواو پەیدا بکە بۆ یەکلاکردنەوەی باسەکە.

جار هەیە مرۆڤ، بێ ئەوەی مەبەستی بێت، کێشە بۆ بەرانبەر ساز دەکات. گرینگە مەبەست بۆ بەرانبەر ڕوون بکەینەوە و داوای لێبوردن بکەین.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک منداڵ کەسی بەرانبەر تاوانبار دەکات، داوای لێ بکە بیر لە شیمانەکانی ڕووداوەکە و شیمانەکانی مەبەستی بەرانبەر بکاتەوە. هانیان بدە سەرلەبەری دۆخەکە شی بکەنەوە و پرسیار لە بەرانبەر بکەن و زانیاریی زیاتر پەیدا بکەن.

## چالاکیی دیکە

**1**- ئەفسانە و چیرۆکی میللیی گونجاو بێنە پێش. لە فێرخوازان بپرسە ڕووداوەکانی ئەفسانەکە چۆن دەبوو گەر کەسانی ئەفسانەکە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»یان زانیبا؟

**2**- دۆزینەوە و داهێنان و ئافراندن هەیە مەبەستکردە، زادەی پلانسازییە. هەیشە تەواو ڕێکەوتە، بۆ نموونە دۆزینەوەی دەرمانی پەنسلین. داوا لە فێرخوازان بکە لێکۆڵینەوە لە داستانی داهێنانێکی ڕێکەوت بکەن، ئاخۆ مەبەستی زاناکان لەسەرەتای کاردا چی بووە؟

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی هەفتەم: دەربڕینی پەرۆشی

## چەمک

دەربڕینی پەرۆشی ڕەفتارێکی هاوسۆزانەیە.

**چەمکی زمانەکی:** دەربڕینی پەرۆشی.

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- دەربڕینی پەرۆشی بۆ بەرانبەر.
- دەربڕینی پێزانین بۆ پەرۆشیی بەرانبەر.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

پێناسەی «هاوسۆزی» لە بەرنامەی «هەنگاو بەهەنگاو»دا بە هونەری دیاریکردنی هەست دەستپێدەکات. هاوسۆزی و پەرۆشی باسێکە و دەربڕینی پەرۆشی و هاوسۆزی باسێکی دیکەیە. دوو توانای جودان و هەردووکیان پێویستیان بە ڕاهێنانە.

ئەم وانەیە هاوسۆزی بە ڕەفتار پێشان دەدات و سەرنج دەداتە وەڵامی هەستیارانەی منداڵ بۆ بەرانبەرەکەی خۆی. لە کاتی پێویستدا ڕوونی بکەوە کە وەڵامی نەیارانە و خەمساردانە وەڵامێکن ناهاوسۆز.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باس لەوە دەکەین چۆن بە گوتە و ڕەفتار پەرۆشی خۆمان پێشان بدەین.

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمە «کاروان» ـە و ئەمە «دەرسیم». برا گەورەکەی دەرسیم لە شارێکی دیکە دەژی، بڕیار بوو بێتە سەردانی و دەرسیم چاوەڕێی دەکرد. بەڵام ئەم بەیانییە براکەی زەنگی لێدا و گوتی ناتوانێت لە کارەکەی دەرباز ببێت، لەبەر ئەوە نایەت. کاروان دەزانێت دەرسیم چەند براکەی خۆی لە لا گرنگە. دەیەوێت پەرۆشی و هاوسۆزیی خۆی پێشان بدات، بڕیاری دا یەکێک لە بلیتەکانی گەمەی باسکە بداتە دەرسیم.

1- پێت وایە دەرسیم هەست بە چی دەکات؟ (خەمبارە لەبەر ئەوەی براکەی ناتوانێت سەردان بکات. کەمێک باشترە لەبەر ئەوەی کاروان بلیتێکی باسکەی دەداتێ).

2- پێت وایە کاروان هەست بە چی دەکات؟ (خەمبارە بۆ دەرسیم).

3- بۆچی کاروان بلیتەکە دەداتە دەرسیم؟ (بۆ دڵدانەوەی دەرسیم).

4- کاروان چی بە دەرسیم بڵێت باشە تا پەرۆشیی خۆی پیشان بدات؟ (دەزانم چاوەڕێی براکەت دەکەیت. پێم ناخۆشە بۆی نەلوا بێتە سەردانت).

دەربڕینی پەرۆشی ئەوەیە بە گوتە یان بە ڕەفتار پیشانی بەرانبەری دەدەیت کە تۆ گرنگی بەو کەسە و بە کێشەکانی ئەو کەسە دەدەیت. مرۆڤ هەیە شەرمنە، ڕووی نایەت بە قسە پەرۆشی خۆی دەرببڕێت. دەکرێت کارێک بۆ ئەو کەسە بکەیت، بە ڕەفتار پەرۆشیی خۆت پیشان بدەیت.

5- گەر کەسێک پەرۆشیی خۆی بەرانبەر تۆ دەرببڕێت، تۆ هەست بە چی دەکەیت؟

6- دەرسیم چی بە کاروان بڵێت باشە بۆ ئەوەی پێزانینی خۆی پیشان بدات بۆ پەرۆشییەکەی کاروان؟ («سوپاس بۆ میهرەبانیت، دەزانم تۆ پەرۆشی منیت»).

7- ڕووی داوە پەرۆشیت بۆ کەسێکی دیکە دەربڕیبێت؟ هەستت بە چی دەکرد؟ هەستی کەسی بەرانبەر چۆن بوو؟

### ڕۆڵوازی

وەرن دەربڕینی پەرۆشی بە ڕۆڵوازی پیشان بدەین. دوو دوو یاری دەکەین. هاوڕێیەک کێشەیەکی هەیە و بۆ ئەوەی دووهەمی باس دەکات. هاوڕێی دووهەم بڕیار دەدات بە گوتە یان بە ڕەفتار پەرۆشیی خۆی پیشان دەدات. پاشان ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ دەکەین. سەرەتا من دەست پێ دەکەم و دەربڕینی پەرۆشی پیشان دەدەم. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە و پیشانی بدەن.

پێشانی فێرخوازانی بدە. پەرۆشی بۆ فێرخوازێک دەرببڕە کە لە کۆتای هەفتەدا نەخۆش بووە: «پێم ناخۆشە تەندروستیت باش نەبوو. هیوادارم ئێستا باشتر بیت». فێرخواز وەها وەڵام دەداتەوە: «سوپاست دەکەم. ئێستا باشترم. سوپاس بۆ میهرەبانیت».

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر. بیری فێرخوازان بهێنەوە کە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن.

- هەڤاڵەکەت تازە چاکەتە تازەکەی خۆی بزر کردووە.
- فێرخوازێکی نوێ لە دالانەکەدا دەگری.
- چاوت لێیە کوڕێک پێی وەردەگەڕێ و دەکەوێت.
- ڕەشەبا پەڕەی ئەرکی ماڵەوەی هاوڕێکەت بەسەر هەموو شۆستەکەدا دەبات.
- باپیرت لای سەختە بەسەر پلیکانەکانی ماڵەوەدا سەر بکەوێت.
- تایەی بایسیکلی هاوڕێیەک پەنچەر دەبێت.
- خزمەکەت لە لایەن هاوڕێکانیەوە وەلا نراوە و خەمبار دیارە.
- تەندروستیی دایکت باش نییە.
- هاوڕێکەت تازە زانیویتی کە بۆ شارێکی دیکە دەگوێزنەوە.
- هاوڕێکەت سەگەکەی بزر کردووە.
- باوکت ماندوو دیارە و دەڵێت ڕۆژێکی ناخۆشی بەسەربردووە.
- براکەت ئەزیەت دەکێشێت بەدەست کێشەیەکی ماتەماتیکەوە.

## ئەنجامگیری

دەربڕینی پەرۆشی هونەرێکی گرنگی دۆستایەتییە. شێوازێکە بۆ پێشاندانی ئەوەی کە تۆ بەرانبەرەکەت لە لا گرنگە.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک فێرخواز یاخود کارمەندی فێرگە نەخۆش یان زامدارە، داوا لە فێرخوازان بکە بیر لە شێوازێک بکەنەوە بۆ دەربڕینی پەرۆشی خۆیان و شێوازەکە پیادە بکەن.

**«یادی ڕۆژ»:** داوا لە فێرخوازان بکە باس لەو کاتانە بکەن کە پەرۆشییان دەربڕیوە بۆ کەسێکی دیکە. بیریان بخەوە دەربڕینی پەرۆشی، جۆری گەورە و بچووکیشی هەیە.

## چالاکیی دیکە

داوا لە پۆلەکە بکە ژەمێکی خواردنی ڕازاوە ساز بکەن بۆ نەخۆشخانەی منداڵان یاخود خانەی تەمەندارانی نزیک فێرگەکەتان.

داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی کاتێک بنووسن کە پەرۆشییان بۆ بەرانبەر دەربڕیوە یاخود دەربارەی کاتێک کە بەرانبەر پەرۆشیی خۆی بۆ دەربڕیون. چی ڕووی دا؟ هەستیان بە چی کرد؟

# بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## دەربارەی بەشی دووهەم

مەبەستی ئەم بەشە کزکردنەوەی ڕەفتاری جرپنانە و درپە لای منداڵ ئەویش لە ڕێی فێربوونی سێ هونەری: خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار:

- **خۆئارامکردنەوە** هونەری کۆنترۆڵی هەست بەکاردەهێنێت بۆ جڵەوگرتنی جرپنی. **جڵەوگرتنی جرپنی** دەڵێ وچان بگرە و بیری لێ بکەوە، پەنا مەبە یەکەم بیرۆکەی بە خەیاڵدا دێت.
- **چارەی کێشە** چەند هەنگاوێکە بۆ چارەی ناکۆکیی نێوان خەڵک.
- **ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار** چارە لە سێ تا پێنج کورتەهەنگاودا کۆ دەکاتەوە و ڕەفتاری تایبەتی پێشان دەدات بۆ پیادەکردنی چارەی دیاریکراو.

## خاڵی سەرەکی

### پۆستەری «خۆئارامکردنەوە»

وچانێک بگرە و بیر بکەوە.

لە خۆت بپرسە: «لەشم هەست بە چی دەکات؟» (فێرخواز بەرتەکی فیزیکیی هەستی بەهێز دەناسنەوە).

سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو (بە هێواشی بەرەو دوا بژمێرە)، بیرکردنەوە لە بابەتی ئارام (بە بەکارهێنانی سکەهەناسە، لە لووتەوە هەناسە هەڵمژە و لە دەمەوە هەناسە بدە).

**پۆستەری «چارەی کێشە»**

**1**- کێشەکە چییە؟ (چارەی کێشە بریتییە لە پێنج هەنگاو). (دیاریکردنی کێشەکە بە بەکارهێنانی نیشانەگەلی زارەکی، ڕوخسار، لەش و دۆخەکی).

**2**- چارە چییە؟ (بیرۆکەبارانە).

(«بیرۆکەباران»: brainstorming - میتودێکە بۆ کۆکردنەوەی بیرورِا دەربارەی مەسەلەیەکی تایبەت بێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕەخنە و سانسوورێک بکەینە لەمپەڕ. پاش کۆکردنەوەی بیرۆکەکان ئەوجا پرۆسەی نرخاندنیان دەستپێدەکات نەک کاتی پێشنیازکردنیان).

**3**- بۆ هەر چارەیەک، لە خۆت بپرسە: ئایا سەلامەتە؟ ئایە بەلای خەڵکەوە چۆنە؟ ئایا ڕەوایە؟ ئایا سوودی دەبێت؟ (هەڵسەنگاندنی چارەسەر لە ڕێگەی پێشبینیکردنی دەرهاویشتەکان).

**4**- چارەیەک هەڵبژێرە و (بە پیادەکردنی هونەری ڕەفتار، چارەکە پیادە بکە).

**5**- ئایا سوودی هەیە؟ ... بەڵێ ، ئەگەر نا، چی بکەم باشە؟ (هەڵسەنگاندنی هەر چارەیەک، ئایە سوودبەخشە یان نا، گەرنا بچۆوە خاڵی سەرەوە).

**بیردانەوە** تەواوکاری پرۆسەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشەیە. فێرخواز لە چەندین وانەدا بیردانەوەی خۆی دەربارەی نەخشی خۆی دەکاتە ڕاپۆرت.

**ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار** ئاماژە دەدات بە وردکردنەوەی چارەسەر بۆ سێ تا پێنج هەنگاوی کورت. هونەرێکی گرنگە فێرخواز فێر بێت هەنگاوەکانی ڕەفتاری خۆی بۆ ئامانجی دیاریکراو، بدۆزێتەوە. ئەم هەنگاوانەن دەبنە بناخەی سەرکەوتنیان لە بەشی ڕۆڵوازیی نێو وانەکان. دەشکرێت هەنگاوەکان بکرێنە ڕێنوێنی بۆ فیدباکی ڕۆڵوازییەکە.

**«بیرکردنەوەی ئاشکرا»** پرۆسەیەکە تێیدا منداڵ بەدەم فێربوون و پیادەکردنی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» وە - بە دەنگی بەرز لە هونەرەکان دەدوێن. ئەم «بیرکردنەوە ئاشکرا» یە منداڵ کێش دەکات بەرەو پرسیار و وەڵام دەربارەی هەنگاوەکانی چارەی کێشە.

بەکارهێنانی **«پەڵەبیر»** لە میانەی ڕۆڵوازیی نێو وانەکاندا (بڕوانە ڕێنامەی مامۆستا) کۆمەک بە فێرخوازان دەکات تەکنیکی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بەکاربهێنن. بە ڕاهێنان منداڵ فێری هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» دەبن، ئەوسا دەتوانن هەنگاوەکان، بە بێدەنگی، لە هۆشی خۆیاندا بڵێنەوە.

سەرچاوەی ئینگلیزی

Camp, B. W., and Bash, M. S. (1981). *Think Aloud: Increasing Social and Cognitive Skills—A Problem-Solving Program for Children* (Primary level). Champaign, IL: Research Press.

### وانەکانی بەشی دووهەم

**وانەی یەکەم:** دەروازەیەک بەرەو جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە – پێناسەکردنی ڕەفتاری جرپنانە، پیادەکردنی تەکنیکی خۆئارامکردنەوە و هەروەها زاڵبوون بەسەر کێشەی چڤاکیدا ئەویش بە بەکارهێنانی هونەرەکانی «چارەی کێشە».

**وانەی دووهەم:** دان و وەرگرتنی ستایش — دان و وەرگرتنی ستایش بەبێ ئەوەی خراپ لەیەک تێبگەن.

**وانەی سێهەم:** دیاریکردنی کێشە و هەڵبژاردنی چارەسەر – کێشەکە دیاری دەکرێت و پاشان لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە چارەیەکی سەلامەت و سوودبەخش بۆ کێشەکە دەدۆزینەوە.

**وانەی چوارەم:** پیادەکردن و هەڵسەنگاندنی چارەسەر - وردکردنەوەی چارەسەر بۆ چەند هەنگاوێک، هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکە و گەر پێویست بوو چارەسەری دیکە دیاری بکرێت.

**وانەی پێنجەم:** سازدانی گفتوگۆ - دەستپێکردن، بەردەوامبوون و کۆتاییهێنانی گفتوگۆ بە شێوازێکی دۆستانە.

**وانەی شەشەم:** پەیمان بردنەسەر - بەکارهێنانی چارەی کێشە بۆ پەیمان بردنەسەر.

**وانەی هەفتەم:** چارەی ترس - دیاریکردنی هۆکاری ترسەکە و پیادەکردنی هونەری چارەی کێشە بۆ چارەکردنی.

**وانەی هەشتەم:** بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ - لە ڕێی بۆ نموونە سەلماندنی هەڵە، داوای لێبوردن و ڕاستکردنەوەی هەڵە.

کاتێک وانەکان ئامادە دەکەیت، کات بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تەرخان بکە و جێ بۆ ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخوازان هەموار بکە. وێنەکانی بەشی ڕۆڵوازیی نێو کارتەکان کۆپی بکە و پارچەپارچە بەسەر فێرخوازاندا دابەشی بکە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن.

## چەمکی زمانەکی

زۆر چەمکی زمانەکی کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون لە بەشی دووهەمدا بەهێز دەکرێن. پەیوەستەی وەک «ئەگەر – ئەوا»، «بۆچی – چونکە» و «وێکچوو - جودا» تێهەڵکێشی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» دەبن. سەرباری ئەوەش، هەندێ وشە و دەستەواژەی سەرەکی دەخرێنە ڕوو، فێرخواز فێر دەبێت:

- کێشە چییە و چۆنی چارە بکات.
- «بیرۆکەبارانە» بۆ دۆزینەوی چارەی کێشە بەکاربێنێت.
- پێشبینی لە دەرهاویشتەکانی چارەکە بکات.

## لیستەی چەمکەکانی بەشی دووهەم

چارەیەکی دیکە، داوای لێبوردن، پرسیار و وەڵام، بیرۆکەبارانە، پەسن (ستایش)، دەرهاویشتە، گفتوگۆ، هەڵسەنگاندن، ترس، دیاریکردن، جرپنی، کێشەی نێوان خەڵک، زیانی درێژخایەن، ڕاستکردنەوە، پەیماندان، بەرپرسایەتی، دەستکەوتی کورتخایەن، توانا، توانای چڤاکی، چارەسەر، بیرکردنەوەی ئاشکرا، متمانە.

## گواستنەوەی زانیار

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە **ڕێنامەی مامۆستا**دا خراونەتە ڕوو، یارمەتیی ڕاهێزانی تواناکانی فێرخواز دەدات.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ».** لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتیی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار وەک دان و وەرگرتنی ستایش یاخود سازدانی گفتوگۆ تێهەڵکێشی چالاکیی ڕۆژانە دەبن.

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** یارمەتیی فێرخواز بدە ڕاهێزانی خۆڕسک بدۆزنەوە، بۆ نموونە (بێستوون داوای نۆرە دەکات بۆ یاری تۆپانە):

- **ئەها بێستوون گەر مرۆڤ بە جوانی داوای نۆرە بکات بۆی دەچێتە سەر.**

**«یادی ئەمڕۆ».** پرسیار لە فێرخوازان بکە ئەو کاتانە دیاری بکەن کە توانایەکی دیاریکراویان تێدا بەکارهێناوە:

- **کێ ئەمڕۆ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کێشەی چارەسەر کردووە؟ چیت کرد؟**
- **کێ ئەمڕۆ پەیمانێکی بردۆتە سەر؟ چیت کرد؟**

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتیی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**تێبینی دەربارەی گەشەسەندن**

**پێناسە و بابەتی گرنگ**

ئەو منداڵەی سەرکەوتووانە جڵەوی جرپنی دەگرێت و کێشە چارە دەکات:

- دەکارێ هەستی خۆی ڕاگرێ
- لێکدانەوەی وردی دەبێت دەربارەی دۆخی چڤاکی.
- لە پەیوەستەی «هۆکار- و- ئەنجام» دەگات.
- ڕێساگەلی پەسەندی ڕەفتاری چڤاکی دەناسێت.
- لە ئاست کێشەی جڤاکیدا چەندین وەڵامی پەسەندی دەبێت.

توانای چارەی کێشە لای منداڵ بەندە بە فێربوونی توانای هاوسۆزییەوە.

منداڵی پلەی خوێندنی سەروو بەرایی:

- توانای هەیە هونەرگەلی چارەی کێشە دەرک بکات،
- دەسەڵاتی هەیە بەسەر چەندین ڕەفتارگەلی جرپنانەدا.
- چەندین هونەری چڤاکی بۆ چارەی کێشەی نێوان خەڵک بەکاردەهێنێت.
- لە زۆربەی دۆخەکاندا، لە دڕیی فیزیکی دوور دەکەوێتەوە.

لە پلەکانی سەروو بەراییدا، هەتا دێ هونەری چارەی کێشە لە لای منداڵ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشە دەکات.

**گرنگیی ئەم بەشە**

گرفتی هەڵکردنی چڤاکی و جڵەوگرتنی جرپنی وابەستەن بە:

- هەڵچوونی تووڕەیی.
- نەسەلماندن لە لایەن کەسی بەرانبەرەوە.
- ڕەفتاری دڕانە.

## چالاکیی دیکە

ئەمانەی خوارەوە پێشنیازگەلێکن بۆ تێکبەستنی بابەتەکانی بەشی دووهەم بە بابەتی دیکەوە.

1- داوا لە فێرخوازان بکە دوو دوو پێک بێن، بێ قسەکردن بەیەکەوە نیگارێک بکێشن. پاش 3 خولەک، بنەوە بە گرووپ بۆ گفتوگۆکردنی ئەزموونەکە. بپرسە ئایا پێویستیان بە هیچ هونەرێکی خۆئارامکردنەوە بووە. (هونەر، دانوستاندن)

2- داوا لە فێرخوازان بکە، دەربارەی دۆست پەیداکردن، دیدار لەگەڵ هاوپۆل، مامۆستا و کارمەندانی فێرگەکەیان، خێزان و هاوسێ بکەن. ئەمەش نموونەی پرسیار:

- تۆ چۆن هاوڕێ پەیدا دەکەیت؟
- تۆ تازە هاتوویتە ئەم کۆڵانە، چۆن هاوڕێ بۆ خۆت پەیدا دەکەیت؟
- چی دەکەیت بۆ ئەوەی کەسێکی تازە هاتۆتە پۆلەکەتان هەست بە نامۆیی نەکات.

سەرلەبەری وەڵامی گشت فێرخوازان لە کتێبێکدا کۆ بکەنەوە و ناوێک لە کتێبەکە بنێن. ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوە بدەن بە پۆلەکانی دیکە و بە کتێبخانەی فێرگەکەی خۆتان. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی. زمان)

3- گریمان فێرخوازان گەشتێکی دەشت یان چیا دەکەن. دەستەیەکی چوار کەسین و دەبێت پێنج بابەتی زۆر پێویست و گرنگ لەگەڵ خۆ ببەن بۆ ئەو گەشتە. پاش پێنج دەقیقە لە گرووپەکە بپرسە:

- چیتان بڕیار دا؟

- چۆن گەیشتنە ئەو بڕیارە؟
- لەم هاوکارییە فێری چی بوون؟
(بیری ورد، سروشتناسی)

**4**- داوا لە فێرخوازان بکە «شارەفتاری ڕۆژ» یان بنووسن. مەبەست لە «شارەفتار» ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گەشە بەرانبەر کەسانی دیکە. هەفتەی وانەیەک بۆ «شارەفتاری ڕۆژ» تەرخان بکەن، فێرخواز باس لە ئەزموونی خۆیان بکەن. (زمان- هونەر)

**5**- داوا لە فێرخوازان بکە بە وێنەکێشان یان بە نووسین هونەرێکی «هەنگاو بە هەنگاو» / بەشی ڕۆڵوازی – بەسەربکەنەوە کە خۆیان پیادەیان کردبێ یان سەرنجیان دابێ. (زمان و هونەر)

**6**- با فێرخوازان دوو لەم پۆل و دوو لەو پۆل، دەستەیەک پێک بێنن و پێکەوە هەوڵ بدەن هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بکەن بە سیناریۆ و پەڵەبیری بۆ بکێشن. ئەوجا هەر دەستەیەک پەڵەبیرەکانی خۆی پیشان بدات و دەربارەی کارەکەی بدوێت. (زمان، هونەر، دراما)

**7**- داوا لە فێرخوازان بکە، بە هاوکاریی دایکوباوکان، بە نووسین ژمارەی ئەو جارانە تۆمار بکەن کە لە ڕۆژانی پشوودا هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» پیادە دەکەن، بۆ نموونە «داوای یارمەتی بە شێوەیەکی ڕێزدارانە». یەکەم ڕۆژی پشوو، فێرخوازان ژمارەکان بە گرافیک و دایگرام پیشان بدەن. (ماتەماتیک، هونەری گرافیک)

8- کاتێک لە پۆلدا چیرۆک بۆ فێرخوازان دەخوێنیتەوە، گەر باس لە کێشە کرا، وچانێک بگرە و داوا لە فێرخوازان بکە کێشەکە دیاری بکەن و چارەی بۆ بدۆزنەوە. ئەوجا داوایان لێ بکە دیدی خۆیان لەگەڵ بەرهەمی نووسەرەکەدا بەرواد بکەن. خاڵی جیاواز و وێکچوو دیاری بکەن. (خوێندنەوە و تێگەیشتن، زمان و هونەر)

9- داوا لە فێرخوازان بکە گوتاری ڕۆژنامە بهێنن باس هەم لە کێشە و هەم لە چارەسەر بکات. فێرخوازێک هەڵبژێرە تا بە دەنگی بەرز بەشی «کێشە»ی گوتارەکەی بخوێنێتەوە. پاشان داوا لە پۆلەکە بکە هەنگاوەکانی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاربهێنن بۆ هەڵبژاردنی چارەسەرێکی پەسەند. دواجار، داوا لە فێرخوازەکە بکە چارەسەری نێو گوتارەکە بخوێنێتەوە و ڕێبەریی پۆلەکە بکە لە گفتوگۆیەکدا بۆ بەراوردکردنی چارەسەرەکەیان لەگەڵ ئەوەدا کە بەڕاستی بەکارهاتووە. لێرەدا ئاستی هونەرکارانەی فێرخوازانی پۆلەکەت بۆ دیار دەبێت. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان)

10- چالاکیی ژمارە 9 دووبارە بکەنەوە، ئەم جارە تێکستی سەر بە لێکۆڵینەوەی چڤاکی بەکاربهێنن. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی)

11- داوا لە فێرخوازان بکە دیدارەکەی «مارتن لوتەر کینگ» و ڕاوێژکارەکانی خۆی بۆ دارشتنی پلانی بایکۆتی پاسی مۆنتگۆمری لە ئەلەباما، بکەنە بابەتی ڕۆڵوازی. هەنگاوەکانی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» وەک ڕێنامە بەکاربهێنە. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان، دراما)

**12**- داوا لە فێرخوازان بکە چالاکی ژمارە 11 لەگەڵ ڕووداوی مێژووکردی دیکەدا ساز بکەن. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان، دراما)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

### وانەی یەکەم: دەربارەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## چەمک

**هونەری چڤاکی** شێوازێکن بۆ هەڵکردن لەگەڵ خەڵکدا.

ناسینەوەی ڕەفتاری جرپنانە و دەرهاویشتەکانیان هونەرێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی هونەری چڤاکیی ئایەتی (پۆزەتیف). هەنەر (تەکنیک)ی خۆئارامکردنەوە دەتوانێت ڕەفتاری جرپنانە کەم بکاتەوە.

**چەمکی زمانەکی:** توانای چڤاکی، جرپنی، دەرهاویشتە، کێشەی نێوان خەڵک

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- ناونانی هونەری چڤاکی.
- ناونانی دەرهاویشتەکانی کردەوەی جرپنانە.
- پێشاندانی تەکنیکی خۆئارامکردنەوە.

## پێداویستی

- پۆستەر: خۆئارامکردنەوە.
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: خۆئارامکردنەوە.
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 3، بەشی دووهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە چەند توانایەکی چڤاکی دەخاتە ڕوو، وەک: تەکنیکی خۆئارامکردنەوە و وچانگرتن بۆ بیرکردنەوە پێش ئەوەی هیچ کارێک بکەیت. هونەری چڤاکی دوو مەبەست دەگرێتەبەر: هەم ڕێبەستن لە کێشەی نێو خەڵک هەم چارەی کێشەکە. جرپنی کێشەیەکی تایبەتە لای منداڵی دڕ، هەر زوو هەموو پێکدادانێک بە ڕەفتارێکی نەیارانە لێک دەدەنەوە (و هەر بەو جۆرەش وەڵام دەدەنەوە).

پۆستەری **خۆئارامکردنەوە** لە جێیەکی بەرچاوی ژوورەکە هەڵبواسە و لە میانەی وانەدا گەر منداڵێک جرپنی کرد، ئاماژە بە هەنگاوەکانی پۆستەرەکە بکە. بڕوانە **کارتی «دەربارەی بەشی دووهەم»** بۆ زانیاریی گرنگ دەربارەی فێرکردنی ئەم هونەرانە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باسی هونەری چڤاکی دەکەین و پێشانی دەدەین ئەو هونەرانە لە کێشەی نێوان خەڵکدا سوودیان چییە. هەروەها باس لە جرپنیش دەکەین. ڕەفتاری جرپنانە ئەوەیە یەکەم بیری بە مێشکدا دێت یەکسەر دەیکەین. بیر لە ئەنجام ناکەینەوە. فێر دەبین جڵەوی جرپنی بگرین و خۆ ئارام بکەینەوە بۆ ئەوەی دەست بکەین بە چارەی کێشەکە.

«هونەری چڤاکی» چەند شێوازێکن بۆ هەڵکردن لەگەڵ خەڵکدا. ئەمەش چەند نموونەیەکی هونەری چڤاکی: بەشکردن، نۆرەبڕین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و وازیکردن بە شێوەیەکی ڕەوا. بەکارهێنانی هونەری جڤاکی چەندین ڕێبەست دەکات و گەر ڕووشی دا چارەی دەکات.

1- کام هونەری چڤاکی لەم بارانەی خوارەودا بەکار دەهێنیت؟

- چی دەکەیت کاتێک هاوڕێیەک داوات لێ دەکات شەو بمێنیتەوە؟ (داوای مۆڵەت لە دایە و بابە دەکەم).

- چی دەکەیت کاتێک دەتەوێت شتێکی هاوڕێیەک بخوازیت؟ (داوای لێ دەکەم بۆ ماوەیەک بمداتێ، یاخود بەشی بکات لەگەڵم یاخود ئاڵوگۆڕی بکەین بە شتێکی دی).

خۆمان زۆر هونەری چڤاکی دەزانین. لە چەند هەفتەی داهاتوودا ئەو هونەرە چڤاکییانە پیادە دەکەین. فێر دەبین چۆن بەکاریان بهێنین بۆ چارەی «کێشەی نێوان خەڵک» – واتە کێشەکانی خۆمان لەگەڵ خەڵک.

ڕێساگەلی نێو پۆل یاریدەرن بۆ وەبیرهێنانەوەی چەند هونەرێکی چڤاکیی گرنگ، ئادەی با ڕێساگەلی نێو پۆل بەسەربکەینەوە - ئەمانە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری خۆمانە کاتێک لە نێو گرووپدا دەدوێین. چاو بە ڕێساگەلی گفتوگۆی نێو گرووپی پۆلەکەتدا بخشێنەوە.

فۆتۆکە پیشان بدە. «چنار» و «سروە» هاوڕێن.



چنار تەماشای وێنەکانی گۆڤاری تیپە پەسەندەکەیان دەکات. سروە ناتوانێت وێنەکان ببینێت و هەست بە هەراسانی دەکات. وەختە گۆڤارەکە لە چنار بفڕێنێت.

**2**- گەر سروە گۆڤارەکە لە چنار بفڕێنێت، چنار هەست بە چی دەکات؟ (هەستڕووشان، تووڕەبوون، سەرسوڕمان).

«جرپنی» بریتییە لە ڕەفتارێکی لەناکاو دەیکەیت یاخود دەتەوێت بیکەیت. کاتێک کێشەیەک دێتە پێش ڕەفتاری جرپنانە بێ بیرکردنەوە دێنە پێش. جرپنی هەیە باشە، وەک خۆلادان لە ئۆتۆمبێلی خلیسکێنە یاخود یارمەتیدانی کەسێکی گرفتدار. بەڵام زۆربەی ڕەفتاری جرپنانە کێشە دروست دەکەن.

**3**- چی ڕوو دەدات ئەگەر سروە گۆڤارەکە لە چنار بفڕێنێت؟ (چنار تووڕە دەبێت. دەشێت گۆڤارەکە بدڕێت).

لە دۆخی وەهادا باشتر وایە یەکسەر خۆت ئارام بکەیتەوە، وچانێک بگریت و بیر لە هەستەکانت بکەیتەوە. هەست ڕەوایە، بەڵام ڕەفتار هەیە نارەوان.

ڕەوایە سروە هەست بە هەراسانی بکات، بەڵام سوودی نییە گۆڤارەکە لەت بکات. سروە خۆی ئارام دەکاتەوە، وچانێک دەگرێ و بیر دەکاتەوە - بەو شێوەیە چارەیەکی ئایەتی (پۆزەتیف) بۆ کێشەکە دەدۆزێتەوە.

وەرن سەیرێکی پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» بکەین. دەست بۆ پۆستەرەکە ڕابکێشە. یەکەم هەنگاو دەڵێ وچان بگرە و بیر بکەوە. ئەمە کاتم دەداتێ لە خۆم پرسم «لەشم هەست بە چی دەکات؟»

**4**- چ ئاماژەیەکی لەشی سروە پیشانی دەدات سروە هەراسانە؟ (لەشی گەرم دادێت. دڵی خێرا لێدەدات).

**5**- سروە، بۆ خۆئارامکردنەوە، چی بکات باشە؟ (سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە بابەتی ئارام، خۆدواندن).

وەرن لە ڕێی «سکەهەناسە» وە سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژین. وەهای بیر لێ بکەوە بۆنی شۆربایەکی گەرم دەکەیت و بە هێواشی بە لووت هەناسە هەڵدەمژیت. پاشان شۆرباکە بە فوو سارد دەکەیتەوە، بە هێواشی بە دەم هەناسە دەدەیتەوە. ئادەی با پێکەوە سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژین. کاتی هەناسە هەڵمژین و هەناسەدانەکە دەست لەسەر سک دابنێ تا هەستی پێ بکەیت چۆن بە هێواشی هەوا دەچێتە ناوەوە و دێتە دەرەوە.

ئەوجا بە هێمنی لە ژمارە پێنجەوە هەتا یەک، بەرەو دوا، بژمێرە. گەر زۆر تووڕەیت لە ژمارە دەوە دەست پێ بکە.

گەر زۆر دڵگەرم یان پەستیت، بیر لە باسێکی ئارام بکەوە.

ئەمەش نموونەی بیرۆکەی ئارام بۆ خۆهێمنکردنەوە. ________________.

(باس لە ئەزموونی خۆت بکە).

**6**- تۆ بە کام بیرۆکەیە ئارام دەبیتەوە؟ (گەر فێرخوازان بۆیان نەهات پێشنیازی: دیمەنی هەور، گوێگرتن لە چیرۆک ... هتد بکە).

شێوازێکی دیکەی خۆئارامکردنەوە بریتییە لە «خۆدواندن». کاتێک بە خۆت دەڵێیت «ئارام بەوە، ئەم کارەت بۆ ساز دەبێت» یاخود «سارد بەوە»... جڵەوگرتنی هەست و سۆز ئاسانتر دەبێت.

**7**- ئادەی چەند گوتەیەکی دیکەم بۆ باس بکەن کە دەشی مرۆڤ بۆ خۆئارامکردنەوە بەکاریان بێنێت؟ («ئارم بەوە»، «نەرم، نەرم»، «هێمن بەوە»).

وەرن بگەڕێینەوە بۆ لای سروە و چنار. کاتێک سروە هەستی کرد لەشی لە تاو تووڕەییدا گرژ دەبێت، بە وچانگرتن و بیرکردنەوە خۆی گرت و گۆڤارەکەی لە دەست چنار دەرنەهێنا. بە هێواشی بەرەو دواوە ژماردی و بڕیاری دا داوا لە چنار بکات بچنە شوێنێک هەردووکیان گۆڤارەکە ببینن. بەم کارە سروە هونەری چڤاکی بەکارهێنا.

**چالاکی**

بیر لە بەسەرهاتێک بکەوە تێیدا هەستێکی توند دایگرتوویت و جرپنانە ویستووتە قسەیەک یان کارێک بکەیت. ئەمەش نموونە: (چیرۆکی دیکەش لێرەدا جێی دەبێتەوە): چاوم لە بەرپێی خۆم نەبوو، هەڵنووتام و شیرەکەی نیازم بوو بە چۆرەکەوە بیخۆمەوە، ڕژا. هەستم بە تووڕەیی کرد و خەریک بوو چۆرەکەکە فڕێ بدەمە خوارێ. بە خۆمم گوت، «هەر هێواش بە». زەوییەکەم خاوێن کردەوە و پەرداخێ شیری دیکەم تێکرد. توانیم جڵەوی جرپنیی بگرم. جارێکی دیکە وریاتر دەبم.

ئێستا ئەو باسە بۆ هاوسێکەت ڕوون بکەوە، بۆی باس بکە:

- چی ڕووی دا.
- هەستت بە چی کرد.

- خەریک بوو چی بکەیت — جرپنی.
- ئەدی بە ڕاستی چیت کرد.
- گریمان ئەوەی ڕووی دا ئەوە نەبوو تۆ چاوەڕێی بوویت، چیت دەکرد.

ئەم سەرەخاڵانە لەسەر پەڕە پۆستەرەکە بنووسەوە. پاش ئەوەی هەر کەس لەگەڵ هاوسێکەیدا باسی دەکات، داوا لە چەند کەسێکی دڵخواز بکە لەگەڵ هەموو گرووپەکە باسی بکەن.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ باسی «جرپنی» و بەرتەکی کتوپڕمان کرد. کاتی کێشە وەها باشە وچانێک بگریت و بیری لێ بکەیتەوە. خۆت ئارام بکەیتەوە. چەند هونەرێکی خۆئارامکردنەوەمان پیادە کرد. کۆپی پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» دابەش دەکەم بەسەرتاندا بۆ ئەوەی هەیان بێت. مرۆڤ کاتێک ئارام دەبێتەوە، دەتوانێت هونەری چڤاکیی دیکە بەکاربهێنێت بۆ چارەی کێشەکەی خۆی.

**بۆ ماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 3، بەشی دووهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

لە ماوەی ڕۆژەکەدا، ئاماژە بدە بە ڕەفتاری جرپنانە بۆ ئەوەی هانی فێرخواز بدات وچان بگرن و بیر لە ئەنجام بکەنەوە.

**«یادی ڕۆژ»:** داوا لە فێرخوازان بکە باس لە کاتێک بکەن تێیدا، لە بری جرپنی، خۆیان تێدا گرتووە، وچانێکیان گرتووە و بیریان کردۆتەوە.

**چالاکیی دیکە**

1- داوا لە هەر فێرخوازان بکە لیستێکی «بیرۆکەی ئارام» ساز بکەن. ئەگەر لە ماوەی هەفتەکەدا فێرخواز تووڕە بوو، هانی بدە، بۆ خۆئارامکردنەوە، یەکێک لەو بیرۆکانە بەکاربهێنێت. پاش ڕۆژێک بەسەری بکەوە بزانە ئەو کارەی سوودی هەبوو.

2- داوا لە فێرخوازان بکە باسێکی پەیوەندیدار لە شێوەی نامەیەکدا دابڕێژن بۆ هەڤاڵەکەیان.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی دووهەم: دان و وەرگرتنی ستایش

## چەمک

**ستایش** بریتییە لە وشەی پەسن و بەرزنرخاندنی بەرانبەر. ستایش بۆ ئەوەیە هەستی نازۆبوون لای بەرانبەر زیاد بکات، بەڵام جاریش هەیە دەبێتە مایەی لەیەک نەگەیشتن.

هونەری وەرگرتنی ستایش لە کەسێک زمانی دایکزای جودا بێت، نیشانەی سنگفرەوانیی تۆیە، نیشانەی سەلماندنی جوداوازیی خەڵکە.

**چەمکی زمانەکی:** ستایش

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- پێدانی ستایش.
- سەلماندنی ستایش بە گوتنی «سوپاست دەکەم».

## پێداویستی

- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ستایش زۆر جار جێی خۆی دەگرێت، بەڵام جاریش هەیە دەبنە هۆی خراپ لێکگەیشتن. ئەمەش کێشە بۆ هەردوو لا ساز دەکات، هەم ستایشبێژ و هەم

ستایشکراو. کاتێک کەسێک ستایش ڕەت دەکاتەوە، کەسی ستایشبێژ هەست بە شکاندنەوە دەکات. منداڵ هەیە وەڵامیان لە ئاست ستایشدا کزە لەبەر ئەوەی دەترسن نەکا ستایشبێژ گاڵتەیان پێ بکات یان فێڵیان لێ بکات. جیاوزیی فەرهەنگیش نەخشی هەیە - بۆ نموونە لە فەرهەنگێکدا کە سادەیی تێدا گرنگە، ستایش جێی زۆر خۆش نییە. سەرنج بدە پەیوەندیی نێوان دان و وەرگرتنی ستایش لای فەرهەنگی جیاواز. وەبیر فێرخوازانی بهێنەوە کە مرۆڤ هەستی هەمەجۆریان هەیە، چ ستیایشبێژ بن چ ستایشکراو.

### چیرۆک و گفتوگۆ

«ستایش» چییە؟ (گوتەیەکە باس لە لایەنێکی باش یان کارێکی باشی کەسێک دەکات). بۆچی خەڵک ستایش دەدات؟ (بۆ دڵشادکردنی بەرانبەر).

ئەمرۆ خۆمان لەگەڵ دان و وەرگرتنی ستایش ڕادێنین.

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمە «ڕۆشنا» یە. ڕۆشنا کچێکی نوێیە لە پۆلدا، زمانێکی دایکزای جودای هەیە و تازە خەریکە «ئاڤان» دەناسێت. ڕۆشنا دەبینێت ئاڤان وەرزشەوانێکی باشە و لە هەموان خێراتر بە دەوری گۆڕەپانی یاریدا ڕا دەکات. ڕۆشنا دەڵێت: «ئاڤان، تۆ وەک ئەسپ ڕادەکەیت». ئاڤان لە کچەکانی چواردەوری دەڕوانێت و دەڵێت: «نەخێر هیچ وانییە!»

1. کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (ئاڤان خراپ لە ستایشەکەی ڕۆشنا گەیشتووە).
2. دەبێت ئاڤان هەستی بەرانبەر گوتەکەی ڕۆشنا چۆن بووبێت؟ (شەرمەندە، تووڕە) بە چیدا دەزانیی وایە؟ (گفتوگۆ لەسەر دەربڕینی ڕوخسارەکی و زمانی لەش بکەن).
3. ڕۆشنا مەبەستی چی بوو کاتێک گوتی، ئاڤان «وەک ئەسپ» ڕادەکات؟ (ئەوە بوو کە ئاڤان تیژڕۆیە. مەبەستی ستایش بوو).
4. دەبێت هەستی ڕۆشنا چۆن بێت بەوەی ئاڤان ستایشەکەی ڕەت کردەوە؟ (شەرمەزار، سەرسوڕماو، دڵشکاو).
5. دەیسا ڕۆشنا چی بکات باشە؟ (مەبەستی خۆی ڕوون بکاتەوە و بڵێت «ڤیکی، مەبەستم ئەوە بوو کە تۆ باشترین ڕاکەریت لە پۆلەکەماندا»).
6. ئەی ئاڤان چۆنی وەڵام بداتەوە باشە؟ («سوپاست دەکەم». «داوای لێبوردن دەکەم کە تووڕە بوم»). گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەوە بۆچی وەها باشە بە ئەدەبەوە ستایش وەربگریت وەک لەوەی ڕەتی بکەیتەوە.

کەسی بەرانبەر گەر زمانی دایکزای کوردی نەبێت دوور نییە گوتە و دەربڕینی هەبێت لای تۆ نامۆ بن و ببنە مایەی لەیەک نەگەیشتن. بیر لەوە بکەوە کە قسەکردن بە زمانێکی بیانی کارێکی سەختە. گەر دۆخێکی وەها هاتە پێش دەبێت سەبرت هەبێ و بەرانبەر دەرک بکەیت.

دوور نییە ستایش لە نێوان خەڵکی هاوزمانیشدا خراپ بێتە تێگەیشتن. خەڵک هەستی جودای هەیە دەربارەی پێدان و وەرگرتنی ستایش. هەیە بە دان و وەرگرتنی ستایش شاد دەبێت، هەیشە هەست بە شەرم یاخود شەرمەزاری دەکات. جوداوازیی وەهاش لەوانەیە ببنە هۆی خراپ لێکگەیشتن.

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ پێدانی ستایش بنووسینەوە. ڕێنوێنیی فێرخوازان بۆ ڕیزکردنی چەند هەنگاوێک. ئەمانەش نموونەن:

1. بڕیاری گوتەی خۆت بدە.
2. بیر لەوە بکەوە کەسی بەرانبەر هەستی دەربارەی ستایشەکەی تۆ چۆن دەبێت.
3. ستایشەکەت دڵسۆزانە دەرببڕە.

ئەوجا چەند هەنگاوێک بۆ وەرگرتنی ستایش:

1. بیر لە مەبەستی ستایشبێژ بکەوە.
2. ستایشەکە بسەلمێنە و بڵێ: «سوپاست دەکەم».

## چالاکی

ڕوو بکە هاوسێکەت و بیر لە کارێکی ئەو کەسە بکەوە کە لای تۆ پەسەند بێت. پاشان ستایشێکی ڕاستینەی بدەیە. ستایشی سەروسیمای مەکە، ستایشی کارێکی جوانی ئەو کەسە بکە. ئەگەر کەسەکە ناناسیت بیدوێنە، بزانە لە چیدا دەستڕەنگینە. ئەوجا ستایشی بکە.

کاتی ستایشدان هەستت بە چی کرد؟ کاتی ستایش وەرگرتن هەستت بە چی کرد؟ ئەوجا لەگەڵ دوو کەسی دیکە تاقی بکەوە. ئەگەر ستایشی دایکت و باوکت بکەیت چۆن دەکەیت؟ بیری لێ بکەوە و لەماڵەوە تاقی بکەوە.

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لە ستایش کرد، دان و وەرگرتنی ستایش و هەروەها باسمان لەوەش کرد مرۆڤ جاری وەها هەیە خراپ لە ستایش دەگات.

**بۆ ماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان

«دان و وەرگرتنی ستایش» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

### گواستنەوەی زانیار

ڕۆژەکە بە «پێزانین» بۆ چەند ڕەفتار و ڕەفتارێکی تایبەت دەست پێ بکە:
«سوپاستان دەکەم بۆ بەشداربوونتان لە گفتوگۆی دوا جاردا، زۆر باش بوو». سەرنج بدە ئەو فێرخوازەی ستایش دەکات و پێزانینی پێشان بدە.

**«یادی ڕۆژ»:** پرسیار بکە بزانە کێ ستایشی داوە یاخود وەرگرتووە.

### چالاکیی دیکە

**1**- داوا لە فێرخوازان بکە ببنە دوو دوو ڕۆڵی کەسێکی مێژوودار ناودار و کەسێکی ستایشبێژ ببینن. پاشان جێگۆڕکێ بکەن.

**2**- داوا لە فێرخوازان بکە سێ کەسایەتی خۆشەویست هەڵبژێرن و ستایشیان بکەن. داوایان لێ بکە دەربارەی چۆنێتی هەستی دان و وەرگرتنی ستایش و هەر کاریگەریەکی دیکەی هەیبووبێت، بنووسن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی سێهەم: دیاریکردنی کێشە و هەڵبژاردنی چارە

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

دیاریکردنی کێشە پێویستی بەوەیە بە دوای نیشانە و سەرەداودا بگەڕێیت، داوای ئاگاداری بکەیت و لە بۆچوونی خەڵک ورد ببیتەوە.

بیرۆکەبارانە بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەی تازەی چارەی کێشە بەکار دەهێنین.

هەڵسەنگاندنی چارە، لە ڕێی پێشبینیکردنی دەرهاویشتەکان، یارمەتیمان دەدات چارەیەکی باش هەڵبژێرین.

**چەمکی زمانەکی:** دیاریکردن، پرسیار و وەڵام، چارە، بیرۆکەبارانە، هەڵسەنگاندن، دەرهاویشتە، «بیرکردنەوە ئاشکرا».

## ئامانج

فێرخواز تواناییان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی کێشەیەکی تایبەت.
- دۆزینەوەی چەندین چارە بۆ کێشەیەک.
- هەڵسەنگاندنی چارە.
- هەڵبژاردنی چارەیەک لە نێو چەند چارەیەکدا.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی چوارەم: «تۆپەکە، بەشی یەکەم».
- تەلەڤیزیۆن و ئامێری لێدانی ڤیدیۆ.

- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- پۆستەری چارەی کێشە.
- نامیلکەی چارەی کێشە.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە چوار هەنگاوی یەکەمی چارەی کێشە دەخاتە ڕوو. پێشانی دەدات چۆن وێنەیەکی بێلایەنانە، نەک لایەنگیرانەی کێشە پەیدا دەکەیت. سەرەتا، بۆ دۆزینەوەی زۆرترین چارەڕێ، بیرۆکەبارانە بەکاربێنە بێ هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان. هەڵسەنگاندن هەڵگرە بۆ دوایی. تەنانەت هەڵسەنگاندنی گەش (ئایەتی - پۆزەتیف) یش (بۆ نموونە گوتنی «ئەمە بیرۆکەیەکی باشە») وەها لە فێرخوازان دیکە دەکات لە لای خۆیانەوە بکەونە هەڵسەنگاندن و هەر زوو چەند چارەیەک وەلا بنێن. وەڵامدانەوەی بێلایەنانە وەک «ئەوە بیرۆکەیەکە - دەی بیرۆکەی دیکە چی؟» بەشداربوون هان دەدات. دەبێت هەموو فێرخوازێک بەشداری هەموو هەنگاوەکانی ڕۆڵوازیی ئەم وانەیە بێت.

پێشتر تەماشای کاسێتی ڤیدیۆکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا. لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەتوانن بە دوو دانیشتن پێشکەشی بکەن، کە نابێت زیاتر لە دوو ڕۆژ لێک دوور بن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمرۆ فێر دەبین وەک پەیجۆر (دۆزکار، لێکۆڵەرەوەی پۆلیس) کار بکەین بۆ دیاریکردن و چارەی کێشە: دەگەڕێین بۆ نیشانە و سەرەداو، پرسیار دەکەین و وەڵام دەدەینەوە.

پۆستەری «چارەی کێشە» پیشان بدە. ئەم پۆستەرە هەنگاوەکانی چارەی کێشە پیشان دەدەن، ئێمە گەر خۆمان ئارام بکەینەوە، دەتوانین پیادەیان بکەین. پرسیار و وەڵامی «کێشەکە چییە؟» یەکەم هەنگاوە لە چارەی کێشەدا. ئادەی با تەماشای ڤیدیۆیەک بکەین دەربارەی سێ فێرخواز کە کێشەیان هەیە. هەوڵ بدەن بزانن کێشەکە چییە. ڤیدیۆ کلیپەکە پیشان بدە، پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ.

فۆتۆکە پیشان بدە. ئەمانە «تانیا»، «دلێر» و «ڕامۆ» ن.



1- چ نیشانە و سەرەداوێک پێت دەڵێن کێشە هەیە؟ (لەشی ڕامۆ گرژ دیارە. دلێر بۆ دواوە پاڵ بە «ڕامۆ» وە دەنێت. تانیا تووڕە دیارە).

به تێڕوانینی ڕوخسار و لەشی ڕامۆ و تانیا و بیستنی ئەوەی لە ڤیدیۆکەدایە، دەتوانیت بلێیت کێشەیەک هەیە. سەرنج بدە وردەکارییەکانی دیمەنەکە، ئەمەیان یارمەتیت دەدات خۆت بگریت و بە پەلە باز نەدەیت بۆ دەرهاویشتە و ڕەفتاری جرپنانە.

2- گریمان کێشەیەک ڕووی داوە، تۆ سەرنج دەدەیتە ئەو کەسانەی تێوەگلاون، بەڵام ناتوانیت کێشەکە دەرک بکەیت، چار چییە؟ (پرسیار بکە چی ڕووی داوە).

3- کاتێک دەپرسیت چی ڕوو دەدات، بۆچی گرنگە پرسیار لە هەموو کەسێک بکەیت؟ (بۆ ئەوەی بۆچوونی هەموو کەسێک بزانیت).

4- جرپنیی ڕامۆ بۆ گرتنی تۆپەکە بوو. گریمان تۆپەکەی گرت، چی ڕووی دەدا؟ (لەوانەبوو لەگەڵ تانیا بە شەڕ بهاتنایە. لەوانەبوو ڕامۆ توشی گرفت بایە)

5- ڕامۆ، بەر لە چارەی کێشە، بۆ خۆئارامکردنەوە چی بکات باشە؟ (سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە بابەتی ئارام، خۆدواندن).

ئاماژە بدە بە یەکەم هەنگاوی «چارەی کێشە».

6- کێشەکە چییە؟ (تەنها یەک تۆپ هەیە، هەم ڕامۆ و هەم تانیا دەیانەوێت وازی پێ بکەن) دەبێت هەوڵ بدەین بە شێوەیەک کێشەکە باس بکەین لۆمەبەدەر بێت – لۆمە لە کەس نەکات.

وەرن خۆمان فێر بکەین چارە بۆ کێشەکە بدۆزینەوە.

7- پاش دڵنیابوون لەوەی کە تێدەگات کێشەکە چییە، ڕامۆ دەتوانێت بیر لە چەند چارەیەک بکاتەوە. ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 2. چارەی وەک چی؟ (نۆرەگرتن. باسکردنی لای مامۆستا. وازیکردن لەگەڵ تانیا).

پاش هەر پێشنیازێک دیسان بیر بکەوە: ئەوە یەک بیرۆکەیە. دەیتوانی چی دیکە بکات؟ چارە گونجاوەکان لە لیستەیەکدا تۆمار بکە. بەم جۆرە زۆرترین چارەی گونجاو دەدۆزیتەوە. بەم هونەرە دەگوترێ «بیرۆکەبارانە».

ئێستا چەندین چارەمان هەیە کە ڕامۆ دەتوانێت بەکاریان بهێنێت. ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 3 . هەنگاوی داهاتوو بریتییە لە هەڵسەنگاندنی یەک بە یەکی چارەکان. مەبەست لە «هەڵسەنگاندن» بیردانەوەیە لە «دەرهاویشتە»ی هەر چارەیەک. بۆ هەڵسەنگاندنی هەر چارەیەک وەڵامی ئەم چوار پرسیارە دەدەینەوە:

- ئایا سەلامەتە؟
- کەسانی بەرانبەر چۆنی دەبینن؟
- ئایا ڕەوایە؟
- ئایا سوودی هەیە؟

وەرن چارەکانی تۆمارمانکردن بەم پرسیارانە بکێشین. من خۆم دەکەم بە ڕامۆ و بۆچوونی ڕامۆ دەربارەیان باس دەکەم:

گریمان تۆپەکەم لە تانیا فڕاند، چی ڕوو دەدات؟ ئایا سەلامەتە؟ نەخێر، لەوانەیە کەسێک ئازاری پێ بگات. کەسانی بەرانبەر چۆنی دەبینن؟ لەوانەیە ڕەفتارەکەی من تانیا تووڕە بکات. ئایا ڕەوایە؟ فڕاندن ڕەوا نییە. ئایا سوودی دەبێت؟ لەوانەیە سوودی نەبێت، لەوانەیە تانیا تۆپەکەی بفڕێنێتەوە، لەوانەیە تووشی گرفتێک بم.

دەست پێ بکە، خۆت بکە بە «ڕامۆ» و چارەکانی دیکەش بەو پرسیارانە بکێشە. داوا لە فێرخوازان بکە نۆرە بگرن و ئەوانیش بە پرسیار و وەڵام چارەکان هەڵسەنگێنن.

ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 4 ی «چارەی کێشە». ئێستا پێویستیمان بە هەڵبژاردنی چارە هەیە. ئەمەش هەنگاوی چوارەمە لە چارەی کێشەدا.

8- پاش هەڵسەنگاندنی هەموو چارەیەکی گونجاو، ڕامۆ کامیان هەڵبژێریت باشە؟ (پێکەوە وازی بکەن. نۆرە بگرن). بۆچی؟ (سەلامەت و ڕەوایە، دەبێت هەموو کەسێک چارەکەی لە لا باش بێت و دەبێت چارەکە سوودی هەبێت).

## ڕۆڵوازی

ئێستا چەند دۆخێکی کێشەدار دەکەینە ڕۆڵوازی. لە ڕۆڵوازییەکەدا هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا بە «بیرکردنەوەی ئاشکرا» پێشان دەدەین. سەرەتا من دەست پێ دەکەم. (دوو فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە و چەند هەنگاوێکیان پێ بسپێرە).

پێشانی فێرخوازانی بدە. تۆ و فێرخواز ڕۆڵی «ڕامۆ» دەنوێنن کاتێک بە «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بۆ چارەی کێشەکە دەگەڕێت: کێشەکە چییە؟ تانیا و من هەردووکمان دەمانەوێت یاری بەو تاکە تۆپە بکەین. فێرخوازی یەکەم دەڵێت: «چارە چییە؟ دەتوانم لێی بفڕێنم. دەتوانم نۆرەگرتن پێشنیاز بکەم. دەتوانم فێرکردنی یاریەکی نوێ بخەمە بەردەم تانیا.

فێرخوازی دووم دەڵێت: «چی ڕوو دەدات ئەگەر تۆپەکە لە تانیا بفڕێنم؟ ئایا سەلامەتە؟ نەخێر. دەبێت کەسی بەرانبەر ئەم چارەیەی بە لاوە چۆن بێت؟ دەشێت تانیا تووڕە ببێت. دەشێت خۆم دڵتەنگ بم. ئایە ڕەوایە؟ ڕەوا نییە. سوودی هەیە؟ لەوە ناچێت چارەی کێشەکە بکات».

فێرخوازی دڵخوازی دیکە هەڵبژێرە بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو چوار پرسیارەی هەڵسەنگاندنەوە، لە هەموو چارە پەسەندکراوەکان ورد ببنەوە. لە کۆتاییدا، پرسیار لە پۆلەکە بکە: دەبێت بە بۆچوونی ئێوە کام چارە هەڵبژێرین؟

پاش مۆدێلی ڕۆڵوازی، بپرسە: کارەکەمان چۆن بوو؟ ئایا هەنگاوەکانی چارەی کێشەمان ڕەچاو کرد؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. بۆ هەر ڕۆڵوازییەک، سێ فێرخواز هەڵبژێرە و داوایان لێ بکە ڕەچاوی هەنگاوەکانی چارەی کێشە بکەن. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر.

- فێرخوازێک شتێکی لە مێزەکەت دەرهێناوە.
- هاوڕێیەک داوەتت دەکات بۆ سینەما، بەڵام خۆت تازە هاوڕێیەکی دیکەت داوەت کردووە بۆ سینەما.
- هاوپۆلێک نارەحەتت دەکات.
- فێرخوازێک ڕاپۆرتی کتێبەکەتی کۆپی کردووە.
- فێرخوازێک شەق لە کورسی مێزەکەت دەدات.
- کچێک لە سەرەدا دێتە بەردەمت.
- فێرخوازێک لە هەموو یارییەکدا سوورە لەسەر ئەوەی خۆی ڕێبەر بێت.
- کوڕێک دەرفەتی یاری ناداتە تۆ.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێری یەکەم چوارە هەنگاوی «چارەی کێشە» بووین. سەرتا فێربووین چۆن کێشە دیاری بکەین بە شێوازێکی لۆمەبەدەر، لە ڕێی گەڕان بەدوای نیشانە و سەرەداوەوە، پرسیارکردن و بیرکردنەوە لە بۆچوونی هەموو کەسێک. پاشان لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە چەند چارەیەکی گونجاومان دۆزییەوە. ئەوجا هاتینە سەر هەڵسەنگاندنی هەر یەک لەو چارانە، ئەمیش لە ڕێی چوار پرسیارەوە: «ئایا سەلامەتە؟ کەسانی بەرانبەر چۆنی دەبینن؟ ئایا ڕەوایە؟ ئایا سوودی هەیە؟». پاش هەڵسەنگاندن باشترین چارەیان هەڵدەبژێرین.

جاری داهاتوو فێر دەبین چارەی هەڵبژاردەمان جێبەجێ بکەین و لە ئەنجامەکەی ورد بینەوە، سوودی هەبوو یان نا؟ ئەگەر سوودی نەبوو چی بکەین باشە؟

ئەمەش کۆپی پۆستەری «چارەی کێشە»، بۆ خۆتان. زوو زوو سەیری بکەن بۆ ئەوەی هەردەم هەنگاوەکانتان لە بیر بێت. (کۆپییەکان دابەش بکە).

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک نێوانگیری ناکۆکییەک دەکەیت، داوا لە خوێنکاران بکە، سەرەتا بەر لەوەی چارەی کێشەکە بکەن، هەوڵ بدەن کێشەکە دەرک بکەن، هانیان بدە دەربڕینی بێلایەنانەیان لە کێشەکە هەبێت. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە هونەری «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بۆ چارەی کێشە بەکاربهێنن.

بە گوتەی وەک: «ئەوەش چارەیەک. چارەیەکی دیکە چییە؟» فێرخوازان هان بدە هونەری «بیرۆکەبارانە» بەکاربهێنن بۆ دۆزینەوەی چارەڕێی دیکە.

**«ڕۆژەکەت لەبیر بێت»:** داوا لە فێرخوازان بکە باس لە ئەزموونەکانی خۆیان بکەن دەربارەی دیاریکردنی کێشە و دۆزینەوەی چارەڕێ.

## چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی کێشەیەک بنووسن هاتبێتە ڕێیان. داوایان لێ بکە لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە هەر نەبێت چوار چارەی گونجاو بدۆزنەوە. پاشان لە ڕێی پرسیارەکانی هەڵسەنگاندنی هەنگاوی سێهەمەوە - یەک بە یەک چارەکان هەڵسەنگێنن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی چوارەم: جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی چارە

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

وردکردنەوەی چارە بۆ چەند هەنگاوێکی بچووک، جێبەجێکردنی ئەو چارەیە ئاسانتر دەکات.

پاش ئەوەی چارەیەک هەڵدەبژێریت، هەڵی دەسەنگێنیت، گەر بێسوود بوو دەیگۆڕیت بە چارەیەکی دیکە. ئەمە باسێکی گرنگە لە چارەی کێشەدا.

**چەمکی زمانەکی:** هەنگاو، چارەی دیکە

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- وردکردنەوەی چارە بۆ هەنگاوی بچکۆلە.
- هەڵسەنگاندنی چارە، ئایە سوودی هەبوو.
- هەڵبژاردنی چارەی دیکە کاتێک چارەی هەڵبژاردە سوودی نابێت.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی «تۆپەکە، بەشی دووهەم». - بەرگی چوارەم.
- تەلەڤیزیۆن و ئامێری لێدانی ڤیدیۆ.
- پۆستەر: چارەی کێشە.
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە درێژەپێدانی چیرۆکی ڕامۆ و تانیای وانەی سێهەمە. لەم وانەیەدا، فێرخواز چەندین هەنگاوی بچووک دەخەنە ڕوو بۆ جێبەجێکردنی چارەی هەڵبژاردە. هەر بۆ ڕێنوێنی چەند هەنگاوێک کراونەتە پێشنیاز.

فێرخواز لە هەڵبژادنی چارەدا دەبێت نەرم بێت. گەر چارەی یەکەم بێسوود بوو دەبێت توانای هەبێت ڕوو بکاتە چارەی دیکە. ئاماژە بدە بەوەی زۆر جار چارەی یەکەم بێسوود دەردەچێت. لە بیرت بێت کاتی ڕۆڵوازی هونەری «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بەکاربهێنیت و داوا لە فێرخوازانیش بکە لە سەرەی خۆیاندا بەکاری بهێنن.

ڤیدیۆی ئەم وانەیە، بەسەرهاتەکەی وانەی پێ ناوبڕ دووبارە دەکاتەوە. پێشتر تەماشای کاسێتی ڤیدیۆکە بکە و پاشان بیخەوە سەرەتا.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 1 «چارەی کێشە» بکە. جاری پێشوو، بۆ دیاریکردنی کێشەکەی ڕامۆ و تانیا، سەرنجمان دایە نیشانەکان. (ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 2) بیرمان لە چەندین چارەی گونجاو کردەوە. (ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 3 و ژمارە 4) پاشان، چارەکانمان هەڵسەنگاند و یەکێکمان هەڵبژارد.

1- ڕامۆ چی بکات باشە تا ئارام ببێتەوە پێش ئەوەی چارەی کێشەکە بکات؟ (سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژێت. بیر لە بیرۆکەیەکی ئارام بکاتەوە).

2- کێشەکەی ڕامۆ و تانیا چییە؟ (ڕامۆ دەیەوێت وازی بە تۆپەکە بکات، بەڵام یەکەمجار تۆپەکە لای تانیا بووە). دڵنیا بە لەوەی فێرخوازان کێشەکە بە شێوەیەکی بێلایەنانە باس بکەن.

باسکردنی کێشەکە دەبێت بە شێوەیەک بێت لۆمە نەخاتە سەر هیچ کەس. گەر بزانین کەسی بەرانبەریش چۆن لە کێشەکە دەڕوانێت، ئەوا دەرفەتی ڕێکەوتن لەسەر چارەیەکی باش زیاترە. لۆمەکردنی بەرانبەر چ سوودی نییە.

-3 لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە چەند چارەیەکمان ڕیز کرد. ئەوجا بە چەند پرسیارێک چارەکانی لیستەکەمان هەڵسەنگاند. ئەو پرسیارانە چی بوون؟ ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 3 بدە و فێرخوازان پرسیارەکان ڕیز دەکەن.

لە وانەی پێشوودا، چارەیەکی پێشنیازکراو بۆ ڕامۆ بریتی بوو لەوەی باسی نۆرەگرتن لەگەڵ تانیا بکاتەوە. وەرن بزانین ڕامۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم چارەیە، چۆن چارەکە دەکاتە چەند هەنگاوێکی بچووک، «وردەهەنگاو».

-4 یەکەمین شت چییە کە ڕامۆ دەتوانێت بیکات کاتێک نۆرەگرتن بۆ تانیا پێشنیاز دەکات؟ یەکەم هەنگاو لەسەر کاخەزی پۆستەر تۆمار بکە. پاش ئەوە ڕامۆ چی بکات باشە؟ (سێ، چوار هەنگاو تۆمار بکە).

ئادەی با بە هەنگاوەکانی ڕامۆدا بچینەوە. هەنگاوەکانی لیستەی پۆلەکە بەسەربکەنەوە. ئەمەش چەند نموونەیەک: 1- بە ڕوخسارێکی دۆستانەوە ڕوو لە کەسی دووهەم بکە، 2- بیر لە گوتەی خۆت بکەوە، 3- پێشنیازی نۆرەگرتن بکە. ئێستا چەند وردەهەنگاومان بۆ ڕامۆ ڕیز کردووە، پێتان وایە سوودیان هەبێت؟ کات بدە بۆ پێداچوونەوە.

5- ڕامۆ بەدەم پیادەکردنی ئەم چارەیەوە، چی بکات باشە بۆ ئەوەی پێشانی «تانیا»ی بدات کە جڵەوی تووڕەبوونی خۆی گرتووە؟ (دەنگێکی دۆستانە بەکاربهێنێت. ئارام بێت. زەردەخەنەی لەسەر لێو بێت).

ئادەی با بزانین ڕامۆ لە فیلمەکەدا چۆن چارەکەی خۆی جێبەجێ دەکات. سەرنج بدەنە هەنگاوەکانی هەڵیان دەبژێرێت. هەروەها سەرنجیش بدەن چی ڕوو دەدات کاتێک چارەکەی بۆ تانیا دەخاتە ڕوو. لەم فیلمەدا، فیلمی وانەی سێهەمیش بەسەر دەکەینەوە. ڤیدیۆ کلیپەکە پێشان بدە، پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ. فۆتۆکە پێشان بدە.

6- ئایا ڕامۆ چ وردەهەنگاوێکی گرتە بەر بۆ جێبەجێکردنی چارەکەی؟ (دۆستانە ڕووی کردە تانیا. بیری لە گوتەی خۆی کردەوە. نۆرەگرتنی کردە پێشنیاز). ئایا چارەی یەکەمی سوودی هەبوو؟ (نەخێر).



-7 ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 5 ی «چارەی کێشە» بکە. پێنجەمین هەنگاو لە چارەکردنی کێشەدا بریتییە لە پرسیاری «ئایا ئەو چارەیە سوودی هەیە؟» جار هەیە یەکەم چارە سوودی نابێت. ئەوساش نابێت پەست بین و کۆڵ بدەین.

-8 دواتر ڕامۆ چی کرد؟ (پێشنیازی فێرکردنی یارییەکی نوێی خستە بەردەم تانیا). بە گۆڕین بۆ چارەیەکی دیکە، ڕامۆ «چارەیەکی دیکەی» خستە ڕوو. ئایا چارەی دووهەم سوودی هەبوو؟ (بەڵێ).

## ڕۆڵوازی

وەرن جێبەجێکردنی چارە بکەینە ڕۆڵوازی. لە چەند ڕۆڵوازییەکدا، پاش ئەوەی چارەی یەکەم بێسوود دەبێت، چارەی دیکە جێبەجێ دەکەین. سەرەتا، من ڕۆڵی ڕامۆ دەنوێنم کاتێک نۆرەگرتن پێشنیاز دەکات بۆ تانیا و پاشان دەیگۆڕێت بە چارەی دووهەم چارەی یەکەم بێسوود دەبێت. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە جێی تانیا بگرێت).

پێشانی فێرخوازانی بدە. خۆت وەک ڕامۆ بنوێنە. ڕوو بکە ئەو فێرخوازەی جێی تانیای گرتووە و ڕوخسارێکی دۆستانەی پێشان بدە. بیر لە گوتەی خۆت بکەوە. بە تانیا بڵێ: پێشنیازێکم هەیە. چۆنە بەلاتەوە نۆرە بگرین بۆ تۆپەکە؟ تانیا وەڵام دەداتەوە: «نەخێر، نامەوێت ئەوە بکەم». ئارام بە. بە خۆت بڵێ: «ئەمەیان سوودی نەبوو. دەبێت بیر لە چارەیەکی دیکە بکەمەوە». بە تانیا بڵێ: بۆچی بەیەکەوە وازی بە تۆپەکە نەکەین؟ براکەم یارییەکی نوێی فێر کردووم، وەرە فێرت بکەم.

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. وەهای ڕێک بخەن کە یەکەم چارە سوودی نەبێت. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە چارەی دووهەم هەڵبژێرن. تۆ و هاوڕێکەت:

- هەردووکتان هەمان بەستەنیتان دەوێت، بەڵام تەنها یەک دانە ماوە.

- هەردووکتان دەتانەوێت داتاکاری (کار بە کۆمپیوتەر) بکەن.
- هەر یەکەتان دەیەوێت تەماشای بەرنامەیەکی جودای تەلەڤیزیۆن بکات.
- هەردووکتان دەتانەوێت بچنە سەیری هەمان یاری، بەڵام یەک تیکت ماوە.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن چارەسەرێک جێبەجێ بکەین لە ڕێگەی وردکردنیەوە بۆ چەند وردەهەنگاوێک. فێری ئەوەش بووین ئەگەر چارەی یەکەم بێسوود بوو چۆن بیگۆڕین بە چارەیەکی دیکە.

**گواستنەوەی زانیار**

بۆ فێرخوازانی ڕوون بکەوە سەرنەگرتنی چارەی هەڵبژاردە بە ژێرکەوتنی کەسەکیی خۆیان نەبینن. ڕێنوێنیان بکە هۆکاری سەرنەگرتنی چارەی یەکەم هەڵسەنگێنن و ڕوو بکەنە چارەی دووهەم.

«یادی ڕۆژ» : داوا لە فێرخوازان بکە باس لە چەند کێشەیەکی خۆیان بکەن. چۆن خۆیان ئارام کردۆتەوە؟ کێشەکەیان چۆن چارە کردووە؟

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

### وانەی پێنجەم: سازدانی گفتوگۆ

**چەمک**

لە گفتوگۆدا دەبێت باسی وەها بکەیت لای بەرانبەر جێی سەرنج بێت.

**چەمکی زمانەکی:** گفتوگۆ

**ئامانج**

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- بە شێوەیەکی دۆستانە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی بەرانبەر دابمەزرێنن.
- بە ڕستەیەکی جوان گفتوگۆی خۆیان کۆتا بکەن.

**پێداویستی**

- پۆستەری «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

سازدانی گفتوگۆ پەیوەستە بە هونەری چڤاکی ئاڵۆزەوە. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە ڕەفتاری«دۆستانە» بە زمانی لەش، تۆنی دەنگ و دەربڕینی ڕوخسار پێشان بدەن.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

لە وانەی ئەمڕۆدا هونەری دامەزراندن، درێژەپێدان و کۆتاکردنی گفتوگۆ فێر دەبین.

فۆتۆکە پیشان بدە.



«کۆسرەت» سەرنجی داوەتە «لەوەند». لەوەند کوڕێکی نوێیە لە پۆلەکەی کۆسرەتدا. لەوەند فراڤین دەخوات. کۆسرەت لە تەنیشتیەوە دانیشتووە و چاوەڕێی لەوەندە شتێک بڵێت.

**1-** کێشەکە چییە؟ (کۆسرەت دەیەویت لەوەند بناسێت، بەڵام نازانێت چۆن گفتوگۆی لەگەڵ دابمەزرێنێت).

2- پێت وایە تەنها لە نزیکەوە دانیشتن ببێتە هۆی ئاشنایەتی؟ (لەوە ناچێت).

3- دەیسا چارە چییە؟ کۆسرەت چی بکات باشە؟ (بڵێت: «چۆنیت». بیر لە شتێک بکاتەوە بۆ ئەوەی باسی لێ بکات).

دەبێت کۆسرەت بڕیاری بابەتێک بدات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لەوەند.

4- کۆسرەت باس لە چی بکات باشە؟ (سێ، چوار چارە لەسەر کاخەزی پۆستەرەکە ڕیز بکەن. باس لەوە بکەن کە بابەتی هەڵبژاردەی گفتوگۆ دەبێت لای بەرانبەر جێی سەرنج بێت).

کۆسرەت بڕیار دەدات ستایشی لەوەند بکات بۆ ڕاپۆرتی «ڕانانی کتێب» ـەکەی. هەروەها بیر لە چەند پرسیارێکیش دەکاتەوە لە لەوەندیان بکات.

5- کۆسرەت چی لە لەوەند بپرسێت دەربارەی ڕاپۆرتەکەی؟ (باس لەوە بکەن کە گرنگە پرسیاری وەها بکەیت بە وەڵامێکی ساکاری «ئەرێ» و «نەخێر» کۆتا نەبێت).

6- جار هەیە سەختە درێژە بە گفتوگۆ بدەیت. گریمان کۆسرەت هەوڵی دا گفتوگۆ دامەزرێنێت بەڵام لەوەند وەڵامی نەدایەوە. کۆسرەتی چی بکات باشە؟
(هەڵوێستی خۆی تێک نەدات، هەر باش بێت. بابەتێکی نوێ بکاتەوە. کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنێت. دواتر هەوڵێکی دیکە بداتەوە).

زەنگ لێدەدات و کۆسرەت ناچارە بچێت کار لە کتێبخانەکەدا بکات.

7- گریمان کۆسرەت هەر لەناکاو، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، هەڵستا و ڕۆیشت. لەوەند هەست بە چی دەکات؟ (خەمبار، هەستڕووشان، شلەژان).

8- بۆچی وەها هەستی دەکرد؟ (لەوانەیە وەهای بێتە بەرچاو کە کۆسرەت دۆستایەتیی ئەمی ناوێت).

9- کۆسرەت چی بکات باشە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دۆستانە کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنێت؟ (بە لەوەند بڵێت گفتوگۆمان خۆش بوو، بەڵام ببورە من دەبێت بڕۆم. پێشنیازی ئەوە بکات دواتر پێکەوە قسە بکەن).

وەرن چەند هەنگاوێکی سازدانی گفتوگۆ تۆمار بکەین. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک: 1- بابەتێک هەڵبژێرە لای بەرانبەر جێی سەرنج بێت. 2- دەربارەی ئەم بابەتە پرسیار بکە.
3- گوێگرێکی باش بە. 4- گەر پێویستی کرد بابەت بگۆڕە. 5- بە شێوەیەکی دۆستانە کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنە.

**ڕۆڵوازی**

من ڕۆڵی کۆسرەت دەبینم. هەنگاوەکانی سازدانی گفتوگۆ دەگرمە بەر بۆ دامەزراندن و کۆتاهێنانی گفتوگۆ لەگەڵ لەوەند. پاشان سەرەی ئێوەیە. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی لەوەند).

ڕۆڵی کۆسرەت ببینە. ئاشکرا بیر بکەوە (بە دەنگی بەرز بیر بکەوە) : «لەگەڵ لەوەند باسی چی بکەم باشە؟ پێی دەڵێم ڕاپۆرتەکەی خۆی دەربارەی ڕانانی کتێب نووسیوێتی، زۆر باش بوو». (بەو فێرخوازەی ڕۆڵی لەوەند دەبینێت بڵێ: «چۆنیت، لەوەند. ناوم کۆسرەتە. ڕاپۆرتەکەی ئەمڕۆت دەربارەی ڕانانی کتێب زۆر باش بوو. ئەو هەموو زانیارییەت لە کوێوە دەست کەوتووە؟» گوێ لە وەڵامی لەوەند بگرە. کاتێک زەنگەکە لێدەدات، بڵێ: «ببورە، دەبێت ئێستا بڕۆم. پاشان یەکتر دەگرینەوە».

پاشان بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی سازدانی گفتوگۆم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. گفتوگۆ دامەزرێنە، دەوامەی بدە و کۆتایی پێ بهێنە لەگەڵ:

- کچێکی نوێ کە تازە هاتوونەتە هاوسێتان.
- خزمێک کە یەکەم جارە لەماوەی چەند ساڵێکدا سەردانتان دەکات.
- فێرخوازێکی نوێ لە فێرگە.
- هاوڕێیەک کە تازە لە پشوو گەڕاوەتەوە.
- کوڕێک کە هەموو ڕۆژێک لە وێستگەی پاسەکەدا دەیبینیت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن بەردەوامیی گفتوگۆ ڕابگرین. ئەمە کارێکی ئاسان نییە بە تایبەتی گەر گفتوگۆکە لەگەڵ کەسێکی نەناس بێت. ڕەفتاری دۆستانە، پرسیارکردن و گرنگیدان بە وەڵامی بەرانبەر، ئەم کارە ئاسانتر دەکات.

### بۆ ماڵەوە

### ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان

«سازدانی گفتوگۆ» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

### گواستنەوەی زانیار

گەر دەرفەت ڕەخسا گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازان دابمەزرێنە و هەنگاوەکانی باسمان لێکردن پیادە بکە.

«خەیاڵی ڕۆژ»: داوا لە فێرخوازان کاتێک دیاری بکەن بۆ دامەزراندنی گفتوگۆ لەگەڵ بەرانبەردا. کاتی نێو ئۆتۆبوس (پاس)؟ کاتی فراڤین؟ پاش کاتی فێرگە؟

### چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخوازان بکە نووسیارێک بۆ ئەم سیناریۆیە داڕێژن: کەسێکی ناوداری سەردەمی ڕابردوو یاخود سەردەمی ئێستا دەبینیت، لە سەر کورسییەکی نێو باخچەیەک، لە تەنیشت تۆوە دانیشتووە. چۆن دەتوانیت لەگەڵ ئەو کەسە گفتوگۆ ساز بکەیت؟ چۆن بە ئەدەبەوە کۆتایی بە گفتوگۆکە دەهێنیت؟

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی شەشەم: پەیمان بردنەسەر

**چەمک**

یەکێک لە هونەرە گرنگەکانی دۆستایەتی بریتییە لە پەیمان بردنەسەر.

بەڵام نابێت هیچ پەیمانێک ڕێساکانی سەلامەتی یاخود ڕێساکانی خێزان بشکێنێت.

**چەمکی زمانەکی:** پەیمان، دەستکەوتی کورتخایەن، زیانی درێژخایەن، متمانە

**ئامانج**

فێرخواز توانایان دەبێت:

- هۆکاری پەیمان بردنەسەر دەرک بکەن.
- بزانن کامە پەیمان نابێت ببرێتە سەر.

**پێداویستی**

- پۆستەری «چارەی کێشە».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

متمانە لە دۆستایەتیدا، لە لای منداڵ، سەنگی تایبەتی هەیە. ئەم وانەیە فێرخواز هان دەدات دەستکەوتی کورتخایەنی پەیمانشکێنی بەراورد بکەن بە زیانی درێژخایەنی لەدەستدانی متمانەی دۆستایەتی. ئەم وانەیە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە پەیمان هەن نابێت ببرێنەسەر.

## چیرۆک و گفتوگۆ

له وانەی ئەمڕۆدا باسی گرنگیی پەیمان بردنەسەر دەکەین.

فۆتۆکە پێشان بدە.




ئەمە «ڕۆبەرت» و ئەمەش «وریا». ڕۆبەرت داوا له وریا دەکات پاش کاتی فێرگە سەردانی بکات. وریا ویستوویەتی ببێتە هاوڕێی ڕۆبەرت، بەڵام تازە پەیمانی داوە بە «ئاکۆ» ی برادەری، پاش کاتی فێرگە، یارمەتی بدات لە پرۆژەی سروشتناسیدا. وریا نایەوێت دۆستایەتیی ئاکۆی لە دەست بچێت، بەڵام پێی خۆشە وەهای پێشان بدات کە پەیمانەکەی بیر چۆتەوە.

1- کێشەکە چییە؟ (وریا دەیەوێت سەردانی ماڵی ڕۆبەرت بکات، بەڵام تازە پەیمانی داوە بە ئاکۆ).

2- دەبێت وریا هەست بە چی بکات؟ (شڵەژاوە. دۆشداماوە لە نێوان هاوڕێکانیدا). ئارەزووی وریا چییە؟ (بچێتە سەردانی ماڵی ڕۆبەرت و وا خۆی دەرخات کە پەیمانەکەی لەگەڵ ئاکۆ بیر چۆتەوە).

3- چی ڕوو دەدات ئەگەر وریا جرپنانە ڕەفتار بکات و پەیمانشکێنی لەگەڵ ئاکۆ بکات؟ (دەشێت ئاکۆ باوەڕی پێ نەکات. دەشێت ئاکۆ متمانەی پێ نەمێنێت. دەشێت وریا خۆی بەم کارە دڵتەنگ بێت).

4- بۆچی گرنگە پەیمان ببرێتە سەر؟ (متمانە دروست دەکات. پێشانی دەدات کە تۆ نرخ دەدەیتە دۆستایەتیی بەرانبەر. پێشانی دەدات تۆ چاوەڕێی چ جۆرە هەڵسوکەوتێکیت. یارمەتیت دەدات لە خۆت ڕازی بیت).

دەستکەوتی کورتخایەنی پەیمانشکینی جاروبار کەمترە لە زیانی درێژخایەنی لەدەستچوونی متمانە و دۆستایەتی. دوور نییە زیانی پەیمانشکێنیی وریا زیاتر بێت لەو سوودەی پەیدای دەکات.

5- وریا چ چارەیەکی دیکەی لەبەرە؟ (کاتێکی دیکە ڕێک بخات بۆ سەردانی ماڵی ڕۆبەرت. داوا لە ڕۆبەرت بکات ئەگەر ئاکۆیش بتوانێت بێت. لەگەڵ ئاکۆ ڕێک بکەوێت لەسەر دواخستنی هاوکارییان).

6- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (هەر یەک لەو چارە گونجاوانەی پێشنیاز کران، بە پرسیارەکانی هەنگاوی ژمارەی سێی «چارەی کێشە»، هەڵسەنگێنن).

7- تۆ دەڵێی چی، وریا کام چارە هەڵبژێرێت باشە، بۆچی؟

8- کامە پەیمان نابێت ببرێتە سەر؟ (ئەو پەیمانانەی کە ڕێساکانی سەلامەتی یاخود ڕێساکانی خێزان دەشکێنن).

**ڕۆڵوازی**

سەرەتا من دەست پێ دەکەم، ڕۆڵێ وریا دەبینم، ئاشکرا بیر دەکەمەوە و هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» پیادە دەکەم. پاشان سەرەی ئێوەیە.

پێشانی فێرخوازانی بدە. خۆت وەک وریا بنوێنە: کێشەکە چییە؟ دەمەوێت سەردانی ماڵی ڕۆبەرت بکەم، بەڵام تازە پەیمانم داوە بە ئاکۆ کە یارمەتی بدەم. چ چارەیەکم لەبەرە؟ دەکرێت وا خۆ دەرخەم کە پەیمانەکەم لە بیر چۆتەوە. یاخود دەتوانم داوا لە ڕۆبەرت بکەم ئاکۆشمان لەگەڵ بێت. یاخود دەتوانم کاتێکی دیکە ڕێک بخەم بۆ سەردانی ماڵی ڕۆبەرت. چی ڕوو دەدات ئەگەر وا خۆم دەرخەم کە پەیمانکەم بیر چۆتەوە؟ ئایا سەلامەتە؟ دەشێت ئاکۆ پێی بزانێت و چیتر متمانەم پێ نەکات. ئایە ئاکۆ ئەم چارەیەی بەلاوە چۆنە؟ خۆم دڵتەنگ دەبم. ئاکۆ هەستی دەڕووشێت. ئایا ڕەوایە؟ بۆ ئاکۆ هیچ ڕەوا نییە. ئایا سوودی دەبێت؟ نەخێر. (چارەکانی دیکەش بەم پرسیارانە هەڵسەنگێنە).

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر.

- پەیمانت بە باوکت داوە هەموو بەیانییەک باخەکە ئاوڕشێن بکەیت، بەڵام زوو لەخەو هەستان کارێکی گرانە.
- پەیمانت بە هاورێکەت داوە ڕۆژی شەممە سەردانی بکەیت، بەڵام تازە دەرفەت هاتۆتە ڕێت لەگەڵ هاورێیەکی دیکە بچیت بۆ سێرک.
- پەیمانت بە دایکت داوە ڕاست دوای فێرگە بێیتەماڵەوە، بەڵام چەند دۆستێک داوات لێ دەکەن بمێنیتەوە و یاری فوتبۆڵ بکەن.
- پەیمانت بە هەڤاڵێک داوە هەموو ڕۆژێک لە کاتی فراڤیندا لەگەڵی دانیشیت، بەڵام ئێستا دەتەوێت چەند دۆستێکی نوێ پەیدا بکەیت.
- پەیمانت بە هەڤاڵێک داوە کتێبە گاڵتەوگەپە کۆنەکانتی بدەیتێ، بەڵام ئێستا پێت خۆشە بیان فرۆشیت.
- پەیمانت دابوو بچیتە سەیری پێشبڕکێی دۆستێک، بەڵام ئەوا باران دەبارێت و تۆش پەشیمانیت.

## ئەنجامگیری

پەیمان بردنەسەر متمانە دروست دەکات و دەبێتە هۆی ڕاهێزانی دۆستایەتی. ئەو پەیمانانەی نابێت ببرێنە سەر ئەوانەن کە ڕێساکانی خێزان یاخود ڕێساکانی سەلامەتی دەشکێنن، وەک پەیمانی پاراستنی نهێنی دەربارەی ئاگربازی و ڕەفتاری خەتەرناکی دیکە.

## گواستنەوەی زانیار

هانی فێرخوازان بدە، کاتێک کێشەیەک دێتە پێش، دەستکەوتی کورتخایەن بەراورد بکەن بە زیانی درێژخایەن.

**«یادی ڕۆژ»:** داوا لە فێرخوازان بکە بەسەرهاتێکی خۆیان باس بکەن پەیوەندی هەبێت بە پەیمانبەستن و پەیمان بردنەسەر.

## چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی بەسەرهاتێک بنووسن پەیمانشکێنیان بەرانبەر کرابێت. چی ڕووی داوە؟ هەستیان چۆن بووە؟

2- داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی باسێک بنووسن تێیدا بەسەربردنی پەیمان لە لایان گران بووە. چۆنیان چارە کردووە؟

3- داستانێکی گونجاو بخوێننەوە کە باسی پەیمانبەستن، پەیمان بردنەسەر و پەیمانشکینی تێدا بێت. ڕووداوەکانی داستانەکە لەگەڵ خاڵەکانی ئەم وانەیەدا بەراورد بکەن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی هەفتەم: چارەی ترس

**چەمک**

دەکرێت ترس لە ڕێگەی خۆئارامکردنەوە و باسکردنی لە لای کەسێک دیکە کۆنترۆڵ بکرێت.

**چەمکی زمانەکی:** ترس

**ئامانج**

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی نیشانەی فیزیکیی پەیوەست بە ترسەوە.
- دیاریکردنی ئەوەی لێی دەترسن و هۆکارەکەی.
- بڕیاردانی ڕادەی ڕاستینەیی ترسەکە.
- بەکارهێنانی هونەرەکانی «چارەی کێشە» بۆ خامۆشکردنەوەی ترس.

**پێداویستی**

- پۆستەری «چارەی کێشە»
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر
- ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ترس لە ڕەگی چەند ڕەفتارێکی جرپنانەدایە. دوور نییە هەستێکی لەرزۆک لە منداڵدا پەیدا بکات و ڕێ لە توانای بیرکردنەوەی ڕوون بگرێت و ببێتە کۆسپ لە ڕێی هەوڵدانیان ڕووەو چالاکیی تازەی، بە تایبەتی گەر زووتر تەواو هان نەدرابن بۆ کاری وەها.

باس لە سەرچاوەی ترسەکە بکەن. ئایە هەڕەشەی ڕاستینەیە یاخود خەیاڵکرد.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا سەرنج دەدەینە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ترسدا.

فۆتۆکە پیشان بدە.



«کەژاڵ» ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە شانۆگەریی فێرگەدا و ئەمشەویش نۆبەرەیە. هەست بە پەشۆکان و ترس دەکات و نایەوێت بچێت. بیر لەوە دەکاتەوە بە مامۆستاکەی بڵێت کە نەخۆشە.

1- کێشەکە چییە؟ (کەژاڵ لە نواندنی سەر شانۆ دەترسێت).

2- بیر لە کاتێک بکەوە تێیدا هەستت بە ترس و پەشۆکان کردبێت. هەستی لەشت چی بووە؟

3- چی ڕوو دەدات ئەگەر کەژاڵ وا خۆی نیشان بدات کە نەخۆشە؟ (لە نێو خۆیدا هەست بە ناکامی دەکات. هەست بە خەمباری دەکات چونکە کارەکەی خۆی بەسەر کەسێکی دیکەدا جێ هێشت. خەڵک متمانەیان پێی نامێنێت).

هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە ڕێگەیەکی باشن بۆ چارەی ترس. پاشان زۆر گرنگە دیاری بکەیت ترسەکەت ڕێک چییە و هەروەها بیر لەوە بکەیتەوە ئایە چی ڕووی دەدا گەر ترسەکەت بهاتایە دی.

4- تۆ دەڵێی چی، کەژاڵ دەترسا چی ڕوو بدات لە کاتی شانۆگەرییەکەدا؟ (دێڕەکانی بیر بچێتەوە. لەسەر شانۆ سڕ بێت. خەڵک پێی پێبکەنن). کام لەوانە شیمانە (ئەگەر) ی ڕاستینەی هەیە؟ داوا لە فێرخوازان بکە نموونەی لەم بابەتە لە ئەزموونی خۆیان بهێننەوە.

کەژاڵ لەگەڵ خۆیدا دیاری دەکات کە ترسی هەرە گەورەی لەوەیە گوتەکانی خۆی لەسەر شانۆ بیر بچێتەوە.

5- کەژاڵ چارەی چییە؟ ترسی لەبیرچوونەوەی گوتەکانی خۆی چۆن چارە بکات؟ (دەتوانێت ترسەکەی خۆی بۆ کەسێکی دیکە باس بکات. دەتوانێت بە گوتەی گەش دڵی خۆی بداتەوە).

6- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ فێرخوازان هان بدە چارەکان هەڵسەنگێنن.

7- بۆ خامۆشکردنەوە ترسەکەی، کەژاڵ چی بە خۆی بڵێت باشە؟ («ئارام بەوە». «خەمت نەبێ، هەموو شتێک باش دەڕوات»).

ترس بەرۆکی هەموو کەسێک دەگرێت. (باس لە بەسەرهاتێکی خۆت بکە تێیدا ترسابیت. چۆن مامەڵەت لەگەڵ ترسەکەت کردووە). کەژاڵ بڕیار دەدات باسی ئەم ترسەی خۆی بۆ دایکی بکات. دایکی باسی بەسەرهاتێکی خۆی بۆ کەژاڵ دەکات کە تێیدا ترساوە و چۆنی چارە کردووە. پاشان یارمەتی کەژاڵ دەدات گوتەکانی خۆی لەبەر بکات.

8- گەر هەست بە ترس بکەیت، کێ هەیە ڕازی خۆتی لا باس بکەیت؟ (دایکوباوک، خوشک، برا، خزمی دیکە، هاوڕێ، مامۆستا).

وەرن چەند هەنگاوێکی چارەی ترس تۆمار بکەین. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک:
1- ئارام بەوە. 2- بەڕاستی لە چی دەترسیت، دیاری بکە. 3- بڕیار بدە ئایا دەشێت ئەو ترسە بەڕاستی ڕوو بدات. 4- خۆت بدوێنە. 5- باس ترسەکەی بۆ کەسێکی دیکە بکە.

## ڕۆڵوازی

وەرن ڕۆڵی مرۆڤێک ببینین کە ترسێکی لە دڵدایە و لای کەسێکی جێی بڕوا باسی ترسەکەی خۆی دەکات. من ڕۆڵی کەژاڵ دەنوێنم، کەژاڵ ترسی خۆی بەوە چارە دەکات کە لای دایکی خۆی باسی بکات. (فێرخوازێک هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی دایکی کەژاڵ).

(پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی کەژاڵ بنوێنە:) ئەم شانۆگەرییە تووشی نائارامی کردووم. دەترسێم گوتەکانی خۆمم لەبیر بچێتەوە. دەترسێم خەڵک پێبکەنن پێم. دەترسێم لەسەر شانۆ سڕ ببم و جووڵەم بۆ نەکرێت.

(ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی دایکی کەژاڵ دەبینێت، دەڵێت:) «بەڕاستی لە چی دەترسیت؟ پێت وایە خەڵک بە تۆ پێبکەنن؟» تۆ بڵێ: لەوانەیە وا نەبێت. بەڵام دەترسم دێڕەکانم لەبیر بچێتەوە. دایکی دەڵێت: «خەم مەخۆ. سەرکەوتوو دەبیت. بەخۆت بڵێ: سەرکەوتوو دەبم، من ئەم کارە ساز دەکەم. خۆم دەناسم، من سازی دەکەم». بە دایکی بڵێت: دایە، یارمەتیم دەدەیت گوتەکان باشتر لەبەر بکەم؟

پاشان پرسیار بکە: چۆن بووین؟ هەنگاوەکانی چارەی ترسمان باش پیادە کرد.

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. فێرخوازان بکە بە هاوبەشی یەکتر. دەبێت هاوبەشێک ڕۆڵی کەسی ترساو و ئەوەی دیکە ڕۆڵی گەورەساڵێکی متمانەپێکراو یاخود هاوتەمەنێکی یارمەتیدەر بنوێنێت. بیریان بخەوە کە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن.

گریمان ناچاریت:

- ڕاپۆرتێک لە بەردەم فێرخوازانی پۆلدا پێشکەش بکەیت،
- لە ئاهەنگێکدا سەرچۆپی بگریت،
- گەشتێک بە فڕۆکە بکەیت،
- بچیتە فێرگەی ناوەندی.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ چەند شێوازێکی چارەی ترس فێربووین. خۆئارامکردنەوە یەکەمین هەنگاوی گرنگە. پاشان هەوڵ بدە دیاری بکەیت ئایە ڕێک لە چی دەترسیت. ئەوجا بڕیار بدە ئایە ئەوەی لێی دەترسیت دەشێت بەڕاستی ڕوو بدات. خۆدواندن و باسکردنی ترسەکە لای کەسێکی باوەڕپێکراو ڕێگەیەکی باشی چارەی ترسە.

**بۆماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان

«چارەی ترس» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک فێرخواز کێشەی ترس یاخود دڵەڕاوکێی دەبێت، یارمەتیی بدە ترسەکەی دیاری بکات و چارەڕێی بۆ بدۆزێتەوە. باس لە ئەزموونی خۆتی بۆ بکە، چۆن ترساویت و چۆنت چارە کردووە.

## چالاکیی دیکە

فۆرمێکی ڕاپرسی ساز بکەن. فێرخوازان ترسەکانی خۆیانی تێدا ڕیز بکەن. ئاگادار بە لەوەی کەس ناوی خۆی نەنووسێت. لە فۆرمەکەدا جێی لیستەی هەنگاوەکانی چارەی ترس— کە پۆلەکە دایانڕشتووە - بکەوە. ڕاپرسییەکە کۆ بکەوە، وەڵامەکان بە ژماردن و بە هێڵکاری ڕێک بخە. ئەنجامەکان پیشان بدە تا هەموو کەسێک بزانێت کە تەنها هەر خۆی نییە ترس دەیگرێت.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی هەشتەم: بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ

## چەمک

سەلماندنی هەڵە، داوای لێبوردن و چاککردنەوەی هەڵە هونەرگەلێکی گرنگن بۆ هەڵکردن لە نێو خەڵکدا.

**چەمکی زمانەکی:** بەرپرسایەتی، داوای لێبوردن، ڕاستکردنەوە

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- سەلماندنی هەڵە.
- داوای لێبوردن بکات و هەڵەی خۆی چاک بکاتەوە.

## پێداویستی

- پۆستەری «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

هەڵپەی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ لە ڕێگەی داوای لێبوردنەوە لەوانەیە ببێتە هۆی پەلەپەلی هەستەکی. هەستی ئەو کەسەی داوای لێبوردن دەکات (نائارامی، دڵەڕاوکێ، شەرمەزاری) و هەروەها هەستی ئەو کەسەش کە دەبووریێت (نرخاندن، دڵدانەوە، شەرمەزاری) بخە بەر باس.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باس لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆمان دەکەین.

فۆتۆکە پێشان بدە.



«جودی» و «ئاراز» هەڤاڵن. بە جووتە تۆپی پێی فێرگەیان بردووە بۆ ئەوەی پاش کاتی فێرگە وازی پێ بکەن. ئاراز بە هەڵە شەقێکی تێهەڵدا بۆ ناو دارستانەکە و تۆپەکە بزر بوو. مامۆستا گوتوویەتی هیچ کەسێک بۆی نییە بابەتی وەرزش لە کاتی پشوودا بەکاربهێنێت.

1- کێشەکە چییە؟ (جودی و ئاراز تۆپی فێرگەیان لە فێرگەکە بردۆتە دەرێ و بزریان کردووە).

2- کێ بەرپرسە؟ (جودی و ئاراز).

3- چی دەبێت گەر جودی و ئاراز وا خۆیان پێشان بدەن کە هیچ شتێک نازانن دەربارەی تۆپەکە؟ (فێرخوازی دیکە زیانیان پێ دەگات. جودی و ئاراز هەست بە ئازاری ویژدان دەکەن).

4- ئەدی چی بکەن باشە؟ (ددان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و داوای لێبوردن بکەن. کەسێکی دیکە تاوانبار بکەن).

5- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (هەر یەک لەو چارە گونجاوانەی پێشنیاز کران، بە پرسیارەکانی هەنگاوی ژمارەی سێی «چارەی کێشە»، هەڵسەنگێنن).

جودی بڕیار دەدات ڕووداوەکە بۆ مامۆستا ڕوون بکاتەوە و داوای لێبوردن بکات. دوور نییە ئەنجامی ئەم چارەیە گران لەسەر کوڕەکان بکەوێت. وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی، ئازایەتی گەرەکە.

6- ئێستا جودی هەست بە چی دەکات؟ (نائارامە، نیگەرانە، باری سووک بووە).

7- جودی چۆن داوای لێبوردن بکات؟ بڵێ چی باشە؟ («مامۆستا، من تۆپەکەم برد تا دوای کاتی فێرگە وازی پێ بکەم. مەبەستم نەبوو بزری بکەم. داوای لێبوردن دەکەم. تۆپێکی دیکە دەهێنم»). چۆنی بیڵێت باشە؟ (ڕاستگۆیی پێوە دیار بێت).

مامۆستا __________ وەڵام دەداتەوە: «سوپاست دەکەم، جودی. کارێکی باشت نەکرد تۆپەکەت بردە دەرێ، دواتر باسی لێ دەکەین. بەڵام ئافەرین، زۆر باشە بەرپرسایەتیی ڕووداوەکەت گرتە ئەستۆ».

به گوتەی «تۆپێکی دیکە دەهێنم» جودی هەڵەکەی خۆی ڕاست دەکاتەوە. دەبێت جودی ئامادە بێت بۆ تووڕەبوون و نارەزایی مامۆستا. ئارامی و هەوڵدان بۆ دەرککردنی هەستی بەرانبەر، بەشێکی گرنگە لە داوای لێبوردن.

**8-** پێویست دەکات جودی ئاشکرای بکات کە ئارازیش بەشدار بووە؟

باشترین کار ئەوەیە لێ بگەڕێیت بەرانبەر بەرپرسایەتیی خۆی بگرێتە ئەستۆ، مەگەر کارەکە پەیوەندی هەبێت بە شتێکی ترسناکەوە وەک ئاگربازی و ئازاردانی کەسێکی دیکە.

وەرن چەند هەنگاوێکی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی تۆمار بکەین. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک:

1. ڕووداوەکە وەک خۆی باس بکە،
2. داوای لێبوردن بکە.
3. پێشانی بدە کە دەتەوێ هەڵەکەت ڕاست بکەیتەوە.

**ڕۆڵوازی**

من ڕۆڵی جودی دەنوێنم کە بەرپرسایەتیی ڕەفتارەکانی خۆی گرتە ئەستۆ. پاشان سەرەی ئێوەیە. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی مامۆستاکە).

(پێشانی فێرخوازانی بدە. خۆت وەک جودی بنوێنە:) مامۆستا ______ تۆپەکەم بردە دەرێ و بزرم کرد. داوای لێبوردن دەکەم. دەمەوێت تۆپێکی دیکە بهێنمەوە بۆ پۆلەکە. (مامۆستا:) «ئافەرین، بەرپرسایەتیی بزرکردنی تۆپەکەت گرتە ئەستۆ، کارێکی باشت کرد. پاشان باس لە چارەکەی دەکەین».

پاشان بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی گرتنەئەستۆی بەرپرسایەتیم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. فێرخوازان دوو دوو یاری دەکەن. یەکیان بەرپرسایەتی دەگرێتە ئەستۆ و داوای لێبوردن دەکات. بیریان بخەوە کە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. لەم لیستەی خوارەوە دۆخی لەبار هەڵبژێرن یان خۆتان پێشنیازی دیکە داڕێژن.

گریمان:

- لەبیرت چووە لیستۆکێک بگێڕیتەوە بۆ هاوڕێیەک.
- قوڕت بردۆتە نێو ماڵەکەوە.
- تەختەخلیسکێنەی خوشکەکت شکاندووە.
- هاوارت بەسەر هەڤاڵێکدا کردووە.
- هەستی براکەتت ڕووشاندووە.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن مرۆڤ لە ڕێی داوای لێبوردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەوە بەرپرسایەتیی ڕەفتارەکانی خۆی دەگرێتە ئەستۆ.

**بۆ ماڵەوە**

**ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان**

«بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

کاتی پێویست داوای لێبوردن بکە دەربارەی ڕەفتار و هەڵەی خۆت. کەشێک ساز بکە فێرخواز تێیدا ئاسوودە بن، لە ئاشکراکردن و سەلماندنی هەڵەی خۆیان نەترسن.

**«خەیاڵی ڕۆژ»:** داوا لە فێرخوازان بکە ئەو بارودۆخە دیاری بکەن کە دەبێت بەرپرسایەتیی خۆیانی تێدا بنوێنن.

**چالاکیی دیکە**

داوا لە فێرخوازان بکە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ئەمڕۆی خۆیان تۆمار بکەن، بۆ نموونە گواستنەوەی خاشاک یاخود ڕێکخستنی مێزەکە.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## دەربارەی بەشی سێهەم

تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی کۆمەکمان دەکات گەشەی تووڕەیی خامۆش بکەینەوە. ئامانجی ئەم بەشە ئەوەیە یارمەتیی فێرخوازان بدات:

- جڵەوی هەستی تووڕەیی بگرن.
- ڕەفتاری دڕیی سەربە تووڕەبوون دامرکێنە.
- لە ڕێی هونەرەکانی دیاریکردنی هەستی تووڕەیی و ناسینەوەی پنتەکانی تووڕەبوون وهەروەها پیادەکردنی هەنگاوەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» یەوە - فێر ببن چارەی کێشەی جڤاکی بکەن.

هەموو کەس تووڕە دەبێت. تووڕەبوون هەستێکی خراپ نییە. بەڵام زۆر جار تووڕەبوون دەبێتە هۆکاری ڕەفتاری زبر و دڕ. تووڕەبوون، وەک هەست، دیاردەیەکی خۆڕسکە، کێشە نییە. بەڵام ڕەفتاری مرۆڤی تووڕە دوور نییە ببێتە کێشە. نە هەموو ڕەفتارێکی دڕ بەرهەمی تووڕەبوونە و نە تووڕەبوونیش بەردەوام ڕەفتاری دڕی لێ دەزێتەوە.

جڵەوگرتنی تووڕەیی بریتییە لە کۆکردنەوەی هونەرەکانی خامۆشکردنەوەی شپرزەیی و هەوڵدانە بۆ جڵەوکێشانی هەستی تووڕەیی بەرەو ڕێچکەیەکی جڤاکیی پەسەند. مەبەست وێڵکردنی هەستی تووڕەیی نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی بەرتەکی هەستەکە ڕووەو چارەی کێشە.

## خاڵی سەرەکی

### کاتی تووڕەبوون چی بکەم باشە؟

وچانێک بگرە و بیر بکەوە

لەخۆت بپرسە: لەشم هەست بە چی دەکات؟ (دیاریکردنی نیشانەکانی تووڕیی)

هەوڵ بدە خۆت ئارام بکەیتەوە. (پیادەکردنی تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی)

سێ هەناسەی قووڵ،

پشتەوژمێری خاو (بە هێمنی بەرەو پاش بژمێرە)،

بیر لە دیاردەی هێمن بکەوە،

خۆت بدوێنە.

بیرکردنەوەی ئاشکرا (پیادەکردنی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە»)

دواتر بیری لێ بکەوە (بیردانەوە لە ڕووداو و هەڵسەنگاندی توانای خۆ)

ئەم بەشە باس لە پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکات، بەتایبەتی ساز کراوە بۆ ئەوەی یارمەتیی منداڵی پلەی بەرایی بدات چارەی پەشێوی بکات. هەنگاوی کارای خاوبوونەوەی لەشەکی گرێدراوە بە هونەری هۆشەکیی «خۆڕێبەری» و «چارەی کێشە». لەم بەشەی سێهەمدا هونەرەکانی بەشی دووهەمی وەک:
«خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە»، «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» و «بیرکردنەوەی ئاشکرا» دێنەوە پێش.

**بیردانەوەش** (وەک ڕەنگدانەوەی بیر) دەچێتە پاڵ هونەرەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی. «ڕاپۆرتی فێرخواز» بەشێکە لە کاری -ماڵەوە و لە زۆربەی وانەکاندا فێرخواز دەبێت کاری لەسەر بکات. ئەم ڕاپۆرتە بۆ بیردانەوەی فێرخوازە دەربارەی نەخش و ڕەفتاری خۆی.

**وانەکانی بەشی سێهەم**

1- **وانەی یەکەم:** دەروازەیەک بەرەو جڵەوگرتنی تووڕەیی – دیاریکردنی نیشانەکانی تووڕەیی و دوگمەکانی تووڕەبوون و پیادەکردنی پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

2- **وانەی دووهەم:** دۆزینەوەی ڕاستیی ڕووداو - بەکارهێنانی هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە بۆ ئەوەی کاتی کێشە خێرا باز نەدەین بۆ خاڵی ئەنجامگیری.

3- **وانەی سێهەم:** بیردانەوە - پیادەکردنی هونەری بیردانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خۆ لە کاتی تەنگانەدا.

4- **وانەی چوارەم:** چارەی توانج- بەکارهێنانی جڵەوگرتنی تووڕەیی و چارەی کێشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توانجگرتندا.

5- **وانەی پێنجەم:** چارەی ڕەخنە - دیاریکردنی توانای هەڵکردن لەگەڵ ڕەخنە و سەلماندنی بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ.

6- **وانەی شەشەم:** چارەی وەدەرنان - بە بەکارهێنانی پرۆسەی چارەی کێشە.

7- **وانەی هەفتەم:** با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت – هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە پرۆژەی هاوبەشدا لەگەڵ کەسانی دیکە پیادە بکە.

تێبینی: وانەی هەفتەم بەسەرکردنەوەی گشت وانەکانی بەرگی چوارەمە.

بەر لە دەستپێکی وانەکان، کات بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تەرخان بکە بۆ ئەوەی بتوانیت دۆخەکان وەها ساز بکەیت کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخواز بێت. وێنەی ڕۆڵوازیی کارتەکان کۆپی بکە و بەسەر فێرخوازندا دابەشیان بکە.

**چەمکی زمانەکی**

چەمکی زمان لە بەشی سێهەمدا بەردەوامیی کارە لەگەڵ چەمکە زمانیەکانی بەشی یەکەم و دووهەم. گرنگترین چەمکی زمانی لەم بەشەدا کە پێویستە فێرخوازان تێی

بگەن چەمکی «خۆئارامکردنەوە» یە. هەنگاوەکانی ئەم هونەرە بریتین لە: هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام و خۆدواندن.

**لیستەی چەمکەکانی بەشی سێهەم**

دوگمەی تووڕەیی، نیشانەی تووڕەیی، دڵنیای سەپێنەر، گریمانەکردن، ترساندن، بنیاتنەر، ڕەخنەگرتن، فەرامۆشکردن، بەجێهێڵراو، توانج، بیرکردنەوە، خۆدواندن.

**گواستنەوەی زانیار**

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە **ڕێنامەی مامۆستادا** خراوەتە ڕوو، یارمەتی بەهێزبوونی تواناگەلی سەرەکی و چەمکەکان دەدات کە لە **بەشی سێهەمدا** دەگوترێنەوە.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ».** لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتیی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، خۆئارامکردنەوە و جڵەوگرتنی تووڕەیی.

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** یارمەتیی فێرخوازان بدە، لە کاتی تووڕەیی و شڵەژاندا، سوودی وەڵامدانەوەی هێمنانە ببینن. لە کاری ڕۆژانەدا دەرفەتی جڵەوگرتنی تووڕەیی زۆرن. فێرخواز هەیە لای سەختە دەستپێشخەری بکات، دەبێت تۆ یاریدەر بیت. ئەمەش نموونەی گفتوگۆی مامۆستا - فێرخواز:

**مامۆستا** (دەمی بینینی منداڵێکی تووڕە): پەری، ئێستا هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. چاکە. دوو هەناسەی دیکەش هەڵمژە.

**پەری** (هێمنترە، بەڵام هێشتا دەگریەت): کوڕەکە پێی گوتم درۆزن!

**مامۆستا:** تێدەگەم کە تۆ پەستی. ئادەی با پێکەوە بڵێین، «ئارام، ئارام».

**پەری و مامۆستا:** ئارام، ئارام.

**مامۆستا:** دووبارە زۆر بە هێواشی بیڵێرەوە.

**پەری:** ئارام، ئارام.

**مامۆستا:** زۆر باشە. ئەوجا لە کێشەکە دەدوێین.

گۆشەیەک بۆ «خاوبوونەوە / ئارامبوونەوە / کورتەوچان» دەستنیشان بکە، فێرخواز بۆ خاوبوونەوە و پیادەکردنی هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، پەنای بۆ بەرێت. منداڵ گەر دەرفەتی چالاکیی هەبێت وزەی ناوخۆی ئارام دەبێتەوە. لەبیرت نەچێت، پاش هەموو «کورتەوچان» ێک، باسی چارەی کێشەکە بکرێت.

**«یادی ئەمڕۆ».** داوا لە فێرخوازان بکە باس لەو کاتانە بکەن کە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە یاخود پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەییان بەکارهێناوە. نابێت فێرخواز ناوی کەسانی دیکەی نێو کێشەکە بێنێت. لەم باسەدا سەرنج دەدرێتە هەنگاوە گەشەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتیی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

## تێبینی دەربارەی گەشەسەندن

### پێناسە و بابەتی گرنگ

تووڕەیی بەرتەکی فیزیکیی وەهای بەدەمەوەیە لەگەڵ «چارەی کێشە»دا ناکۆک بێن. دیارە تووڕەبوون لە ئارادا بێت، چارەی کێشە سەختتر دەبێت.

منداڵ لە سەرەتای ساڵانی خوێندندا، بەگشتی دەتوانێت:

- وەڵامی نەیارانە کەم بکاتەوە.
- دەرکی بەرانبەر بکات و باشتر پەی بە هۆکاری کێشەی نێوان خۆی و بەرانبەر بەرێت.

لە ماوەی خوێندنی بنەڕەتیدا منداڵ فێری هونەری دیکە دەبێت، وەک:

- **خۆخەریککردن** بە کارێکی دیکەوە، بۆ نموونە لەبری هەرا و کێشە لەگەڵ منداڵی دیکە لەسەر لیستۆک، خۆ بە نیگارکێشییەوە خەریک دەکات.
- **دۆخگۆڕین**، بۆ نموونە دەگەڕێ بۆ لیستۆکێکی دیکە.
- **خەیاڵگۆڕین** - بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە.
- **هەستگۆڕین** — لە ڕێی خۆئارامکردنەوەوە.
- **هەستگۆڕین** - لە ڕێی لێکدانەوەیەکی تازەی دۆخەکە: «کچەکە تۆپەکەی برد چونکە نەیبینی کە وازیم پێ دەکرد».

### گرنگیی ئەم بەشە

تووڕەبوون کۆسپ دەخاتە ڕێی «چارەی کێشە»، بۆ نموونە:

- ڕێ لە بیرکردنەوەی ژیرانە دەگرێت،
- ڕێ دەگرێ لە وردبوونەوە لە ڕەفتاری خۆ،
- ڕێ خۆش دەکات بۆ بەرتەکی ئۆتۆماتیکی خۆڕسکانە لەبری وردبوونە لە چەند ڕێگەچارەیەک و هەڵبژاردنی باشەکەیان.

منداڵی دڕ کێشەی هەمەجۆری هەیە لەگەڵ دەرککردنی شێوازەکانی هەڵسوکەوتی نێو کۆمەڵگە. بۆ نموونە کە دێتە سەر دۆزینەوەی چارەی گەش و ڕێکوپێک، ئەم توانای کزە.

جڵەوگرتنی تووڕەیی هونەرێکە کاری دەوێت. ڕاهێنانی زیاتر منداڵ فێر دەکات:

- هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە باش بزانێت.
- خوو بە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشەوە بگرێت.

## چالاکیی دیکە

ئەمەش چەند نموونەیەک بۆ تێهەڵکێشانی وانەکانی ئەم بەشە و بابەتی دیکە:

1. داوا لە فێرخوازان بکە وێنەیەکی باری تووڕەیی خۆیان بکێشن. داوایان لێ بکە ڕەنگ بەکاربهێنن بۆ پیشاندانی هەستی لەشی خۆیان. هانیان بدە گفتوگۆ دەربارەی نیشانەکانی تووڕەیی بکەن. (هونەر)

2. بەشێکی کۆمیدی هەڵبژێرە هەڵسوکەوتێکی ناڕێکی تووڕەیی، هەراسانی و ڕەخنەکاری پیشان بدات. داوا لە فێرخوازان بکە بە نیگارکێشی هەڵسوکەتێکی ڕێکتر بنەخشێنن. (هونەر)

3. داوا لە فێرخوازان بکە تۆمارێک بۆ تووڕەیی ڕابگرن و لاپەڕەیەکی سەربەخۆی پاش گشت وانەیەکی بەشی سێهەم بۆ تەرخان بکەن. ئەمەش نموونەی بابەتەکان: نیشانەی تووڕەیی، دوگمەی تووڕەیی دەرەکی و ناوەکی، جڵەوگرتنی سەرکەوتووی تووڕەیی، گفتوگۆی خۆدواندن و چەند شێوازێکی خۆخەڵاتکردن. (زمان)

4. داوا لە فێرخوازان بکە تێکستی خۆدواندن بۆ ئەم دۆخانەی خوارەوە بنووسن و گەر لایان باشە بووکەڵە لە ڕۆڵوازییەکەدا بەکاربهێنن:

- یەکەم جارتە یاریی سۆفتباڵ / هەلووکێن دەکەیت.
- زۆر تووڕە بوویت لەوەی خوشکەکەت ژوورەکەتی تێک داوە.
- دەبێت بە دەوری مەیدانی فێرگەدا ڕابکەیت، بەڵام زۆر ماندویت و پێت وا نییە سووڕەکەت بۆ تەواو بکرێت.
- ئەو جێگەیەی خۆت دەتویست لە گەمەکەدا بەر تۆ نەکەوت.
- تۆ لەوە تووڕەیت کە فێرخوازێک لەمێژە کۆمپیوتەرەکەی گرتووە.

(زمان، هونەر، دراما)

5. داوا لە فێرخوازان بکە لە بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆندا تێبینیی ژمارەی توانج و ستایشکردن بکەن. زانیاریی پۆلەکە بە شێوەی هێڵکاری پێشان بدە. (ماتەماتیک)

6. پارچە مۆسیقای کلاسیک بۆ پۆلەکە لێبدە، سەرنجی فێرخوازان بۆ تۆنە ئارام و هەڵچووەکانی (تووڕەکانی) ئاوازەکان ڕابکێشە و داوایان لێ بکە بەدەم بیستنی مۆسیقاوە خەریکی نیگارکێشی و ڕەنگکاری بن. پاشان بەرهەمەکان بەراورد بکەن. مۆسیقای کلاسیک بگۆڕە بە مۆسیقای دیکەی وەک جاز، ڕۆک، پۆپ، جیهانی، بلوز یاخود کەنتری و هەمان پرۆسە دووبارە بکەنەوە. (هونەر- مۆسیقا)

**.7** دەمەو پێشبڕکێیەکی جیهانیی داوا لە فێرخوازان بکە دیمەنی وەک لەدەستدانی گۆڵ، شووتی سزا و دیاردەی دیکە بکەنە بابەتێک بۆ ڕاهێنانی خۆئارامکردنەوە. (فێرکردنی فیزیکی، دراما)

**.8** داوا لە فێرخوازان بکە کورتەچیرۆک یاخود ڕۆمانێک بخوێننەوە. سەرنج بدەنە مامەڵەی کارەکتار (کەسایەتی) ی داستانەکە لەگەڵ تووڕەییدا. ئایە بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەتوانێت یارمەتییان بدات هەڵسوکەوتیان چاکتر بکەن؟ چۆن؟ ئەگەر ئاشنای هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» ببان ڕەفتاریان چۆن دەبوو؟ داوا لە فێرخوازان بکە باسەکەیان بە ڕاپۆرتێکی کورتی زارەکی ڕوون بکەنەوە. (زمان)

**.9** داوا لە فێرخوازان بکە لە چۆنێتیی کارکردنی مێشک ورد ببنەوە. بەتایبەتی سەرنج بدەنە ڕەنگدانەوەی تووڕەبوونی مرۆڤ لە ڕووی فیزیۆلۆژییەوە. هانیان بدە ئەو زانستە ببەستنەوە بە گرنگیی خۆئارامکردنەوەی پێش چارەی کێشە. (زانست، زمان، فیزیۆلۆژی - واتە زانستی کاری ئەندامەکانی لەش)

**.10** داوا لە فێرخوازان بکە، لە ڕووی پێوانەی فیزیۆلۆژییەوە، وەک ڕێژەی لێدانی دڵ، هەناسەدان، پلەی گەرمیی لەش و فشاری خوێن - تووڕەیی و ئارامی بەراورد بکەن. داوایان لێ بکە دەرئەنجامەکانیان بە هێڵکاری پێشان بدەن. (زانست، ماتەماتیک)

**.11** دوو بەرنامەی تەلەڤیزیۆن بۆ فێرخوازان دەستنیشان بکە تا تەماشای بکەن — یەکیان سەرکێشی و دووهەمیان دۆخی کۆمیدی. داوایان لێ بکە سەرنج بدەنە جڵەوگرتنی یان نەگرتنی تووڕەیی. پاشان داوایان لێ بکە دەرئەنجامەکان لە ڕاپۆرتێکی کورتی زارەکیدا ڕوون بکەنەوە. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان)

**12.** فیلمی کارتۆنی لەبار پیشانی فێرخوازان بدە و داوایان لێ بکە سەرنج بدەنە دۆخەکانی تووڕەبوون و شێوازی جڵەوگرتنیان. گفتوگۆ دەربارەی باسەکە ساز بکەن. دەکرا کارەکتاری فیلمەکە بە جۆرێکی دیکە جڵەوی تووڕەیی گرتبا؟ چۆن؟ (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

# بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی توورەیی

## وانەی یەکەم: دەروازەیەک بەرەو جڵەوگرتنی توورەیی

**چەمک**

هەستی تووڕەیی نیشانەی فیزیکیی لێ دەزێتەوە

هەستی تووڕەیی دیاردەیەکی ڕەوایە، بەڵام ڕەفتاری تووڕە لەوانەیە زیانبەخش بێت.

هەم ڕووداوی دەرەکی و هەم خەیاڵی ناوەکی دەشێت ببنە دوگمەی داگیرسانی هەستی تووڕەیی.

**چەمکی زمانەکی:** نیشانەی تووڕەیی، دوگمەی تووڕەیی

**ئامانج**

فێرخواز ئاشنا دەبن:

- بە نیشانەگەلی فیزیکیی تووڕەبوون.
- بە پێداویستییەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی.
- بەو «دوگمە دەرەکییانەی» تووڕەبوونیان دادەگیرسێنن.
- بەو «دوگمە ناوەکییانەی» تووڕەبوونیان چڕ دەکەنەوە.

**پێداویستی**

- پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- ڕاپۆرتی «جڵەوگرتنی تووڕەیی».
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 4: بەشی سێهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

مرۆڤ گەر نیشانەکانی تووڕەیی بناسێتەوە ئاسانتر جڵەوی تووڕەبوونی بۆ دەگیرێ. فێرخوازان هان بدە لە کاتی تووڕەبووندا ئاشنای چۆنێتیی هەستی لەشی خۆیان بن. هەستی تووڕەیی دوور نییە کاری بنیاتنەرانەی لێ بزێتەوە. بەڵام ڕەفتاری تووڕە کاری تێکدەرانەی بە دەمەوەیە.

«دوگمەی تووڕەیی» بریتین لەو بابەتانەی دەبنە هۆی تووڕەبوونمان. دەشێت ڕووداوی دەرەکی یاخود خەیاڵی ناوەکی بن. لای منداڵ، ناسینەوەی ئەو خەیاڵە ناوەکییانەی مرۆڤ تووڕە دەکەن، کارێکی ئاسان نییە. هۆشیاریی فێرخوازان زیاد بکە دەربارەی کاریگەریی خەیاڵی تووڕەیی لەسەر پێکەوە هەڵکردن. بۆ نموونە، دەربارەی کارەکتاری نێو چیرۆکەکان، لە فێرخواز بپرسە: «بە بۆچوونی تۆ ئەو کەسە لە نێو خۆیدا دەڵێ چی، چۆن بیر دەکاتەوە؟». پاشان داوایان لێ بکە کاریگەریی ئەو خەیاڵانە هەڵبسەنگێنن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ، دەست دەکەین بە وانەیەکی نوێی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو». لەم وانەیەدا فێر دەبین جڵەوی تووڕەیی خۆمان بگرین.

فۆتۆکە پیشان بدە. ئەمە «سەرتیپ» ـە.

1- تۆ دەڵێی چی، سەرتیپ هەست بە چی دەکات؟ (پەست، تووڕە). بە چیدا دەزانیت؟ (برۆی لێک ناوە. مستەکانی نوقاندون. دەمی گرژ کردووە).

بەگشتی، کاتی تووڕەیی، لەش بە چەندین سەرەداو ئاگادارمان دەکات. ئەم سەرەداوانەی تووڕەیی ناو دەنێین «نیشانەگەلی تووڕەیی».




**2-** لەشت بە کام نیشانەی تووڕەیی ئاگادارت دەکاتەوە لەو هەستە؟ (گەدەم گرێ دەکات. هەست بە سەرما یاخود گەرما یاخود گرژی دەکەم. ددانەکانم جیڕ دەبنەوە). وەڵامەکانی فێرخوازان لە سەر پۆستەرێک تۆمار بکە.

پەیبردن بە نیشانەگەلی تووڕەیی لەش یەکەم هەنگاوە بەرەو جڵەوگرتنی تووڕەیی. ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 1 ی پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی».

**3-** کاتی تووڕەبوون مرۆڤ چی دەکات؟ (بە هەنگاوی قورس دێن و دەچن. شت فڕێ دەدەن یاخود لە شت دەدەن. هاوار دەکەن. جنێو دەدەن. زۆر هێمن دەبن).

هەموو کەسێک تووڕە دەبێت. هەستی تووڕەیی ئاسایيە، بەڵام ڕەفتاری تووڕە کە ئازاری خەڵک دەدات یاخود ڕووخێنەرە ئاسایی نییە.

4- بۆچی ڕەفتاری تووڕە ڕەوا نییە؟ (زیانبەخشە. کێشەکە چارە ناکات. بەگشتی کێشەی گەورەتر ساز دەکات).

5- باس لە تووڕەبوونێکی خۆت بکە، هەستی لەشت چۆن بوو؟ چی تووڕەی کردیت؟

ئەو ڕووداوانەی پێیان تووڕە دەبین بە «دوگمەی تووڕەیی» ناو دەبرێن. کاتێک فشار دەخرێتە سەر دوگمەیەک، کارێک ڕوو دەدات یاخود دەگۆڕێت. کاتێک دوگمەی تووڕەیمان دەخرێتە بەر فشار، گۆڕانکارییەک لە لەشماندا پەیدا دەبێت و ئەو گۆڕانکارییە نیشانەمان دەداتێ کە تووڕەین. بێزارکردن، ناتۆرەلێنان یاخود فەرامۆشکردن چەند نموونەیەکی ئەو دوگمانەن.

6- چی فشار دەخاتە سەر دوگمەی تووڕەبوونی تۆ؟ لە بیرت بێت، نابێت ناوی کەس بهێنیت. لەسەر کاخەزی پۆستەر «دوگمەی تووڕەیی» بنووسە و وەڵامی فێرخوازان ڕیز بکە.
جۆرێکی دیکەش دوگمە هەیە دەبێتە هۆی داگیرسانی هەستی تووڕەیی. گریمان هاوپۆلێک بەرەو هۆڵی وەرزش ڕا دەکات و بەڕێوە پاڵێک بە سەرتیپەوە دەنێت. لەوانەیە سەرتیپ لە دڵی خۆیدا بڵێت: «هەی ناشرین! پاڵی پێوە نام! بۆ وەها چییەتی؟». ئەمە نموونەیەکە لەوەی دوور نییە مرۆڤ لە دڵی خۆیدا یان بە ئاشکرا بیڵێت گەر لە کردەوەی کەسێک تووڕە بێت.

7- سەرتیپ بە چی وەها خۆی تووڕەتر کرد؟ (گوتەی تووڕەی بە خۆی گوت).

8- بە بۆچوونی تۆ ئێستا چی ڕوو دەدات؟ (لەوانەیە سەرتیپ بەبێ بیرکردنەوە ڕەفتار بکات. لەوانەیە توشی شەڕ ببێت. لەوانەیە هەوڵ بدات خۆی ئارام بکاتەوە).

**چالاکی**

لەگەڵ هەڤاڵێکدا لیستێکی دوگمەی تووڕەیی ساز بکەن. چین ئەو دوگمانەی دەبێتە هۆی داگیرسانی تووڕەبوونتان. لە بیرتان بێت ناوی کەس مەنووسن. هەروەها باس لە نیشانەکانی تووڕەیی لەشی خۆتان بکەن.

**ئەنجامگیری**

ئەمرۆ فێربووین چۆن لە ڕێی سەرنجدانە نیشانەگەلی تووڕەیی لەشەوە پەی بە تووڕەبوونی خۆمان بەرین. یەکەم هەنگاوی جڵەوگرتنی تووڕەیی بریتییە لە پرسیاری: «لەشم هەست بە چی دەکات؟». (ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 1 ی پۆستەرەکە).

هەروەها فێری ئەوەش بووین دوگمەی تووڕەیی بناسینەوە- دوگمەی تووڕەیی: واتە ئەو خاڵانەی هەست تووڕەیی لە مرۆڤدا دادەگیرسێنن، یاخود ئەو گوتانەی لەگەڵ خۆمانی دەڵێین و دەبنە هۆیی توندبوونی تووڕەبوونمان. پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» یارمەتیمان دەدات چارەی هەستی تووڕەیی بکەین. لە وانەکانی داهاتوودا، زیاتر لە بارەیەوە فێر دەبین. فەرموون ئەمەش کۆپیی پۆستەرەکە تا لاتان بێت. (کۆپیی پۆستەرەکە دابەش بکە).

**بۆ ماڵەوە:** نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 4: بەشی سێهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

بەدەم کاری ڕۆژانەوە، گەر فێرخواز هەستی بە تووڕەیی کرد، هانی بدە نیشانەگەلی تووڕەیی خۆی دیاری بکات.

دەمی ناوبژیی ناکۆکیی فێرخوازان، هانیان بدە دوگمەی تووڕەییان دیاری بکەن و ناویان لێ بنێن. بە ناولێنانی دوگمەی تووڕەیی خۆیان، فێرخوازان باشتر پەی بە هەستی بەرانبەر دەبەن و ئەمەش کارئاسانییە بۆ چارەی کێشە.

«یادی ڕۆژ»: پرسیار بکە کێ هەستی بە تووڕەیی کردووە و چ نیشانەگەلێکی تووڕەییان تێبینی کردووە.

**چالاکیی دیکە**

داوا لە فێرخوازان ڕەنگدانەوەی هەستی تووڕەیی خۆیان بە نیگارکێشی و هونەری کۆلاژ دەرببڕن. داوایان لێ بکە دوگمەی تووڕەیی خۆیان بە وێنە پێشان بدەن. ڕێ بدە وێنەکان پێشانی یەکتر بدەن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

### وانەی دووهەم: دۆزینەوەی ڕاستیی ڕووداو

وانەی ڤیدیۆدار

**چەمک**

پیادەکردنی هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە هەستی تووڕەیی کەم دەکاتەوە.

ئارامی یارمەتی دەدات ڕوونتر بیر بکەیتەوە و باشتر لە مەبەستی بەرانبەر تێبگەیت. کاتی تەنگانە خۆدواندنی گەش یاریدەرێکی باشە.

**چەمکی زمانەکی:** خۆدواندن، گریمانە

**ئامانج**

فێرخواز توانای دەبێت بۆ:

- ناولێنان و پیادەکردنی هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە».
- ناولێنان و پیادەکردنی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە».
- تێگەیشتن لەوەی دەشێت مەبەستی بەرانبەر جودا بێت لەوەی یەکەم جار ئەم تێیگەیشتبوو.

**پێداویستی**

- کاسێتی ڤیدیۆی پۆلی چواری بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»: «دۆزینەوەی ڕاستیی ڕووداو».
- تەلەڤیزیۆن / ئامێری لێدانی کاسێتی ڤیدیۆ.
- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە سەرنج دەداتە بەکارهێنانی هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی. خۆئارامکردنەوە پێشمەرجێکی پێویستە بۆ چارەی کێشە و یارمەتیی فێرخواز دەدات بە وردی مەبەستەکانی بەرانبەر مەزەندە بکات. لێرەدا باس لە خۆدواندنی ئایەتی (گەش - پۆزەتیف) دەکرێتەوە. لە پۆلدا گفتوگۆیەک ساز بکە دەربارەی بیرۆکەکانی خۆدواندنی خۆئارامکردنەوە. پۆستەرەکان پێشان بدە تا لەگەڵ فێرخوازی تووڕەدا بەکاری بهێنیت. دەرفەتێک بۆ خاوبوونەوە دابین بکە بۆ ئەوەی لای فێرخوازان جێ بگرێت. پاشان گفتوگۆ دەربارەی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشە ساز بکەن.

پێشتر تەماشای کاسێتی ڤیدیۆکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

وانەکە درێژخایەنە، گەر دەتەوێ بیکە دوو دانە وانە، بەڵام مەودای نێوانیان دوو ڕۆژ زیاتر نەبێت.

## چیرۆک و گفتوگۆ

جاری ڕابردوو، باسمان لە نیشانە و گفتوگۆی دوگمەی تووڕەیی کرد، ڕوونمان کردەوە کە لەش نیشانەی تووڕەیی بەکاردەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی هەستی تووڕەبوون. (ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 1 ی پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی»). ئەمڕۆ باس لە جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکەین، یەکەم هەنگاویش خۆئارامکردنەوەیە. ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 2. پاشان بە هەنگاوەکاندا دەچینەوە.

سەرەتا سەیری ڤیدیۆیەک دەکەین دەربارەی دوو هەڤاڵ، «دڵسۆز» و «ماری». سەرنج بدەنە دوگمەی تووڕەیی دڵسۆز. (ڤیدیۆکە پێشان بدە، پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ).

فۆتۆکە پێشان بدە.



دڵسۆز پێویستی بە وچان و بیرکردنەوە هەیە. ئاماژە بە پۆستەرەکە بدە. دڵسۆز هەست دەکات لەشی گرژ دەبێت و ڕوخساری گەرم دادێت. (ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 1).

1- بە بۆچوونی ئێوە دڵسۆز هەست بە چی دەکات؟ (تووڕە، شەرمەزار، فەرامۆشکراو). بۆچی؟ (پێی وەهایە ئەوانی دیکە پێی پێدەکەنن).

2- دڵسۆز وەختە چی بکات؟ (هاوار بکات و بڵێت «بۆ تووڕەم دەکەیت. تۆ گێلی. تۆ هیچ شتێک نازانیت!») چی ڕووی دەدا ئەگەر ئەوەی بکردایە؟ (لەوانەبوو ئەوانی دیکە تووڕە ببن).

3- ئەدی دڵسۆز چی بکات باشە؟ (خۆی ئارام بکاتەوە).

دڵسۆز، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی ڕوون بێت، دەبێت خۆی ئارام بکاتەوە. ئەمەش چەند ڕێگەیەک بۆ خۆئارامکردنەوە. (ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 2 و بە دەنگی بەرز بخوێنەوە).

دڵسۆز پێی وایە کچەکان پێی پێدەکەنن. سێ هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێت و پاشان لەگەڵ خۆیدا بە خۆی دەڵێت «خاو بەوە. من دەتوانم ئەم بارە ساز بکە».. دڵسۆز خۆدواندنی «ئایەتی» (پۆزەتیف) بەکاردەهێنێت.

(ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 3). ئێستا کە ئارام بۆتەوە، دڵسۆز دەتوانێت بێتە سەر چارەی کێشەکە.

**4**- کێ هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» ی لەبیرە دەست هەڵبڕێت. ئادەی بزانم؟ (گەر پێویستی کرد ئاماژە بدە بە پۆستەری «چارەی کێشە»).

دڵسۆز خۆی ئارام کردەوە و دەرفەتی بۆ خۆی ڕەخساند تا بڕیارێکی باش بدات دەربارەی چارەی کێشەکە.

**5**- تۆ دەڵێی چی، کچەکان بە چی پێدەکەنن؟ (پۆشاکی دڵسۆز، بە نوکتەیەک. بە کارێکی دڵسۆز کردوویەتی).

وەرن تەماشای پاشماوەی ڤیدیۆکە بکەین و بزانین چی ڕووی داوە. (ڤیدیۆ کلیپەکە پێشان بدە، پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ).

**6**- کچەکان بە چی پێدەکەنن؟ (فیلمێکی کۆمیدی).

**7**- ئێستا دڵسۆز هەست بە چی دەکات؟ (ئارامە، شادە).

دڵسۆز جڵەوی تووڕەیی خۆی گرت و توانی لە ڕاستیی ڕووداوەکان بگات.

8- دڵسۆز بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا، چی کرد؟ (خۆی ئارام کردەوە. هەستی خۆی بۆ «ماری» باس کرد).

## ڕۆڵوازی

ئێستا چەند دۆخێکی داگیرسێنەری تووڕەیی دەکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا من ڕۆڵی دڵسۆز دەنوێنم. دڵسۆز هەنگاوەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی ئارام بکاتەوە و کێشەکەی خۆی چارە بکات.

پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی دڵسۆز ببینە و هەنگاوەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی پیادە بکە. ئەوجا هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» بۆ چارەکردنی کێشەکە بەکاربهێنە. تەنها یەک دوو چارەی گونجاو دیاری بکە.

پاشان بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوەم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنە سەر. فێرخوازان تەنها هەنگاوەکانی ژمارە 1-3 ی پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» دەنوێنن، نەک خودی تووڕەبوونەکە.

- تۆ سەیری وێنەیەک دەکەیت هاوڕێیەک لە دەسەتتی فڕاند.
- براکەت خەریکی پشکنینی چەکمەجەکانی تۆ بوو، تۆش هاتی بەسەردا.
- پۆلێک منداڵ گەمان دەکەن و ڕێ نادەن تۆ بەشدار بیت.
- کەسێک قەیتانی پێلاوەکانتی پێکەوە گرێداوە.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لەوە کرد کە زۆر گرنگە مرۆڤ بەر لەوەی چارەی کێشەی تووڕەیی بکات، دەبێت خۆی ئارام بکاتەوە. خۆئارامکردنەوە یارمەتیمان دەدات بە ڕوونی بیر لە دۆخەکە بکەینەوە نەک یەکسەر باز بدەین بۆ دەرهاویشتەکان. ئەو دەمە دەتوانین ڕێگەچارەی باشتر هەڵبژێرین بۆ خودی ئەو کێشەیەی بۆتە هۆکاری تووڕەبوونمان. لەمەولا، هەر کاتێک هەستت بە تووڕەیی کرد، هەنگاوەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» پیادە بکە. لە وانەی داهاتوودا، فێری «بیردانەوە» دەبین لە شێوەی مامەڵەی خۆمان لەگەڵ تووڕەییدا.

## گواستنەوەی زانیار

گەر فێرخوازێک تووڕە یان بەشداری ناکۆکییەک بوو، هانی بدە هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە بەکاربهێنێت.

«یادی ڕۆژ»: داوا لە فێرخوازان بکە ئەزموونی خۆیان لە بەکارهێنانی هەنگاوە جوداکانی خۆئارامکردنەوەدا باس بکەن.

## چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە لێکۆڵینەوەیەک یان ئەزموونێک ساز بکەن بۆ بەراوردکردنی نیشانەکانی لەش، دەمی تووڕەبوون و دەمی ئارامی. سەرنج بدەنە نیشانەی وەک: ڕێژەی لێدانی دڵ و هەناسە، ئارەقەکردنەوە و سوور هەڵگەڕان.

2- داوا لە فێرخوازان بکە، کاتی تووڕەیی، تەکنیکی بیرکردنەوە لە بابەتی ئارام تاقی بکەنەوە. ڕۆژێکیش تەرخان بکە بۆ گفتوگۆ دەربارەی سوودی ئەم تەکنیکە بۆ هەر فێرخوازێک.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی سێهەم: بیردانەوە

**چەمک**

بیردانەوەی مرۆڤ لەو ڕەفتارەی خۆی کە کاتی تەنگانە دەیکات دەبێتە هۆی سەرکەوتنی لە پێشەڕۆژدا.

**چەمکی زمانەکی:** بیردانەوە

**ئامانج**

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- بیردانەوە دەربارەی ڕەفتاری کاتی تەنگانەی خۆیان و هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەو ڕەفتارەیان.

**پێداویستی**

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

جگە لە باسکردنی «خۆ- هەڵسەنگاندن» و پاداشت، ئەم وانەیە بابەتەکانی وانەی یەکەم و دووهەم بەسەر دەکاتەوە. جار هەیە جڵەوگرتنی تووڕەیی مرۆڤ تووشی شڵەژان دەکات.

پاش ئەوەی مرۆڤ کێشەکە چارە دەکات، گرنگە کات تەرخان بکات بۆ بیردانەوە دەربارەی هەم ڕەفتاری خۆی کاتی جڵەوگرتنی تووڕەیی و هەم هەنگاوەکانی خۆی بۆ

چارەکردنی کێشەکەی تووڕەی کردبوو. «خۆ-بیردانەوە» دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری خۆت و لە کەشێکی ئارامتردا، پاش ئەوەی کێشەکە بەسەر دەچێت.

بیردانەوە هونەرێکی ورد و تایبەتە، منداڵ پێویستی بە یارمەتییە بۆ فێربوونی ئەو پرسیارانەی دەبێت کاتی بیردانەوە لە خۆی بکات.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین بیر لە ڕابوردوو بکەینەوە، دەربارەی ڕەفتاری خۆمان لە دەمێکی تووڕەبووندا.

فۆتۆکە پیشان بدە.



«کاردۆ» بیر لەوە دەکاتە چۆن کێشەکەی خۆی لەگەڵ «ڕۆستەم»ی هەڤاڵیدا چارە کرد. ڕۆستەم بایسیکلەکەی کاردۆی خواستبوو، پاشان بە چەرخێکی پەنچەرەوە دایەوە دەست کاردۆ. کاردۆ لێی پەست بوو. کاردۆ لە ڕێگەی هەناسەدانی قووڵ و بە خۆ گوتنی «دەی، کێشەیەکی گەورە نییە. دەتوانم چارەی بکەم» ئارام بۆوە. پاشان هەستی خۆی بۆ ڕۆستەم ڕوون کردووە: «سەرسوڕماو و پەست بووم لێت کاتێک بایسیکلەکەمت بە تایەیەکی پەنچەرەوە هێنایەوە. لە کاری تۆ نەدەچوو». ڕۆستەم ڕوونی کردەوە کە پێ ناخۆش بووە و ئامادەگیی خۆی پێشان دا بۆ چاککردنەوەی تایەکە.

پاش ئەوەی کێشەکە چارە دەکەیت، گرنگە بیر لە ڕەفتاری خۆت بکەیتەوە لەگەڵ کێشەکەدا. بەم هونەرە دەگوترێت «بیردانەوە». ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 4 ی سەر پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی».

1. چی بووە هۆی ئەوەی کاردۆ هەست بە تووڕەیی بکات؟ (ڕۆستەم بایسیکلی کاردۆی خواستووە و بە تایەیەکی پەنچەرەوە هێناویتیەوە).
2. کاردۆ دەمی هەستکردنی بە تووڕەیی چی کرد؟ (چاوەڕێی کرد. هەناسەی قووڵی هەڵمژی. خۆی دواند. هەستەکەی خۆی بۆ ڕۆستەم ڕوون کردەوە).
3. کام هەنگاوە سوودی بۆ چارەی کێشەکە هەبوو؟ (خۆئارامکردنەوە. هەستی خۆی بۆ ڕۆستەم ڕوون کردەوە).
4. کاردۆ دەیتوانی وەها نەکات، کارێکی دیکە بکات؟ وەکوو چی؟ (دەیتوانی دەستبەجێ هەستی خۆی بۆ ڕۆستەم باس بکات. دەیتوانی هاوار بەسەر ڕۆستەمدا بکات).
5. سوودی بیردانەوە دەربارەی چۆنێتیی ڕەفتار چییە؟ (سوود لە هەڵەکانی خۆت وەردەگریت. جوانکارییەکانی خۆتت بیر دەمێنێت. دەستخۆشی لە خۆت

دەکەیت). بیردانەوە چ سوودێکی بۆ دوارۆژی کاردۆ هەیە؟ (لەبیری دەبێت «خۆئارامکردنەوە» هەردەم یەکەم هەنگاوی بێت).

**6.** گریمان ئەو چارەیەی کاردۆ بێسوود بوو، یان شادیهێن نەبوو. ئەوسا چی؟ (دەبێت بیر لەوە بکاتەوە بۆچی چارەکەی بێسوود بوو. دەبێت بیر لەوە بکاتەوە جاری داهاتوو چ هەنگاوێک بگۆڕێت).

گرنگە، پاش ئەوەی لە کەسێک تووڕە دەبیت، بیری لێ بکەیتەوە. کاردۆش وەهای کرد. لە خۆت بپرسە ئایا مامەڵەت لەگەڵ تووڕەبوونەکەدا باش بوو یان نا. ئەگەر ڕەفتاری خۆتت لا باشە خەڵاتێکی خۆت بکە.

**7.** کاردۆ، پاش ئەوەی بە جوانی کێشەکەی چارە کرد، چۆن خۆی خەڵات بکات؟ (بە خۆی بڵێت: «کارێکی باشم کرد». دەکرێت بۆ دایکوباوک و هەڤاڵانی خۆی باس بکات. کارێک بکات پێی شاد بێت).

**8.** ڕووی داوە دەستخۆشیت لە خۆت کردبێت؟ چۆن پاداشتی خۆت دەدەیتەوە؟

ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 4 بکە. ئادەی با بەو شەش پرسیارەدا بچینەوە کە بۆ «بیردانەوە» و بیرکردنەوە لە ڕووداوی ڕابوردوو دەست دەدەن:

1. بۆچی تووڕە بووم؟
2. چیم کرد؟
3. چ کارێک سوودی هەبوو؟
4. چ کارێک سوودی نەبوو؟
5. چ ڕەفتارێکم بە جۆرێکی دیکە بایە باشتر دەبوو؟
6. ئایا کارێکی باشم کرد؟

## چالاکی

بیر لە بەسەرهاتێک بکەوە تێیدا تووڕە بوویت. بە یارمەتیی پرسیارەکانی «بیردانەوە» وە دەربارەی ئەو ئەزموونەت بنووسە. (دەشێت ئەم چالاکییە بکەیتە بەشێکی ئەم وانەیە، وەک وانەیەکی ڕاپۆرت نووسین یان وەک ئەرکی ماڵەوە).

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێربووین چۆن بیر لە ڕووداوێکی ڕابوردوو بکەینەوە، ڕەفتاری دەمی تووڕەبوونمان چۆن بووە. بۆ بیردانەوە لە ڕەفتاری خۆمان فێری شەش پرسیار بووین.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک فێرخواز هەر تەکنیک و توانایەکی نێو ئەم بەرنامەیە بەکاردەهێنێت، ڕێنوێنی بکە ڕەفتاری خۆی هەڵسەنگێنێت و هانی بدە، بۆ کارێکی باشی کردوویەتی، پاداشتی خۆی بداتەوە.

## چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخوازان بکە پارچە کاخەزێکی گەورەی وێنەکێشان بکەنە دوو کەرت. داوایان لێ بکە بیر لە بەسەرهاتێک بکەنەوە تێیدا دەبا بە شێوەیەکی باشتر جڵەوی تووڕەیی خۆیان بگرتایە. داوایان لێ بکە لەسەر لایەکی کاخەزەکە، بە نیگارکێشی، ئەو ڕەفتارە پێشان بدەن کە بێسوود بووە. لەسەر لایەکەی دیکە، دیسان بە نیگارکێشی، پێشانی بدەن دەبا چی بکەن لەبری ئەوەی کردوویانە. داوا لە فێرخوازان بکە کورتەباسێک بۆ نیگارەکانیان بنووسن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی چوارەم: چارەی توانج

## چەمک

چارەیەکی باشی «توانج» ئەوەیە توانجەکە وێڵ بکەیت، هەستی خۆت بۆ کەسی بەرانبەر ڕوون بکەیتەوە و گەر پێویست بوو یارمەتیی پەیدا بکەیت.

**چەمکی زمانەکی:** توانج، وێڵکردن، «لەخۆڕادیتن»، چەپاندن

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دۆزینەوەی چارەی «توانج».
- پیادەکردنی هەنگاوەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی».

## پێداویستی

- پۆستەری: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

«توانج» گوتە و ڕەفتارێکە مەبەست لێیان سووکایەتی و ئازاردانی کەسی بەرانبەرە. ئەم وانەیە دەرفەتێکی باشە بۆ هەم گفتوگۆ دەربارەی سوودی «لەخۆڕادیتن» و هەم دۆزینەوەی بزۆزی (داینەمیکی) «چەپاندن». تاکە یەک توانج نابێتە هۆی «چەپاندن». دیاردەکە دەبێتە «چەپاندن» گەر توانج بەردەوام بێ یان لە کەسێکەوە

بێت خۆی لە بەرانبەر بە تواناتر و بەهێزتر بزانێت. چەپاندن شێوازێکی سەپاندن و پاراستنی دەسەڵاتە.

بۆ فێرخوازانی ڕوون بکەوە کە زۆر گرنگە «چەپاندن» نەسەلمێنن و دەستبەجێ لای کەسێکی گەورەساڵی متمانەپێکراو باسی بکەن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن «توانج» چارە بکەین. «توانج» گوتە و ڕەفتارێکە مەبەست لێی شکاندنەوە و ئازاردانی بەرانبەرە.

فۆتۆکە پیشان بدە.



«ئامەد» و «بەمۆ» لە هەمان گەڕەکدا دەژین. ئامەد بە ڕێوەیە بەرەو وانەی موزیک. بەمۆ دەڵێت: «شمشاڵژەنین کاری مرۆڤی گێلە». (دەکرێت وشەی «گێل» بگۆڕیت بە وشەیەکی دیکەی هاومەبەست ئەمما نابێت نزیک بێت لە بیروڕای

ڕەگەزپەرستانە، جەندەرگیری یان زایەندگیری – واتە نابێت دژ بە ڕەگەز و دین و میللەتان، بە ژن یان پیاو، دژ بە مەیلی سێکسی مرۆڤ بێت).

1. کێشەکە چییە؟ (ئامەد توانجی لێ گیراوە و بێزار کراوە).
2. ئامەد هەست بە چی دەکات؟ (تووڕە، شەرمەزار، هەستڕووشاو). بۆچی؟ (توانجی لێ گیراوە).

ئامەد ئەوەندە تووڕەیە وەختە لەگەڵ بەمۆ بەشەڕ بێت.

3. ئامەد، بۆ خۆئارامکردنەوە، چی بکات باشە؟ (بیری ئارام بکاتەوە. خۆی بدوێنێت).
4. ئامەد، بۆ چارەی ئەم کێشەیە، چی بکات باشە؟ (بەمۆ وێڵ بکات. هەستی خۆی بۆ بەمۆ ڕوون بکاتەوە. بە کەسێکی گەورەساڵ بڵێت).
5. چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (هەر یەک لەو چارە گونجاوانەی پێشنیاز کران، بە پرسیارەکانی هەنگاوی ژمارەی سێی «چارەی کێشە»، هەڵسەنگێنن).

ئامەد وێڵکردنی بەمۆ هەڵدەبژێرێت، بەڵام بەمۆ واز ناهێنێت.

6. ئامەد چ چارەیەکی دیکەی لەبەرە؟ (چارەیەکی دیکە بێنە پێش).

ئامەد بڕیار دەدات بە بەمۆ بڵێت واز بێنێت و چی دیکە بێزاری نەکات.

7. ئامەد چی بڵێت باشە؟ (بەمۆ، بەسە، واز بێنە. من گێل نیم. ئارەزووم لە شمشاڵژەنینە و باشیشی لێ دەزانم»). ئەدی چۆنی بڵێت؟ (دەبێت دەنگێکی لەخۆڕادیتوو بەکاربهێنێت).

گرنگە ئامەد، کاتێک قسە لەگەڵ بەمۆ دەکات، هەم ئارامیی خۆی ڕاگرێت هەم دەنگێکی بەهێز و لەخۆڕادیتوو بەکاربهێنێت. دەبێت ڕێک ڕاوەستێت. بەمۆ بەم ڕەفتارەی ئامەد تێدەگات کە ئامەد بەڕاستییەتی و داواکەی جیددییە.

**8.** گریمان بەمۆ وازی نەهێنا یان ئامەد نەیوێرا ڕووبەڕووی بەمۆ بێتەوە، ئەوسا ئامەد چی بکات باشە، قسە لەگەڵ کێ بکات؟ (دایکوباوک، ئەندامانی خێزان، دۆست، هاوسێ).

وەرن چەند هەنگاوێکی چارەی «توانج» بنووسینەوە. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک:

- خۆت ئارام بکەوە.
- بەرانبەر وێڵ بکە و دوور بکەورەوە.
- ئەگەر هەنگاوی پێشوو سوودی نەبوو، بە دەنگێکی لەخۆڕادیتوو پێی بڵێ واز بێنێت. هەستی خۆتی بۆ ڕوون بکەوە. لە توانای خۆت دڵنیا بە. بابەتەکە بگۆڕە.
- ئەگەر توانجەکە بەردەوام بێت، داوای یارمەتی لە کەسێکی دیکە بکە.

«توانج» گەر بەردەوام بوو دەبێتە «چەپاندن». زۆر گرنگە باسی «چەپاندن» بە زووترین کات بگاتە مامۆستا، دایکوباوکان یان هەر کەسێکی دیکەی گەورەساڵی متمانەپێکراو.

**9.** کێ بەسەرهاتێکمان بۆ باس دەکات «توانج» ی تێدا بێت؟ لە بیرتان بێت ناوی کەس نەهێنن.

«توانج» چۆن ئازاری مرۆڤ دەدات؟ (توانج بێڕێزیی و بێمێشکی پێشان دەدات).
جەخت بخە سەر ئەوەی هەموو توانجێک، ئاماژە بە هەر چییەک بدات - بۆ نموونە توانجی ڕەگەزپەرستانە، زایەندگیری، جەندەرگیری، یاخود دەربارەی ناو، شێوە، زمان و ڕەفتاری بەرانبەر - هەر ئازاربەخشە.

توانج هەیە ڕەگەزپەرستانە و دژ بە کۆمەڵێک خەڵکە. ئەم جۆرە توانجە تەنها یەک کەس ئازار نادات، کۆمەڵێک خەڵکی زۆر ئازار دەدات.

ڕۆڵوازی

ئێستا کێشەی «توانج» دەکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا من دەست پێ دەکەم. ڕۆڵی ئامەد دەبینم و هەنگاوەکانی چارەی توانج پیادە دەکەم. (دڵخوازێک هەڵبژێرە بۆ نۆرەی بەمۆ).
پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی ئامەد بنوێنە و هەنگاوەکانی لە پۆلەکەدا تۆمار کران پیادە بکە. خۆت ئارام بکەوە، پاشان بڵێ: «بەمۆ، بەسە، واز بێنە، توانجم لێ مەگرە. شمشاڵ دەژەنم و زۆر باشی دەژەنەم. پێم وایە تۆش هەوڵ بدەی فێری ئامێرێک بیت باشە». پاش مۆدێلی ڕۆڵوازی، بپرسە: چۆن بووم؟ هەنگاوەکانی پۆلەکەم بە باشی پیادە کرد؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر. ڕێگە مەدە فێرخوازان ڕەفتاری خراپ بنوێنن.

- تازە قژت بڕیوە و هاوڕێیەک گاڵتە بە سەروقژت دەکات.
- هاوپۆلێک گاڵتە بە پێڵاوەکانت دەکات.
- هاوپۆلێک پێت دەڵێت: «پشیلەی ترسەنۆک».
- هاوڕێیەک گاڵتە بە ناوەکەت دەکات.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ باسمان لە چارەی توانج کرد، گوتمان دەکرێت مرۆڤ: توانجەکە وێڵ بکات. بە دەنگێکی لەخۆڕادیتوو هەستی خۆی بۆ کەسی بەرانبەر ڕوون بکاتەوە. بابەتەکە بگۆڕێت. گەر توانج هەر بەردەوام بوو دەبێتە «چەپاندن». زۆر گرنگە دەستبەجێ باسی «چەپاندن» بگەیەنیتە مامۆستا، دایکوباوکان یان هەر کەسێکی گەورەساڵی متمانەپێکراو.

**بۆماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان

«چارەی توانج» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

ڕێ مەدە توانج تێپەڕ بێت. هانی فێرخوازان بدە هەنگاوەکانی ئەم وانەیە پیادە بکە.

**چالاکیی دیکە**

داوا لە فێرخوازان بکە، پاش ڕەزامەندیی دایکوباوکانیان، تەماشای بەرنامەی تەلەڤیزیۆن بکەن و ژمارەی توانجی هەر بەرنامەیەک تۆمار بکەن. داوا لە فێرخوازان بکە ئەنجامەکان لەگەڵ پۆلەکدا باس بکەن و هێڵکارییەک بۆ بەراوردکردنی بەرنامە جیاوازەکان ساز بکەن. ئەم ڕاهێنانە پێشانی فێرخوازانی دەدات «توانج» لە ڕاگەیاندندا چەند جێکەوتووە. ڕوونی بکەوە کە بیستنی ئەوەندە توانج لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەستیاریمان بەرانبەر زیانی ئەم دیاردەیە کەم دەکاتەوە.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی توورەیی

## وانەی پێنجەم: چارەی رەخنە

**چەمک**

ڕەخنە هەیە بنیاتنەرە.

چارەی کاریگەری ڕەخنە بریتییە لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ.

چارەیەکی ڕێزدارانەی ڕەخنەی ناڕەوا هونەرێکە یارمەتی چارەی کێشە دەدات.

**چەمکی زمانەکی:** ڕەخنە، بنیاتنەر

**ئامانج**

فێرخواز توانای دەبێت بۆ:

- دۆزینەوەی چارەی ڕەخنەی ڕەوا.
- وەڵامدانەوەی ڕەخنەی ناڕەوا بە شێوەیەکی ڕێزدارانە.

**پێداویستی**

- پۆستەری: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

زۆر جار هەم منداڵ و هەم گەورەساڵیش ڕەخنە بە کارێکی خراپ دەبینن. چارەی ڕەخنە بابەتێکە پەیوەندە بە مەزاجەوە.

لەگەڵ فێرخوازان لایەنی بنیاتنەری ڕەخنە ڕوون بکەنەوە. هەڵسەنگاندنەکانی نێو بەشی «ڕۆڵوازی» دەبنە یاریدەری گەشکردنەوەی مەبەستی ئەم وانەیە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن لەگەڵ ڕەخنەدا هەڵبکەین.

1. «ڕەخنە» چییە؟ (ڕەخنە ئەوەیە کەسێک تێبینییەک بدات دەربارەی بەرهەمێک). ڕەخنە و توانج جوداوازییان چییە؟ (توانج گوتە یان ڕەفتارێکە بە مەبەستی سووکایەتی و گاڵتەجاڕییە).

فۆتۆکە پیشان بدە.



باوکی «کۆچەر»، کۆچەر ئاگادار دەکاتەوەی لەوەی ماوەیەکە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە و داوای لێ دەکات بەشەکەی خۆی تەواو بکات.

**2.** ئایا باوکی کۆچەر ڕەخنە لە کۆچەر دەگرێت یاخود توانجی تێدەگرێت؟ (ڕەخنەی لێ دەگرێت). بۆچی ڕەخنەگرتنە، توانج نییە؟ (بۆ کۆچەری ڕوون دەکاتەوە چۆن باشتری بکات. هەوڵ نادات شەرمەزاری بکات و هەستی بڕووشێنێت).

**3.** بە بۆچوونی تۆ، کۆچەر هەست بە چی دەکات کاتێک باوکی ڕەخنەی لێ دەگرێت؟ (شەرمەزار، بێزار، ناکام، خەمبار).

**4.** کۆچەر دەتوانێت چی بە خۆی بڵێت تاکوو مەزاجی تێک نەچێت؟ («ئارام بە». «دەبێت بیر لە گوتەکانی باوکم بکەمەوە». «دەبێت زیاتر هەوڵ بدەم»).

کاتێک کەسێک ڕەخنەت لێ دەگرێت، سەرەتا بیر لە قسەکەی بەرانبەر بکەوە، چی دەڵێ و بۆچی وەها دەڵێ. ڕەخنە هەیە «بنیاتنەر» و سوودبەخشە.

**5.** بە بۆچوونی تۆ، باوکی کۆچەر بۆچی ڕەخنەی لێ گرت؟ (تا یارمەتی بدات گەشە بە ڕەفتاری چاک بدات).

**6.** کۆچەر سەلماندی کە ڕەخنەکەی باوکی دروستە. ئەوجا چی بکات باشە؟ (داوای لێبوردن بکات. زیاتر هەوڵ بدات).

**7.** چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (چارە گونجاوەکان بە پرسیارەکانی هەنگاوی ژمارەی سێی «چارەی کێشە»، هەڵسەنگێنن).

**8.** بە بۆچوونی تۆ کۆچەر چی بکات باشە؟

جار هەیە ڕەخنە یارمەتیدەرە. جاریش هەیە وەها نییە. جار هەیە خەڵک ڕەخنە دەگرن و تۆ پێت وایە ڕەخنەکە ناڕەوایە.

**9.** گریمان کۆچەر هەوڵێکی باشی داوە و هەموو توانای خۆی خستۆتە کار بەڵام باوکی ڕەخنەی لێ دەگرێ گۆیا کارەکانی باش ئەنجام نەداوە (دەتوانێت بە شێوازێکی ڕێزدارانە باوکی ئاگادار بکات لەوەی ئەم هەموو هەوڵی خۆی داوە. دەتوانێت داوای ڕێنوێنی لێ بکات بۆ ئەنجامی باشتر).

وەرن چەند هەنگاوێکی «چارەی ڕەخنە» بنووسینەوە. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک:

- خۆت ئارام بکەوە.
- بیر لە گوتەی بەرانبەر بکەوە و بڕیار بدە ئایە ڕەخنەکە دروست و ڕەوایە یان نا.
- ئەگەر دروستە، داوای لێبوردن بکە و داوای ڕێنوێنی بکە بۆ باشترکردنی کارەکەت.
- ئەگەر پێت وایە ڕەخنەکە ناڕەوایە، بە دەنگێکی ڕێزدارانە دیدی خۆت ڕوون بکەوە و پاشان هونەرەکانی «چارەی کێشە» بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی چارەڕێیەکی باش.

**ڕۆڵوازی**

ئێستا چارەی ڕەخنە دەکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا من ڕۆڵی کۆچەر دەبینم کاتێک مامەڵە لەگەڵ ڕەخنەی باوکی دەکات. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی باوکی کۆچەر). پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی کۆچەر ببینە و هەنگاوەکانی پۆل پیادە بکە.

### سیناریۆی یەکەم

فێرخوازی جێگری باوکی کۆچەر: «کۆچەر، بڕوانە ئەو هەموو گەڵایەت بەجێ هێشتووە. دەبێت ئەم بەشەی باخەکە دووبارە پاک بکەیتەوە». سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژە و بە خۆت بڵێ: «پێم وایە دروستە. دەکرا کارەکەم باشتر بکەم». ئەوجا وەڵام بدەوە: «ببورە، باوکە. پەلەم کرد. دووبارە کارەکە دەکەمەوە». فێرخوازی جێگری باوک دەڵێ: «سوپاس. جار هەیە مرۆڤ پەلە نەکات باشە».

### سیناریۆی دووهەم

فێرخوازی جێگری باوک: «کۆچەر، هێشتا ئەو سەری باخەکە هەر گەڵایە. دەبێت باشتر کارەکەت بکەیت». سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژە و بە خۆت بڵێ: «بەڕاستی هەوڵی باشم داوە. پێم وانییە گوتەکەی باوکم ڕەوا بێت». ئەوجا بە دەنگێکی ڕێزدارانەوە وەڵام بدەوە «بەڕاستی هەوڵی باشم داوە، باوکە. گەڵایەکی زۆری لێ بوو، ئێستا زۆری باخەکە تەواو پاک دیارە».

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. سەرەتا وەهای پێشان بدە گوتەی بەرانبەرەکەت دروستە. پاشان ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن و ڕەخنەکە بە ناڕەوا دابنێن.

- مامۆستا پێت دەڵێت مێزەکەت بەسەر یەکدا دراوە.
- دایە و بابە دەڵێن دەنگەدەنگ زۆر دەکەیت.
- هاوڕێکەت پێت دەڵێت گەمەکەت ڕەوا نییە.

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێربووین چۆن لەگەڵ ڕەخنەدا هەڵبکەین. ڕەخنە هەیە سوودبەخشە، یارمەتیمان دەدات کاری باشتر بکەین. ڕەخنەش هەیە ناڕەوایە و بەرانبەر تەنانەت

گوێ بۆ هەستەکانی تۆ ڕاناگرێت. لە هەردوو باردا، هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» بۆ هەڵکردن لەگەڵ ڕەخنەدا دێنە فریامان.

**بۆماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان

«چارەی ڕەخنە» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک تۆ ڕەخنەیەکی بنیاتنەرانە دەگریت، فێرخواز هان بدە بیر لە نیگەرانییەکەی تۆ بکاتەوە، ئایە دروست و ڕەوایە یان نا. وەبیریان بهێنەوە کە چاککردنی کارێک پێویستی بەوەیە مرۆڤ بیسەلمێنێت کە کارەکە کەموکووڕی هەیە.

**چالاکیی دیکە**

داوا لە فێرخوازان بکە بابەتێک دیاری بکەن کە خۆیان بزانن پێویستی بە چاککردن هەیە، بۆ نموونە کاری نێو ماڵ، تەواوکردنی ئەرکی ماڵەوە لە کاتی خۆیدا. داوایان لێ بکە هەوڵ بدەن ئەو کارە لە ماوەی هەفتەیەکدا چاکتر بکەن و هەوڵدانەکەش بە نووسین تۆمار بکەن.

# بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی شەشەم: چارەی وەدەرنان

## چەمک

چارەی کێشە شێوازێکی کاریگەرە بۆ چارەی وەدەرنان.

**چەمکی زمانەکی:** وەدەرنان

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی هونەری چارەی وەدەرنان.
- بەکارهێنانی هونەری «چارەی کێشە» بۆ چارەی وەدەرنان.

## پێداویستی

- پۆستەر: «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

«لەخۆڕادیتن» هەر ئەوە نییە بتوانیت بڵێت «نەخێر»، گرینگە فێر بیت داواکاریی خۆیشت ڕوون بکەیتەوە.

لەگەڵ فێرخوازاندا دەربڕینی لەشی «لەخۆڕادیتوو» باس بکەن:

- سەیری چاوی کەسی بەرانبەر بکە.
- ڕێک بوەستە.
- دەنگێکی ڕێزدارانەی ئاشکرا بەکاربهێنە.
- گەر پێویست بوو، داواکەت دووبارە بکەوە.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن لەگەڵ وەدەرنان هەڵبکەین.

فۆتۆکە پیشان بدە.

ئەمە «مەندانە» یە، لە ماوەی پشوودا، نزیک چەند کیژێک دانیشتووە. مەندانە تازە بووەتە ئاشنای ئەم کیژانە. ئەوان خەریکی بەرنامەڕێژیی ئاهەنگی کۆتای هەفتەن. مەندانە چاوەڕێیە بانگی بکەن و لەسەری بکەن. بەڵام کچەکان مژووڵی باسی خۆراکی ئاهەنگەکەن.



1. کێشەکە چییە؟ (وا دیارە لەم ئاهەنگەدا مەندانە فەرامۆش دەکرێت).
2. دەبێت مەندانە هەست بە چی بکات؟ (ناکام، خەمبار).
3. دەیسا مەندانە چی لەم هەستی دڵشکان و تووڕەییە بکات باشە؟ (سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە بابەتی ئارام، خۆدواندن).
4. دەبێت هۆی چی بێت کیژەکان مەندانەیان لە بەرنامەڕێژیی ئاهەنگەکە وەدەرناوە؟ (دوور نییە ڕێکەوت بێ، چونکە هێشتا باشی ناناسن).

مەندانە سێ هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێت و بە خۆی دەڵێت «پێم وا نییە مەبەستیان بێت دڵم بشکێنن. سازی دەکەم. ئارام بەوە». ئەوجا لەگەڵ خۆی بڕیار دەدات کە ناشێت وەدەرنانەکە مەبەستکرد بێت. لەوانەیە لایان وا بێت ئەم هەر لەخۆوە دێت بۆ ئاهەنگەکە چونکە زووتر بەشداری چالاکیی دیکەیان بووە.

5. مەندانە چی بکات باشە بۆ چارەکردنی ئەم باسە؟ (داوایان لێ بکات ڕێ بدەن ئەمیش بەشدار بێت. هەستی خۆی ڕوون بکاتەوە بۆیان. تووڕە ببێت و جنێو بدا. خۆی مۆن بکات. بۆ هاوڕێی دیکە بگەڕێت).
6. چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (چارە گونجاوەکان بە پرسیارەکانی هەنگاوی ژمارەی سێی «چارەی کێشە»، هەڵسەنگێنن).
7. بە بۆچوونی تۆ، مەندانە کام چارە هەڵبژێرێت باشە؟
8. مەندانە بڕیار دەدات لێیان بپرسێت ئایا بۆی هەیە بەشداریی ئاهەنگەکە بێت. چاوەڕێی وچانێک دەکات لە گفتوگۆی کیژەکاندا و ئەوجا بە دەنگێکی لەخۆڕادیتوو دەپرسێ: «لەوە دەچێت ئاهەنگەکەتان خۆش بێت. بۆم هەیە منیش بەشدار بم؟». دەستەواژەی «لەخۆڕادیتن» مانای ئەوەیە داکۆکی لە خۆت بکەیت و دەنگێکی بەهێز و دۆستانە بەکاربهێنیت.

**9.** گریمان مەندانە داوای بەشداربوونی کرد بەڵام کیژەکان ڕەفتاریان نارێک بێت و وەڵامی نەدەنەوە. ئەوسا چی؟ (دەتوانێت لە بری ئاهەنگ خۆی بە کارێکی دیکەوە خەریک بکات. هەوڵ بدا هەڤاڵی دیکە پەیدا بکات).

وەرن چەند هەنگاوێکی «چارەی وەدەرنان» بنووسینەوە. ڕێنوێنیی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک:

1- خۆت ئارام بکەوە. 2- بزانە بە مەبەست وەدەر نراویت. 3- بیر لە چەند چارەیەک بکەوە و یەکیان هەڵبژێرە. 4- ئەگەر بێسوود بوو، هێشتا هەر هەست دەکەیت وەدەر نراویت، کارێکی دیکە بۆ خۆت بدۆزەوە.

**ڕۆڵوازی**

ئێستا باسی چارەی وەدەرنان دەکەینە ڕۆڵوازی. . سەرەتا من ڕۆڵی مەندانە دەنوێنم و هەنگاوەکانی چارەی وەدەرنان پیادە دەکەم.

پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی مەندانە بنوێنە و هەنگاوەکانی لە پۆلەکەدا تۆمار کران پیادە بکە: سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، خۆدواندن: «سازی دەکەم. دەزانم بە مەبەست وەدەر نەنراوم». بە بەرانبەر بڵێ: «دەکرێت منیش بەشدار بم؟ دیارە ئاهەنگێکی خۆشە». پاش مۆدێلی ڕۆڵوازی، بپرسە: چۆن بووم؟ هەنگاوەکانی پۆلەکەم بەباشی پیادە کرد؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە خاڵی گونجاو هەڵبژێرن یان خۆتان خاڵی دیکەی بخەنەسەر. ڕێگە مەدە فێرخوازان ڕەفتاری خراپ بنوێنن.

- دەتەوێت بۆ فراڤین لەسەر مێزێک دابنیشیت، بەڵام هیچ کەسێک شوێنت بۆ ناکاتەوە.
- دوو هاوڕێ بە زمانێکی خۆکرد قسە دەکەن کە تەنها خۆیان لێی تێدەگەن.
- دوو منداڵی هاوسێتان یانەیەک ساز دەکەن و هەر خۆیان تێیدا ئەندامن.
- دوو هاوڕێ دێنە سەردانت، بەڵام تەنها لەگەڵ یەک وازی دەکەن.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن لەگەڵ وەدەرنان هەڵبکەین. فێربووین بەر لە هەر کارێک، خۆمان ئارام بکەینەوە ئەوجا بیر لە چارەی کێشەکە بکەینەوە. فێربوونی دەنگێکی ڕێزدار و لەخۆڕادیتوو بەکاربهێنین چونکە لە باری وەهادا سوودی هەیە.

**بۆماڵەوە**

**ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان**

«چارەی وەدەرنان» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێکردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

وەدەرنان زۆر جار وێنەیەکی خەیاڵکردی خۆتە زیاتر لەوەی ڕەفتارێکی مەبەستکردی بەرانبەر بێت. فێرخوازان هان بدە شیکاری لەم بوارەدا بکەن و بزانن بابەتەکە تا چ ڕادەیەک زادەی مەبەستە. یارمەتییان بدە هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» لە بەرنامەیەکدا دارێژن بۆ چارەی وەدەرنان.

**«خەیاڵی ڕۆژ»:** داوا لە فێرخوازان بکە بابەتێک دیاری بکەن کە تێیدا ڕێ بە دۆستان دەدەن بەشداری چالاکییان بێت.

**«یادی ڕۆژ»:** داوا لە فێرخوازان بکە باس لە بەسەرهاتێک بکەن تێیدا دۆستانیان بەشداری چالاکی کردبێت.

**چالاکیی دیکە**

بگەڕێنەوە سەر بەشی «ڕۆڵوازی». داوا لە فێرخوازان بکە یەکێک لەو دوو سیناریۆیە هەڵبژێرن و بە نووسین ڕوونی بکەنەوە چۆن دەتوانن ڕەوتی بەسەرهاتەکە بگۆڕن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی هەفتەم: با«هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت

## چەمک

بیردانەوەی تایبەت و بەرهەستی فێرخواز دەربارەی هونەرەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەبنە یاریدەری گواستنەوەی ئەو زانیارە بۆ نێو ژیانی ڕۆژانەیان.

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت:

- لە ڕێی بیرۆکەبارانەوە بیرۆکەی تازە بدۆزنەوە بۆ داڕشتنی کارتێکی وانەی تایبەت بە خۆیان.
- وێکرا، لە گرووپدا، هونەرەکانی کاری تیم پیادە بکەن بۆ داڕشتنی کارتێکی وانەی تایبەت بە پۆلەکە.
- وانەکەی دەستکردی خۆیان بۆ پۆلەکە باس بکەن.

## پێداویستی

- گشت وانە و پۆستەرەکانی بەرگی چوارەم.
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- کەلوپەلی هەمەجۆرەی هونەری.
- دوو پارچە کاخەزی گەورە بۆ هەر گرووپێک.
- ئامێری پێشاندانی وێنە لەسەر پەردە.
- سلایدی ژمارە 1، 2، 3.
- نامیلکەی: «خۆهەڵسەنگاندنی فێرخواز».
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، نامەی شەشەم - با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

پانتایی چالاکییەکان و کاتی پێویست بۆیان دیاری بکە. دەشێت چەند ڕۆژێک بخایەنێت. دەبێت وانەکان هونەرێکی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» لە ژیانی ڕۆژانەی ڕاستیدا بخەنە ڕوو. داوا لە فێرخوازان بکە وانەکانی خۆیان بڵێنەوە. دەکرێت گەورەساڵی دڵخواز هاوکار بێت لەم کارەدا.

لە بارودۆخی گونجاوی ڕۆژانەدا بەردەوام هونەری چۆاکی - هەستەکی بێنەوە یادی فێرخوازان . مۆدێلی **«گواستنەوەی زانیار»** – ی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاربهێنە. کارتی ناساندنی وانەکان و هەروەها **«ڕێنامەی مامۆستا»** چەندین نموونە و پێشنیازیان تێدایە. دەکرێت ئەم وانەیە بە دوو دانیشتن یاخود زیاتر پێشکەش بکرێت، بەڵام نابێت مەودای نێوانیان لە دوو ڕۆژ زیاتر بێت.

## چالاکی

ئەمڕۆ دوا وانەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەخوێنین - بەڵام هەتا کۆتای ساڵ باسی هەستەکانی خۆمان و باسی چارەی کێشە هەر بەردەوامە.

ئەمڕۆ، بە مەبەستی یادکردنەوەی هونەرەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»، چالاکییەکی تایبەت دەکەین. فۆتۆکە پێشان بدە.



1. ئەم فێرخوازانە چی دەکەن؟ (بە گرووپ کار دەکەن. کارتی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» پێشان دەدن). وانەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»ی تایبەت بە خۆیان دادەڕێژن و لەگەڵ هاوپۆلەکانیاندا بەکاریان دەهێنن. ئەمڕۆ وانەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» ی تایبەت بە خۆتان، بە چیرۆک و وێنەوە دروست بکەن. پاشان دەرفەتێک وەربگرن بۆ گوتنەوەی وانەکەی خۆتان.

2. بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی گشت وانە گرنگەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» مان لەبیرە، بە کورتی چاوێک بە هەموو کارتەکاندا دەخشێنینەوە. یەکبەیەکی کارتەکان پێشان بدە و تەنها سەردێڕەکەی بخوێنەوە. لە منداڵەکان بپرسە چییان دەربارەی بابەتەکە وەبیر دێتەوە. بۆ هەر وانەیەک لە یەک خولەک زیاتر بەسەر مەبە. پۆستەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە پێداچوونەوەکەدا تێهەڵکێش بکە. بیرۆکەی فێرخوازان لەسەر کاخەزی پۆستەر تۆمار بکە.

لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»دا چەندین بابەت فێربووین. چالاکیی ئەمڕۆ بۆ ئەوەیە زیاتر لە وانەکان نزیک بینەوە. دەبین بە چەند گرووپێکەوە. هەر گرووپەی چوار کەس. هەر گرووپێک کارتی وانەیەکی تازەی تایبەت بە خۆی دادەڕێژێت. کاتێک تەواوبوون، وانەکەتان بۆ پۆلەکە دەڵێنەوە. ئەو بابەتانە بەکار دەهێنین کە لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»دا هەن، بەڵام بیر لە چیرۆکی نوێ و چالاکیی نوێ بکەنەوە.

(کارتی وانەکان بەسەر پۆلەکەدا دابەش بکە بۆ ئەوەی هەموو فێرخوازان بتوانن بە وردی بە لایەنی کەمەوە لە یەک کارت ورد ببنەوە). وەک دەبینن، کارتی وانەکان لە چوار بەش پێک دێن: چیرۆک و گفتوگۆ، ڕۆڵوازیی مامۆستا، ڕۆڵوازی یان چالاکیی فێرخواز و فۆتۆیەک. ئەو بەشەی لە ستوونی دەستی ڕاستدایە بۆ مامۆستایە. پێویست ناکات کارتەکانتان ئەم بەشەی تێدا بێت. (سلایدی ژمارە 1 پیشان بدە). ئەمە مۆدێلە بۆ پشتی کارتی وانەکەتان.

کەسایەتی بۆ چیرۆکەکەتان پەیدا بکەن و وێنەی بۆ بکێشن. ناوی کەسانی هاوپۆل بۆ کەسایەتیی چیرۆکەکە بەکار مەهێنن. هەر ئەندامێکی گرووپەکە یەکێک لە چوار بەشەکەی کارتەکە ساز دەکات: چیرۆک و گفتوگۆ، ڕۆڵوازیی مامۆستا، ڕۆڵوازیی فێرخواز، یاخود وێنە. ئەگەر دەتانەوێت دەکرێت لەبری ڕۆڵوازی چالاکی دابنێن. کاتێک تەواو دەبن، فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن پڕ دەکەنەوە. ئەمیان بۆ بیردانەوەیە لەو کارەی کردووتانە. (سلایدی ژمارە 2 پیشان بدە و بە پێوانەکەدا بچۆوە).

فێرخوازان بکە گرووپی چوارکەسی و پێنج خولەکیان بدەیە تا بڕیار لەسەر سێ بابەتی هەڵبژاردەی خۆیان بدەن. پێشکات لیست بۆ 10-12 بابەت ساز بکە ئەوان بابەتی خۆیانی لێ هەڵبژێرن.

پاش پێنج خولەک، بانگی گرووپەکان بکە بۆ ئەوەی تاکە بابەتەکەی خۆیان هەڵبژێرن. کە بابەتێک هاتە هەڵبژاردن ئیدی کەسی دیکە بۆی نییە هەڵیبژێریتەوە.

(سلایدی ژمارە 3 پێشان بدە). لە بیرتان بێت ئەمە پرۆژەیەکی گەورەیە. ئەم هەنگاوانە یاریدەرن بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە. دەبێت بە ڕیز پیادەیان بکەن. ئێستا بابەت هەڵبژێردرا و ئەوجا لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە بیرۆکە بۆ چیرۆکەکە دادەڕێژن. (ڕێنوێنییان بکە) لە بیرتان بێت هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە کاتی ئەم کارەدا لە نێو خۆتاندا بەکاربهێنن بۆ ئەوەی جێی هەمووان بێتەوە و هەموو خۆی بە بەشدار بزانێت.

لە کاتێکدا فێرخوازان سەرگەرمی بیرۆکەبارانەی وانەکانی خۆیانن، دوو پارچەی کاخەزی گەورە بەسەر گرووپەکاندا دابەش بکە. داوایان لێ بکە کاخەزەکە بکەن بە سێ پارچەوە بۆ ئەوەی هەر نووسەرێک پارچەیەکی بەر بکەوێت و خەریکی کاری خۆی بێت. پاشان پارچە نووسراوەکان دەلکێنن بە پشتی وێنەکەوە. ئەگەر لە بەشی ڕۆڵوازیدا گرفتیان هاتە ڕێ هاوکارییان بکە. بیریان بخەوە کە دەبێت:

کارتی وانەکان وەک مۆدێل بەکاربهێنن (بە تایبەتی ئەوەی وێکچووی بابەتەکەیانە).

نموونەی نێو ماڵ، فێرگە و پاش فێرگە بەکاربهێنن کە وێکچووی دۆخی چیرۆکەکەیانە.

بیر لە دوو یاخود سێ بابەت بکەنەوە بۆ بەشی ڕۆڵوازی.

لەگەڵ هەموو هەنگاوبڕینێکدا ڕێنوێنییان بکە. سلایدی ژمارە 3 بە داگیرساوی بهێڵەوە. داوا لە فێرخوازان بکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک وانەکانی خۆیان پێشانی پۆلەکانی دیکە و خەڵکی دیکەش بدەن. فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن لە یاد مەکە.

**ئەنجامگیری**

ئەم چالاکییە بیرمان دەخاتەوە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» چەند بابەتیان فێر کردووین. لەم کارەی ئەمڕۆدا کام هونەری «هەنگاو بە هەنگاو»ت بەکار هێنا؟ (بەشکردن، نۆرەگرتن، بە ئەدەبەوە نۆرەبڕین، چارەی کێشە). هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» یارمەتیمان دەدەن لەگەڵ یەکتر هەڵبکەین. کەواتە بەردەوام لە ماوەی ساڵەکەدا بەکاریان دەهێنین.

**بۆ ماڵەوە:** نامەی شەشەم: با هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوامبن.

«...»